Gillberg Christopher

کریستۆفەر گیلبێری

# ئێسێنس

## دەربارەی ئاوتیزم و دۆخی دیکەی دەمارفراژی



ESSENCE

کریستۆفەر گیلبێری Christopher Gillberg

ئێسێنس ESSENCE – دەربارەی ئاوتیزم و دۆخی دیکەی دەمارفراژی

تەرجەمەی ئاسۆس شەفیق

مشتومالّدان: مامۆستایانی پەیوەستی «جاوتەنە»: عەبدولّا عەبدولڕەحمان، سوهەیل سلێمان و ڕێژیار فاخر.

دیزاین: Hama Saatchi

پەیوەستی «جاوتەنە»، دەڤەری بیتوێن، کوردستان 2025

ئەم تەرجەمە کوردییە دیاریی نووسەرە بۆ کتێبخانەی کوردی، بۆیە لە ئینتەرنێتدا دانراوە و داگرتنی ئازادە، بۆ فرۆشتن نییە.

بۆ ڕاڤەی چەمکە کوردییەکانی ئەم تەرجەمەیە بڕوانە بەستەری:

https://komak.nu/Kurdi/Kteebkhane/KteebiKOMAK_PDF/Chemki_DemarPesheewi.pdf

Christopher Gillberg

The ESSENCE of Autism and Other Neurodevelopmental Conditions: Rethinking Co-Morbidities, Assessment, and Intervention.

Jessica Kingsley Publishers 2021.

## پێڕست


**پێشەکی------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------7**

*دەربارەی نووسەر --------------------------------------------------------------------------------------------------------7*

*دەربارەی ئەم کتێبە -----------------------------------------------------------------------------------------------------7*

**پاژی یەکەم: ئێسێنس ESSENCE چییە؟ ------------------------------------------------------------------------------------9**

*چەمکی ئێسێنس ESSENCE ------------------------------------------------------------------------------------------9*

*تەشەنەی ئێسێنس ESSENCE ------------------------------------------------------------------------------------11*

*نیشانەکانی ئێسێنس ESSENCE -----------------------------------------------------------------------------------11*

*پێشبینی------------------------------------------------------------------------------------------------------------12*

*دارشتەی ئەم کتێبە----------------------------------------------------------------------------------------------------13*

**پاژی دووهەم: ماخۆلان ADHA ------------------------------------------------------------------------------------------14**

*مێژووی ماخۆلان ----------------------------------------------------------------------------------------------------14*

*پێوەرگەلی جۆردۆزی -----------------------------------------------------------------------------------------------14*

*تەشەنە -------------------------------------------------------------------------------------------------------------17*

*هۆکار و سەدەمی مەترسیدار-------------------------------------------------------------------------------------------17*

*نیشانە ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------18*

*پرۆفایەلی کارکردی زانیارەکی------------------------------------------------------------------------------------------19*

*تیمارکاری -----------------------------------------------------------------------------------------------------------20*

*پێشبینی--------------------------------------------------------------------------------------------------------------20*

**پاژی سێهەم: ئاوتیزم Autism -------------------------------------------------------------------------------------------21**

*مێژووی ئاوتیزم -----------------------------------------------------------------------------------------------------21*

*تەشەنە --------------------------------------------------------------------------------------------------------------21*

*پێوەرگەلی جۆردۆزی ------------------------------------------------------------------------------------------------22*

*پرۆفایەلی کارکردی زانیارەکی-------------------------------------------------------------------------------------------25*

*نیشانە ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------25*

*هۆکار و سەدەمی مەترسیدار--------------------------------------------------------------------------------------------26*

*تیمارکاری ------------------------------------------------------------------------------------------------------------27*

*پێشبینی---------------------------------------------------------------------------------------------------------------28*

**پاژی چوارەم: فراژپەشێوپی هاوسەما DCD -----------------------------------------------------------------------------29**

*مێژووی DCD --------------------------------------------------------------------------------------------------------29*

پێوەرگەلی جۆردۆزی ---------- 29
تەشەنە ---------- 30
نیشانە ---------- 30
هۆکار و سەدەمی مەترسیدار ---------- 31
تیمارکاری ---------- 31
پێشبینی ---------- 31
**پاژی پێنجەم: زمانپەشێوی Speech and Language Disorders ---------- 33**
تەشەنە ---------- 33
پێوەرگەلی جۆردۆزی ---------- 33
نیشانە ---------- 36
هۆکار و سەدەمی مەترسیدار ---------- 37
تیمارکاری ---------- 37
پێشبینی ---------- 37
**پاژی شەشەم: گرفتاریی هزری ID و کۆنەواری BIF ---------- 38**
مێژووی ئاروینی IQ ---------- 38
تەشەنە ---------- 39
پێوەرگەلی جۆردۆزی ---------- 40
نیشانە ---------- 40
هۆکار و سەدەمی مەترسیدار ---------- 41
تیمارکاری ---------- 41
پێشبینی ---------- 42
**پاژی هەفتەم: پەشێویی تایبەتی فێربوون SLD ---------- 43**
تەشەنە ---------- 43
پێوەرگەلی جۆردۆزی ---------- 43
جۆرەکانی «پەشێویی فێربوون» ---------- 44
نیشانە ---------- 45
هۆکار و سەدەمی مەترسیدار ---------- 45
تیمارکاری ---------- 45
پێشبینی ---------- 46
**پاژی هەشتەم: بەرژەنگی Tourette و دۆخی دیکەی خاوەن «تیکس» tic(s) ---------- 47**
مێژووی بەرژەنگی Tourette ---------- 47
تەشەنە ---------- 47

پێوەرگەلی جۆردۆزی ---------- 47
خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ تیکس و بەرژەنگی Tourette---------- 47
نیشانە ---------- 48
هۆکار و سەدەمی مەترسیدار---------- 49
تیمارکاری ---------- 50
پێشبینی---------- 51
**پاژی نۆهەم: لاڵیی هەڵبژاردە SM ---------- 52**
تەشەنە ---------- 52
پێوەرگەلی جۆردۆزی ---------- 52
نیشانە ---------- 53
هۆکار و سەدەمی مەترسیدار---------- 53
تیمارکاری ---------- 54
پێشبینی---------- 54
**پاژی دەهەم: خواردنپەشێویی هەڵبژاردە ARFID ---------- 55**
تەشەنە ---------- 55
پێوەرگەلی جۆردۆزی ---------- 55
هۆکار و سەدەمی مەترسیدار---------- 56
تیمارکاری ---------- 56
پێشبینی---------- 57
**پاژی یازدەهەم: پەیوەستپەشێوی RAD/DESD ---------- 58**
مێژووی پەیوەستپەشێوی RAD/DESD ---------- 58
تەشەنە ---------- 58
پێوەرگەلی جۆردۆزی ---------- 58
نیشانە ---------- 61
هۆکار و سەدەمی مەترسیدار---------- 61
پەیجۆری، تیمارکاری---------- 61
پێشبینی---------- 62
**پاژی دوازدەهەم: پانس PANS و پانداس PANDAS ---------- 63**
مێژووی پانس و پانداس PAS/PANDAS---------- 63
پێوەرگەلی جۆردۆزی ---------- 63
تەشەنە ---------- 64
نیشانە ---------- 64

هۆکار و سەدەمی مەترسیدار ---------- 65
پەیجۆری ---------- 65
چارەسەر ---------- 65
پێشبینی ---------- 65

**پاژی سێزدەهەم: بەرژەنگی فێنۆتایپی ڕەفتارەکی BPS ---------- 66**

بەرژەنگی ئاوڵەمەی کوحوولزەدە FAS/FASS/FASD ---------- 67
بەرژەنگی ڤالپروات ---------- 68
ئاوسانی ڕیشاڵدەمار (NF) Neurofibromatoses ---------- 68
سەختەگرێ یان سەختەگرێی تێکبەستە ---------- 68
هەشفاندنی 22q11 ---------- 69
بەرژەنگی Prader-Willi و بەرژەنگی Angelman ---------- 69
تورتە X و بەرەبازدانی تورتە X ---------- 70
بەرژەنگی Down ---------- 71
لادانی کرۆمۆسۆمی زایەندبەخش ---------- 71
بەرژەنگی دیکە فێنۆتایپی ڕەفتارەکی ---------- 72

**پاژی چواردەهەم: پەشێویی دەمارناسەکی ND ---------- 73**

گەشکەداری ---------- 73
مێشکەفەلەج و پەشێویی دیکەی کۆنترۆڵی ماسوولکە ---------- 75
دەردەماسوولکە ---------- 75
کێشەی دیکەی دەمارناسەکی ---------- 76

**پاژی پازدەهەم: سێ نموونە لە ئێسێنس ESSENCE ---------- 77**

کوڕێکی چوار ساڵان (A) ---------- 77
کیژێکی پازدە ساڵان B ---------- 79
ژنێکی چل ساڵە C ---------- 81

**پاژی شازدەهەم: گوزەرانی پاش منداڵەتی لەتەک ئێسێنس ESSENCE دا ---------- 83**

هەرزەکارەتی puberty ---------- 83
جەوانەتی ---------- 83
ناڤسەرە ---------- 84
پیری ---------- 84
زایەندەتی ---------- 85

**پاژی هەڤدەهەم: «بنگەی ئێسێنس» ---------- 86**

زۆرجار کۆمەکی دروست دابین نییە ---------- 86

*پسپۆڕی گردەوار پێویستە - بنگەی ئێسێنس----------------------------------------------------------------------------------------86*

*دۆزینەوە / ڕووماڵکردن----------------------------------------------------------------------------------------------------86*

*پشکنین و جۆردۆزی ----------------------------------------------------------------------------------------------------87*

*کۆشان، دەستتێوەردان و تیمارکاری --------------------------------------------------------------------------------------------89*

*ئاگاداری بۆ خێزان/خول بۆ دایباب ------------------------------------------------------------------------------------------90*

*ئاگاداری بۆ کەسی خاوەن ئێسێنس -------------------------------------------------------------------------------------------90*

*ئاگاداری بۆ کەسانی دیکە -------------------------------------------------------------------------------------------------91*

*دیڤچوونی درێژخایەن ---------------------------------------------------------------------------------------------------91*

*چارەسەری تایبەت و دەرمانکاری ------------------------------------------------------------------------------------------92*

*ئاگادارکردنەوەی جڤاک ---------------------------------------------------------------------------------------------------92*

*دواگوتە ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------92*

**سەرچاوە----------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 93**

**پاشکۆی (ESSENCE-Q-REV (Gillberg C 2012------------------------------------------------------------------------------- 97**

**پەراوێز ----------------------------------------------------------------------------------------------------------------- 99**

## پێشەکی

### دەربارەی نووسەر

کریستۆفەر گیلبێری (گیلبێرگ) Christopher Gillberg پرۆفیسۆری ڕەوانسازیی[1] زارۆک و جەوانانە[2] لە زانستگەی یۆتەبۆری (گوتەنبێرگ) University of Gothenburg ی سوێد، شاپزیشکی[3] نەخۆشخانەی زانستگەی سالگرێنسکا Sahlgrenska University Hospital و دامەزرێنەری «بنگەی گیلبێری»یە[4] لە زانستگەی یۆتەبۆری.

کریستۆفەر گیلبێری یەکێکە لە تۆژەر و پزیشکە هەرە شارەزاکانی جیهان لە بواری دەمارپەشێویی فراژکاردا.[5] نێزیکەی نیو سەدەیە سەرگەرمی پزیشکی و تۆژتنەوەیە لە بواری هەڵسەنگاندن و چارەی گرفتی ئاڵۆزی ڕەوانسازی و دەمارپەشێویدا. گیلبێری خاوەن نێزیکەی هەفتسەد تۆژینەوە و چەندین کتێبە دەربارەی گرفتاریی دەمارپەشێوی. تۆژینەوەکانی گیلبێری ڕووبەرێکی بەرین دەگرنەوە لە ژێنەکی و دەمارکیمیا/فیزیۆلۆژیی بنەڕەتی، هەتا درمناسی[6] و پزیشکی کلینیکانە و هەتا چارەسەر و جۆردۆزیی تەمەنپۆش.

گیلبێری شکۆئەندامە[7] لەم دوو پەیوەستە سوێدییە وەڵاتپۆشەدا Riksförbundet Attention و Autism Sverige (Riksföreningen Autism (RFA) Autism- och Aspergerförbundet). گیلبێری بەهۆی خۆی چەندین خەڵاتی پێ بەخشراوە، وەک: H.M Konungens medalj, Fernströmpriset, Söderbergska priset و هەروەها INSAR Lifetime Achievement Award بەهۆی تۆژینەوە ڕێچکەشکێنەکانی لە بواری دەمارفراژ و دەمارڕەوانسازیدا.

گیلبێری لە چەندین زانستگەدا وەک تۆژەر و مامۆستا میوانی کارایە، بۆ نموونە: University of London, University College London, University of Glasgow, University of Edinburgh, Pasteur Institute, Kochi University, Japan, & Stellenbosch University, South Africa.

### دەربارەی ئەم کتێبە

«ئێسێنس» ESSENCE شاچەمکە بۆ جەختکردن لە ئاوێزانی چەند دۆخێکی وەک ئاوتیزم، ماخۆلان و زمانپەشێوی کە زۆرجار وەک دۆخی دابڕاو لە یەکدی سەیر دەکرێن، بەڵام چەمکی «ئێسێنس» دەڵێت «کۆگرفت»[8] هەمیشە ئامادەیە و ئەم یان ئەو دۆخە (بە نموونە «تیکس» و ماخۆلان) دەشێت لە کاتی جیاوازی فراژووتندا پتر بێنە پێشار.[9]

چەمکی «ئێسێنس» ESSENCE ئاماژەیە بەوەی دۆخی جۆراوجۆری تێهەڵکێش هەر زوو لە بەرایی تەمەندا دەردەکەون و دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی منداڵ بخرێتە بەر پەیجۆری و هەڵسەنگاندنی کلینیکانە.

لانیکەم یەک لە دە خێزانی زارۆکدار بەرتاوی «ئێسێنس»ـن. گرینگە ئێسێنس بکرێتە دەراو بۆ ئەوەی هەر زوو دۆخی منداڵەکە دیاری بکرێت. دابینکردنی کۆشانی زووی هەموارکراو دەبنە کۆمەکی خاس بۆ منداڵ و خێزان و لەویشەوە بۆ پێشبینیی باشتر بۆ تەمەنی گەورەساڵی.

کریستۆفەر گیلبێری Christopher Gillberg ی نووسەری ئەم شاکارە خۆی داهێنەری چەمکی «ئێسێنس»ـە و لەم کتێبەدا باننۆڕییەک لە ئێسێنس و لە دۆخ و نیشانەگەلی وابەستەی ئەو چەمکە ڕاڤە دەکات. ئەم کتێبە

ڕووی هەم لە تاک و خێزانی وەهایە کە لەتەک «ئێسێنس»ـدا ژیان بەسەر دەبەن، هەم لە کارمەندانی بواری وەک ڕەوانسازیی نەخۆشخانە، لۆگۆپێد،[10] توانابەخشی، بنگەی ساخلەمی، زارۆخانە و فێرگەیە. کتێبێکە بۆ گشت ئەوانەیە مەبەستیان سەردەرییە لەم بوارە.

«ئێسێنس» ESSENCE سەرەکۆی[11] وشەکانی دەستەواژەیەکی تایبەتی نووسەرە[12] بۆ: «بەرژەنگی[13] بەرایی نیشاندەر کە داوای ئاروینکاریی[14] کلینیکانە سەربە دەمارفراژی دەکەن». سەرنج بفەرموون بەم ئەلفبێیە دوو «س» سەرەتای ESSENCE دەبنە یەک «س». ئێسێنس دەبێتە سەیوانەچەمک بۆ گردکردنەوەی چەندین دۆخ و بەرژەنگی وەک: «ماخۆلان»[15] ADHD (لەگەڵ یان بەبێ بەرژەنگی «پەشێویی لاساری»[16] ODD)، ئاوتیزم،[17] بەرژەنگی Tourette[18] و دۆخی دیکەی خاوەن «تیکس» tic(s)، گرفتاریی هزری ID،[19] فراژپەشێویی هزری IDD،[20] زمانپەشێوی، فراژپەشێویی زمان،[21] فراژپەشێویی هاوسەما DCD،[22] پەیوەستپەشێوی[23] و لاڵیی هەڵبژاردە SM.[24]

## پاژی یەکەم: ئێسێنس ESSENCE چییە؟

لەمێژە دەزانین کە «گرفتاریی هزری» زۆرجار دەبێتە مایەی کێشەی گەورەی هەڵکردن و خۆگونجاندنی نێو جڤاک و تەنانەت لەم ساڵانەی دواییشدا هاتینە سەر ئەو باوەڕەی «ئاوتیزم» ـیش زۆرجار دەبێتە کۆسپێکی سەخت بۆ گوزەرانێکی خۆشڕەوت لە تەمەنی گەورەساڵیدا. بەڵام کەمتر جەخت هەیە لەسەر ئەوەی دیاردەی وەک سێرەپەرتی،[25] سەختیی پلانڕێژی،[26] سەرنجپەرتی،[27] جرپنی[28] و نەسرەوتن[29] (کە ماوەیەکە جاروبار بە «ماخۆلان» ADHD جۆردۆز دەکرێن) کە نۆنەخشەیان[30] لە بەرایی تەمەندا خویا دەبن، دەشێن هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە ببنە مایەی کێشەی ڕەوانسازانە (سەربە ڕەوانسازی) و دەرئامێزاندنی[31] جڤاکی.[32] لە ڕاستیدا «لافراژی»[33] ـی دیکەی بەرایی تەمەنی منداڵ زۆرن کە دەبنە مایەی زیادبوونی مەترسی بۆ داهێزانی دەروونسازی، کورتهێنان لە خوێندندا، دەرئامێزاندنی جڤاکی و هەروەها تاوانکاریی سەخت لە گەورەساڵیدا، بۆ نموونە:

- زمانپەشێوی Speech and Language Disorders
- فراژپەشێویی هاوسەما Developmental Coordination Disorder (DCD)
- نەرمەگرفتاریی فێربوون[34] (کە لەم سەردەم و جڤاکەی ئێمەدا [سەردەم و جڤاکی نووسەر] بە کەمسەنگ نازانرێت)
- دەرکپەشێوی[35]
- ئاکارپەشێوی[36]
- بەرژەنگ و دۆخی هەمەجۆری خاوەن «تیکس» tic(s)
- مەزاجگۆڕکێی وەها کە نۆنەخشەی لە بەرایی تەمەندا خۆیا دەبێت

ئەم لافراژییانە، وەک باوە، دوو-دوو یان زیادتریش سەر هەڵدەدەن. ئەمانە، لە بەشێکی بەرینی وەڵاتانی ڕۆژاوای ئەم سەردەمەدا، دەبنە مایەی ڕاوێژکاریی نێوان پەرستار، پزیشکی زارۆک، ڕەوانسازی[37] زارۆک، دەروونناس[38] و لۆگۆپێد. زۆرجار جەخت دەخرێتە تەنها یەک ڕووکاری[39] سەرلەبەری کێشەکە (بۆ نموونە درەنگکەوتنی زمانگرتن)، بەڵام سەرجەم کێشەکە و ئەو نێوتۆژکارییە[40] گرینگانەی سەربە جۆردۆزین[41] وێڵ دەکرێن. بۆ دابینکردنی کۆمەکی هەموار و چارەسەری هەرە باش، گرینگە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە جەخت بخاتە سەر گشت لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ئەو زارۆکە.

### چەمکی ئێسێنس ESSENCE

گرێی بەکارهێنانی سەیوانەچەمکە باوەکانی ئەم بوارە - بەتایبەتی بواری دەمارڕەوانسازی[42] و دەمارفراژی[43] - بریتییە لەوەی وەها باوە کە هەر یەک لە، بۆ نموونە ماخۆلان ADHD یان ئاوتیزم، بۆ خۆی جۆردۆزیی بنەمایە و دیاردەی «کۆگرفت» نابێتە ڕێسا. ئەوجا، ناودێرکردنی بەشێک لە کێشەگەلی ڕەوانسازانە[44] بە دەمارڕەوانسازی

کارێکی ژیرانە نییە چونکە سەرچاوەی گشت کێشەی ڕەوانسازانە دەگەڕێتەوە بۆ مێشک و بەو جۆرەش گشتیان سەربە «دەمار» neuro ن. تەنانەت Neurodevelopmental Disorders (DL) چەمکێکی فریودەرە چونکە وەهای پێشان دەدات کە پەشێوییەکە تەنێ دەمی فراژووتن پەیدایە. [بۆیە لەم تەرجەمە کوردییەدا «دەمارپەشێوی» بۆ Neurodevelopmental Disorders (DL) ڕۆنراوە].

سەرشاری ئێسێنس ESSENCE دەڵێت «کۆگرفت» هەمیشە پەیدایە، دەڵێت نیشانەکانی ئەم یان ئەو پۆلەی جۆردۆزی زۆر چاک دەشێن لە بەرایی تەمەنی منداڵێکدا ویکچوو بن، دەڵێت مەرج نییە مرۆڤ هەمیشە توانای هەبێت بڕیار بدات لەوەی کام جۆردۆزی سەردەستە (گەرچی گرینگە بڵێن کێشەیەکی ڕاستینە هەیە و دەبێت بە جۆرێک ناودێر بکرێت). هەروەها دەشێت ئەم یان ئەویان (ماخۆلان یان ئاوتیزم)، لە دەمی جیاوازی فراژووتندا، بێنە «پێشار». بۆ نموونە، هیچ سەیر نییە کە منداڵێک لە تەمەنی سێ ساڵیدا «بە پلەی یەکەم» ئاوتیزمی پێوە دیار بێت، بەڵام لە تەمەنی دە ساڵیدا ماخۆلانی پتر بۆ لەبار بێت (گەرچی نیشانەگەلی ئاوتیستانە هەر ماون بەڵام بە ئەندازەی نیشانەگەلی سەربە ماخۆلان نابنە مایەی گرفتاری).

چەمکی «ئێسێنس» لەوەشدا بێلایەنە کە هەڵوێست ناگرێت لە نێوان دەمارفراژی و دەمارڕەوانسازی، تەنها دەڵێت دۆخی نیشانەبەخشی سەرەتای تەمەنە کە داوای بڕیاری کلینیکانە دەکات.

کارکردن لە دەراوی «ئێسێنس»ـەوە وەها دەکات گشت منداڵێکی خاوەن نیشانەگەلی ئاوتیستانە و گشت منداڵێکی خاوەن نیشانەگەلی سەربە ماخۆلان دەبێت پەیجۆرییان بۆ بکرێت دەربارەی کێشەکانی دیکەی نێو دەستەی ئێسێنس. بەم جۆرە، پەیڕەوکردنی ئێسێنس، دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە چێوەی هەمان کاروباردا، زوو کۆمەک بۆ زارۆک و خێزان دابین بکرێت، وەهایش باشە ئەو کۆمەکە لەلایەن دەستەیەکی فرەپیشەوە بێت، وەک پزیشک، دەروونناس، پەرستار، پێداگۆگ و لۆگۆپێد (لەوەیشە کەسانی سەربە پیشەی دیکەش پێویست بن و هەردەم لە دەستەی وەها ئامادە بن).

فراژووتنی زانیار دەربارەی ئەوەی بە ئێسێنس ناودێرە بەرهەمی تۆژەرانی گشت دونیای ئەم چل ساڵەی ڕابوردووە. ڕێبازی کلینیکیی نوێ (وەک پرسیارنامە،[45] دیداری جۆردۆزی[46] و ڕێبازی ساختاربەندی نۆڕین)،[47] دیڤچوونی درێژخایەن، دەماردەروونی[48] (ئاروینی نوێ و فراژاندنی کۆنەکان)، ژێنسازی،[49] بانژێنۆمسازی،[50] دەمارکیمیا،[51] نێڤرۆفیزیۆلۆژی[52] و مێشکوێناندن[53] و هەروەها هاودیدی دەربارەی سنوورکێشکردنی دۆخە هەمەجۆرەکان لەگەڵ یەکدی و لە نێو یەکدی، ئەمانە گشتیان ئێمەیان گەیاندە تێگەیشتنێکی تەواو نوێ لەوەی ئێسێنس چۆن لە زۆر باردا دەبێتە یاریدەر بۆ ڕاڤەکردنی جۆردۆزییەکی تەمەنپۆش لە شکەستهێنان لە خوێندندا، شەکستهێنان لە کاردا و هەروەها لە فرەپاتبوونی هۆشپەشێوی،[54] ئالوودەبوون و تاوانکاری. دەستتێوەردان و ڕێبازی چارەسەری کۆن و نوێ خرانە بەر هەڵسەنگاندنی سیستەمبەند و ئەمەش بۆتە مایەی پەیدابوونی شێوازی پتر کاریگەر کە زادەی زانست و ئەزموونی سەلمێنراون.

گرووپێک لە تۆژەرانی بنگەی گیلبێری (گیلبێرگ) Gillbergcentrum لە شاری یۆتەبۆری Göteborg [سوێد] - لەتەک دەستەی هاوکاران لە ڕووبەرێکی بەرینی جیهاندا - لە زۆر دۆخدا ڕێبەری ئەم پێڤاژۆیە بوون. ئەم کتێبە کورتە بانوێنەیەک پێشکەش دەکات دەربارەی چەمکی ئێسێنس و ئەو پێکهاتە/نیشانەگەلەی تێیدا گرد دەبنەوە.

**تەشەنەی ئێسێنس ESSENCE**

سەرلەبەری ئێسێنس-ی بەرجۆردۆزی[55] بەرایی تەمەن - بەر لە یان دەمەو سەرەتای تەمەنی فێرگە - کە جار هەیە بە چەمکی دیکەی وەک دەمارڕەوانسازیی زارۆکان یان فراژکار، دەمارپەشێویی، پەشێویی دەمارناسەکی.[56] دەمارجودایی[57] ناودێر دەکرێن، نێزیکەی 10% ی دانیشتوانن (پێ دەچێت 13% ی کوڕان و 7% ی کچان بگرێتەوە). ئێمە دەزانین کە نێزیکەی نیوەی ئەم منداڵانە (سەدا هەشتی کوڕان و سەدا دووی کچان) چوونەتە سەردانی بنگەیەکی ساخڵەمی (تەندروستی/دەروونسازی) و کەوتوونەتە بەر پەیجۆریی پزیشک، دەروونناس یان لۆگۆپێد و زۆرجار جۆردۆزیی وەک زمانپەشێوی،[58] خاوفراژی[59] یان ئاوتیزمیان پێ دراوە. هەر بەو ئەندازەیەش «لادان»ی دیکەی نادیاریکراو لە فراژووتنی منداڵدا ئاشکرا بوون بێ ئەوەی بخرێنە چێوەی جۆردۆزییەکی تایبەتەوە. جاریش هەیە بەرسڤی دڵدەرانە دراوتە دایباب، وەک ئەوەی بنگەی-ئاوتیزم دەڵێت «منداڵەکەت ئاوتیزمی نییە لەبەرئەوە کاری ئێمە نییە» یان بەرسڤی وەک «جاریَ چاوەڕوان بە!». نیوەکەی دیکەی بەر لە تەمەنی گەورەساڵی دەدۆزرێنەوە و بە «دۆخی کێشەدار» مۆر دەکرێن و زۆرجار بە جۆردۆزیی وەک ماخۆلان، خەمۆکی، «پەشێویی دڵەڕاوکێ»[60] و «خێزانزەدە» (کێشەی سەربە خێزان) مۆر دەکرێن. هەرگیز ڕوو نادات یان دەگمەن ڕوو دەدات هەر لە سەرەتاوە خێزان ئاگادار بکرێتەوە لەوەی منداڵەکەیان کێشەیەکی ئاڵۆزی هەیە و نیشانەگەلی کێشەکە ڕێک، یان تاڕادەیەک ڕێک دێن لەتەک چەندین جۆردۆزیی سەربە دەمارپەشێویی تۆمارکراو لە DSM[61] و ICD[62] ـدا کە لە بواری ساخڵەمی (تەندروستی و دەروونسازی)ـدا بوونەتە شاڕێنامەی جۆردۆزی.

**نیشانەکانی ئێسێنس ESSENCE**

نیشانەی وەک لافراژ، ڕەفتارپەشێوی[63] یان مەزاجگۆڕکێی تیژ و مەزن، بەتایبەتی گەر چەند مانگێک دەوامەدار بن یان لەناکاو سەر هەڵبدەن و ببنە مایەی نیگەرانیی دایباب و کەسانی دیکەی دەوروبەر، زۆرجار ئاماژەن بە کێشەگەلی ئێسێنسبار (سەربە ئێسێنس). کێشەی لەم بابەتانەی نێو «خشتەی ڕەنگاڵەی ئێسێنس» پێویستیان بە هەڵسەنگاندنی فراژووتن هەیە.

| نیگەرانی دەربارەی کێشەی فراژووتنی زارۆک: | نموونە |
|---|---|
| فراژووتنی گشتی | بەگشتی درەنگکەوتن |
| بزاوتن | تۆنوس tonus[64] ی نزم، درەنگکەوتن |
| زمان و دانوستان | نەبوونی گروگاڵ، نەهاتنە گۆ یان کەمدوویی هەتا تەمەنی دوو ساڵ |
| کارلێکی جڤاکی/پەیوەندی | کەمی/نەبوونیی کارلێک، دەستپێشخەری ناکات بۆ پەیوەندسازی |
| چالاکی و جرپنی | چالاکیی پەڕگیرانەی زۆر یان کەم، جرپنیی پەڕگیر |
| سەرنجدان - سێرەگرتن | «گوێ ناگرێت»، «لەوە ناچێت ببیستێت» |
| ڕەفتار | بزاوتی کلێشەبەند،[65] دەروەستی ڕوتینگۆڕکێ نایەت |
| مەزاج | دۆخگۆڕکێ لە نێوان شاگەشکە و بێوازی[66] |
| خەو | سەختییەکی پەڕگیر بۆ خەوتن کە چەندین مانگ بخایەنێت |
| خواردن | کێشەی خورادن و دەرخوارددان کە چەند مانگێک بخایەنێت |
| بەرتەک لە دنە | بەرتەکی توند/لاواز لە ئاست دەنگ، بۆن، تیشک، دەست لێدان، ژان، ساردی، گەرمی... هتد |

«خشتەی ڕەنگاڵەی ئێسێنس»

**پێشبینی**

دیڤچوونی دوورخایەن بۆ منداڵی خاوەن هەریەک لە جۆردۆزییەکانی ئاوتیزم، زمانپەشێوی، هۆشپەشێوی، گرفتاریی فێربوون[67] یان ماخۆلان ڕوونی دەکەنەوە کە کێشە بنەڕەتییەکانی بەم جۆردۆزییانە سنووردار دەکرێن (پەشێویی کارلێکی جڤاکی، کێشەی دانوستان، گرفتاریی فێربوون، سەختەسەواد (دیسلێکسیا)،[68] فراژپەشێویی هاوسەما و پەشێویی سەرنجپەرتی) زۆرجار دەمێنن و لە تەمەنی گەورەساڵیدا یەکبین دەبن، تەنانەت ئەوانەیش کە «پێوەری جۆردۆزیی تەواو پڕ ناکەنەوە» (نێزیکەی نیوەی دۆخەکانی لەم بابەتەن). ئێستا دەشزانین کە مەرگ[69] لە نێو ئەم کەسانەدا زیادی کردووە بەڵام هێشتا زۆربەیان تەمەنێکی درێژ بەرێ دەکەن.

بەگشتی تۆژینەوە دەڵێت نێزیکەی پێنج لە سەدی گەورەساڵی گەل هێشتا کێشەی وەهای ئێسێنسباری هەیە کە بەرجۆردۆزییە و چەند بەشێکی دیکەشی کێشەی بنەڕەتیی وەهای هەیە کە هێشتا هەر مایەی گرفتارییە.
زۆربەی گەورەساڵی خاوەن ئێسێنس پێوەری دیکەش دەیانگرێتەوە کە جۆردۆزیی دیکەیان بەدەمەوەیە، وەک خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، ژانداری، پەشێویی کەسایەتی[70] (دژەجڤاک،[71] فۆبیاپەشێوی،[72] ڕاڕایی[73]... هتد) و ئالوودەبوون. بەشێکی ئەم کەسانە لە تەمەنێکی بەرایی گەورەساڵییەوە ناچاری دەرماڵەی بێکاری، خانەنشینی و دەرماڵەی جڤاکی دەبن. بەشێکی بەرین لەوانەی ماخۆلانیان هەیە (نێزیکەی بیست لە سەد) دەکەونە بەر «چاودێریی تاوانکاری» (کە تێیدا 70-30 لە سەد خاوەن جۆردۆزیی ماخۆلانن)، بەگشتی بەهۆی هەڵچوونی شەڕەنگێزانەی جرپنانە و تاوانی سەربە دەرمانی هۆشبەر.

دەشبێت ڕوونی بکەمەوە کە دەشێت ئایەندەی کەسانی خاوەن گرفتاری ماخۆلان و ئاوتیزم «باش» بێت بەتایبەتی ئەگەر زوو جۆردۆزی و ئاگاداری بۆ خێزان دابین بکرێت و بە دیڤچوون کۆمەک بکرێن. زۆر کەسی نێو ئەم دوو دەستەیە خاوەن بەهرەی بەهێزی هونەرمەندانەن، «بیرکردنەوەی سنووربەزێن»[74]یان هەیە و «بەگشتی ئافرێنەر»ن. هەم ئەوانەی پەرگیرانە جرپنن (وەک ماخۆلان و بەرژەنگی Tourette) و هەم ئەوانەی پەرگیرانە وابەستەی «خوو»ن (وەک ئاوتیزم و خووپەشێوی OCD)،[75] گەر کۆمەکی هەموارکراو دابین بێت، دەشێن ببنە کارساز، هونەرمەندی بواری جۆراوجۆر و هەروەها تۆژەری زانستی.

**داڕشتەی ئەم کتێبە**

لەم کتێبەدا، هەر یەک لەو بەرژەنگانەی لەژێر سەیوانی «ئێسێنس»ـدا گرد دەبنەوە، لە پاژێکی سەربەخۆدا دێنە بەرباس. «بەرژەنگ» لەم بەستێنەدا ئاماژەیە بە لادان لەو شێوە جۆراوجۆرانەی بە ئاسایی دادەنرێن، ئەمیان لەتەک نیشانەگەلی وەهادا خویا دەبێت کە تاڕادەیەک مایەی پێشبینین. هەر بەرژەنگێک بەتەنێ و جودا لەوانەی دیکە دێتە ڕاڤەکردن. ڕاستییەکەی، وەک زووتر باسی هات، مژاری «پەتی» (بەرژەنگی تاکوتەرا و سنووربەست) دەگمەنن. هەر بۆ نموونە، هەشتا لە سەدی زارۆکی فێرگە کە ماخۆلانیان هەیە، لانیکەم یەک جۆردۆزیی دیکەی ئێسێنسباریان پێ دراوە و سەد لە سەدی ئەو منداڵانەی تەمەن زارۆخانە کە گرفتاری ئاوتیزمن، جۆردۆزییەکی دیکەی سەربە پزیشکی، ڕەوانسازی یان دەمارناسییان پێ دراوە. زۆربەی دۆخەکانی نێو ئەم گرووپە لە نێو کوڕاندا پتر باون، بەڵام باویشە کە جۆردۆزیی ساڵانی بەرایی تەمەنی کچان هەڵەوپەڵەی کەم نییە.

پاش ڕاڤەکردنی ئەم بەرژەنگانە، نموونە دەهێنمەوە لە سێ دۆخی جیاوازی ئێسێنس، پوختەیەک لە پێشبینیی گوزەرانی کەسانی ئێسێنسبار پێشکەش دەکەم و هەروەها باسێک لە چۆنەتیی سازدانی بنگەی تایبەت بە ڕیشەدۆزی و چارەسەرکردن دەخەمە ڕوو.

## پاژی دووهەم: ماخۆلان ADHA

### مێژووی ماخۆلان

ماخۆلان ساڵی 1987 لە وەشانی DSM-III-R[76] بە ADHD ناودێر کرا. بەر لەوە چەمکی دیکە بەکار دەهێنران وەک:

- «پەشێویی سەرنجدان»، (Melchior Adam Weikard, 1775)،
- «نەسرەوتیی هۆش» (Alexander Crichton, 1798)، «کەماسیی ئاگایی ئاکارەکی و کورتهێنانی سەرنجدان» (George Still, 1902)
- Minimal Brain Dysfunction (MBD)
- Deficits in Attention, Motor control and Perception (DAMP)
- Attention Deficit Disorder (ADD)

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ ماخۆلان، دواجار ساڵی 1994 بژار کرایەوە:**

**A.** ماخۆلان بریتییە لە نەخشێکی یەکبین لە «سەرنجپەرتی و/یان جرپنی-فرەبزێوی» کە تاوی ناپاو (نێگەتیڤ) ی هەیە لەسەر توانستی کار یان فراژووتن کە لە یەک یان هەردووک ئەم خاڵەدا خویا دەبێت:

1. **سەرنجپەرتی:** لانیکەم شەش لەم نیشانەگەلە هەرنەبێت شەش مانگ بە پلەیەکی ناتەبا لەتەک ئاستی فراژووتندا خویا دەبن. نیشانەکان تاوی ڕاستەوخۆی ناپاویان هەن لەسەر چالاکیی جڤاکی و چالاکیی سەربە خوێندن و کار.

**سەرنج:** نیشانەکان بریتی نین تەنها لە خویابوونی بەرهەڵستکاری، بەرەنگاربوونەوە، نەیاری و کزیی توانای تێگەیشتن لە فەرمان و ڕێنوێنی. لای هەرزەکاری هەڵکشاوتر و گەورەساڵان (کەسانی سەروو هەڤدە ساڵ) مەرجە لانیکەم پێنج نیشانە هەبن.

a) بەگشتی سەرنج ناداتە وردەکاری، هەڵەی کەمتەرخەمانە دەکات لە فێرگە و کار و چالاکیی دیکەدا (وەک خەمسارد لە کاردا و بەهەند نەگرتنی وردەکاری).

b) زۆرجار لای سەختە بەردەوام بێت لە سەرنجدان لە وازیکردن و لە کاردا (بۆ نموونە لای سەختە بەردەوام سێرەگیر بێت کاتی وانە، ئاخافتن و خوێندنەوەی تاڕادەیەک کەمێک درێژخایەن).

c) زۆرجار پێ دەچێت گوێی لە گوتەی ئاڕاستەکراویش نەبێت (بۆ نموونە خەیاڵبردەڵە بێت تەنانەت بێ ئەوەی هیچ بابەتێکی سەرنجڕاکێش لە ئارادا بێت).

d) دەگمەن نەبێت پەیڕەوی ڕێنوێنی ناکات و کورتی دەهێنێت لە ئەنجامدانی ئەرکی فێرگە، کاروباری نیو ماڵ یان ئەرکی کار (بۆ نموونە دەست دەداتە کارێک بەڵام هەر زوو سێرەپەرت و سەرنجشاش دەبێت).

e) زۆرجار لای سەختە ئەرک و چالاکییەکانی خۆی کۆک بکات (بۆ نموونە لای سەختە ئەرکی فرەلایەن ئەنجام بدات؛ کەلوپەل، ئامراز و پێویستییەکانیان ڕێک بخات؛ کاری ناڕێک و شپرزەیە؛ توانای دابەشینی کاتی نییە؛ ناتوانێت چێوەی کات ڕابگرێت).

f) بەگشتی کارێکی پێ خۆش نییە داوای خۆڕاگریی هۆشەکی لێ بکات و خۆی لێ دەدزێتەوە (بۆ نموونە، ئەرکی فێرگە و ماڵەوە بۆ منداڵ؛ یان داواکاریی وەک ئامادەکردنی ڕاپۆرت، پڕکردنەوەی پرسیارنامە و خوێندنەوەی تێکستی درێژ لە هەرزەکار و گەورەساڵ).

g) زۆرجار کەلوپەلی وەهای لێ بزر دەبێت کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی ئەرک و چالاکی (وەک کەرەستەی خوێندن، پێنووس، کتێب، ئامراز، کیفی گیرفان، کلیل، چاویلکە و مۆبایەل).

h) زۆرجار بەئاسانی بە دنەی دەرەکی خەیاڵپەرت دەبێت (بۆ هەرزەکاری هەڵکشاوتر و گەورەساڵان لەوەیە بیرۆکە و خەیاڵی نابەجێ بگرێتە خۆ).

i) زۆرجار لە گوزەرانی ڕۆژانەدا فەرامۆشکارە (بۆ ئەنجامدانی ئەرک و چالاکی؛ بۆ کەسانی هەرزەکاری هەڵکشاو و گەورەساڵان دەبێتە فرامۆشکردنی: دیڤچوون بۆ پەیامێکی دەنگی؛ پارەدانی ڕاژە و کاڵای کڕدراو؛ ئامادەبوون لە جڤینی پێشکات بڕیاردراودا).

2. **جرپنی و فرەبزێوی:** لانیکەم شەش لەم نیشانەگەلە هەرنەبێت شەش مانگ بە پلەیەکی ناتەبا لەتەک ئاستی فراژووتندا خویا دەبن. نیشانەکان تاوی ڕاستەوخۆی نایاویان هەن لەسەر چالاکیی جڤاکی و چالاکیی سەربە خوێندن و کار.

**سەرنج:** نیشانەکان بریتی نین تەنها لە خویابوونی بەرهەڵستکاری، بەرەنگاربوونەوە، نەیاری و کزیی توانای تێگەیشتن لە فەرمان و ڕێنوێنی. لای هەرزەکاری هەڵکشاوتر و گەورەساڵان (کەسانی سەروو هەڤدە ساڵ) مەرجە لانیکەم پێنج نیشانە هەبن.

a) بەگشتی سرەوتنی دەست و پێی بە لاوە سەختە یان ناتوانێت بەئارامی لەسەر کورسی دانیشێت.

b) زۆرجار جێگەی خۆی لە دۆخی وەهادا جێ دەهێڵێت کە دەبا ماوەیەکی درێژتر لە جێی خۆی دانیشێت (وەک: ژووری پۆل و جێی کار یان دۆخی دیکەی هاوشێوە).

c) بەگشتی خەریکی ڕاکەڕاکە، خۆلکاندن و خۆهەڵگژانە لە دۆخی نالەباردا (لای هەرزەکاری هەڵکشاوتر و گەورەساڵان لەوەیە تەنها لە هەستێکی نەسرەوتانەدا بمێنێتەوە).

d) بەگشتی ناتوانێت بە ئارامی وازی بکات و خۆی شاد بکات.

e) هەردەم «پەلەیەتی» و «گورجەڕۆ»یە (بۆ نموونە: لای سەختە و ناتوانێت لە جقین و سەردانی ئاشخانەدا بسرەوێت و ئارام دانیشێت؛ لەلایەن دەوروبەرەوە بە نەسرەوت و تیژڕەو سەیر دەکرێت).

f) بەگشتی زۆربڵێ و چەنەدرێژن

g) زۆرجار بەرسف دەردەپەڕێنێت بەر لەوەی ئاخێوەر پرسیارەکەی تەواو کردبێت (بۆ نموونە دەکەوێتە پڕکردنەوە و تەواوکردنی گوتەی کەسی بەرانبەر؛ ناتوانێت چاوەڕێی نۆرەی خۆی بێت لە ئاخافتندا).

h) بەگشتی توانای چاوەڕوانیی نۆرەی خۆی نییە (بۆ نموونە لە ڕیزگرتندا).

i) بەرانبەر کەسانی دیکە زۆرجار گوتەبڕی و سنووربەزێنی دەکات (وەک: خۆی دەخاتە نێو گفتوگۆ، گەمە و چالاکیی کەسانی دیکەوە؛ بێ داواکردنی مۆڵەت دەست دەبات بۆ کەلوپەلی کەسانی دیکە؛ لای هەرزەکاری هەڵکشاوتر و گەورەساڵان: بۆ نموونە خۆهاویشتنە نێو و داگیرکردنی چالاکیی کەسانی دیکەیە).

**B.** چەندین نیشانەی «سەرنجپەرتی و/یان جرپنی-فرەبزێوی» بەر لە تەمەنی دوازدە ساڵی خویا دەبن.

**C.** چەندین نیشانەی «سەرنجپەرتی و/یان جرپنی-فرەبزێوی» لانیکەم لە دوو بواری جیاوازدا خویا دەبن (بۆ نموونە لەنێو خێزان، فێرگە یان کاردا؛ لە هاودەمیی دۆست و کەسانی نێزیکدا؛ لە چالاکیی دیکەدا).

**D.** بەڵگەی ڕوون هەیە کە نیشانەکان دەبنە مایەی داهێزان یان تێکدانی جۆرایەتیی توانستی کار لە جڤاک، خوێندن یان کاردا.

**E.** نیشانەکان تەنیا لەتەک شیزۆفرینیا[77] یان دەردێکی دیکەی دەروونیدا نایەن و ڕاڤەکردنیان باش نابێت لەگەڵ ناسازییەکی دیکەی دەروونیدا (وەک مەزاجپەشێوی،[78] بەرژەنگی دڵەڕاوکێ، پەشێویی لێکدابڕان،[79] پەشێویی کەسایەتیی ڕاڕا، بەرژەنگی وازهێنان[80] و هەروەها ژەهراویبوون بە کەرەستەی هۆشبەر).

لەنێو ماخۆلاندا چەند پادەستەیەک هەن:

1) پەشێویی سەرنجپەرتی ADD[81]

2) جرپنی-فرەبزێوی[82]

3) تێکهەڵکێشی ئەو دوو جۆرەی سەرەوە

پێوەرەکان لە سەرەوە باسیان هات. جار هەیە جۆردۆزییەک مۆر دەکرێت گەرچی گشت پێوەرەکانی ئەو جۆردۆزییە ئاشکرا نین، بۆ نموونە کاتێک تەواو ئاشکرایە کە نیشانەکان لە تەمەنی منداڵیدا هەن بەڵام پاشان بەشێکیان تەواو دیار نین. فرەبزێویی ڕەها گەر سەرنجپەرتیی لەگەڵ نەبێت لەوەیە پتر سەربە جۆری کەسایەتی بێت و کەمتر وابەستەی گرفتاری (داهێزانی کارکرد) بێت. پادەستەی «تێهەڵکێش» ئەمڕۆ هەر زوو لە تەمەنی

زارۆخانەدا دیاری دەکرێت، بەڵام گەر کێشەکە تەنها «سەرنجپەرتی» بێت ئەوا بەگشتی لە تەمەنی فێرگە یان دواتر ئەوجا جۆردۆز دەکرێت (بەتایبەتیش زۆرجار گەر باس لە جۆردۆزیی کیژان بێت).

**تەشەنە**

زۆر تۆژینەوەی گشت لایەکی جیهان پێشانی دەدەن کە 7-3 لە سەدی زارۆکانی فێرگە پێوەرەکانی ماخۆلان پڕ دەکەنەوە. چەند تۆژینەوەیەکی کەمتر هەن پێشانی دەدەن کە ئەو ڕێژەیە لای گەورەساڵان دەگاتە 5-2 لە سەد. هەڵبەت جۆری ئەو پێوەرگەلەی لە تۆژینەوەکاندا بەکار دەهێنرێت کار دەکاتە سەر زۆریوکەمیی ڕێژەکان. لای زۆربەی ئەو زارۆکانەی جۆردۆزیی ماخۆلانیان هەیە، گەرچی نیشانەکان لە گەورەساڵیدا هێند ڕوون و فرەپات نەبن بەڵام کێشەکانیان تەمەنپۆش دەمێنن.

کوڕان زیادتر لە کچان تووش دەبن، بەڵام کچان و ژنان جۆردۆزییان کەمتر بۆ دەکرێت و ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەو وێنە نادروستەی دەڵێت کچان کەمتر تووش دەبن. تۆژینەوە هەن پێشانی دەدەن کە لای گەورەساڵان دەرکەوتنی ماخۆلانی تەمەنپۆش، لای پیاوان نێزیکەی دوو هێندەیە لەچاو ژناندا. لای منداڵی زارۆخانە و ساڵانی بەرایی فێرگە، کوڕان تەواو زیادترن لە کیژان، چوار-پێنج کوڕ بەرانبەر یەک کیژە.

ماخۆلان، لە ژینگەی دەروونجڤاکیی[83] بەرشکەستدا،[84] هەم پتر باوە و هەم تێهەڵکێشی «ڕەفتارپەشێویی»ـی جۆراجۆر دەبێت. ماخۆلان لە هەموو کیشوەرەکان هەیە و پێ دەچێت لە گشت ئەو وەڵاتانەی تۆژینەوەیان تێدا کراوە بڵاوبوونەوەی تاڕادەیەک هەمان وێنەی هەیە.

**هۆکار و سەدەمی مەترسیدار**

ماخۆلان بە پلەیەکی بەرز زگماکە. فرە تۆژینەوە لە جمکە (دووانە) هەن پێشانی دەدەن کە میراتبەندی[85] لای ماخۆلان دەگاتە 80-70 لە سەد. ئەو ژێن (جین) ـانەی بازدانیان تێدا بووە یان «جیاوازەژێن»ـن[86] لە دۆخی ماخۆلاندا بەستەریان هەیە بە چەندین بابەتەوە، لەوانە سیستەمی «سیگنالڕاگویز»[87] لە مێشکدا کە دۆپامین،[88] نۆرئادرینالین،[89] گلوتامات،[90] مێلاتۆنین،[91] بەکار دەهێنێت.

تاوی نایاوی ژینگەیی لە ماوەی دووگیانی و ساڵانی بەرایی تەمەندا مەترسیی ماخۆلان زیاد دەکەن، بۆ نموونە کوحوول لە کاتی دووگیانیدا، بەشێک لە چڵککردن،[92] نەوەکامی،[93] گرژی و چارەسەری دەمی بەرایی زان (بۆ نموونە بە تیشک، ژەهراندن و هۆرمۆن) وەک دژەدەرمان بۆ دەردی دڕەشێرپەنجەی[94] بەرایی تەمەن.

زۆرجار هۆکاری میراتبەندی و تاوی نایاوی ژینگە تێهەڵکێش دەبن. ژینگەی دەروونجڤاکیی نایاو دەبێتە هۆکار بۆ هەڵکشانی مەترسیی لاساری، دڕی و جۆری دیکەی پەشێویی ڕەفتار، بەڵام کێشە بنەڕەتییەکە وابەستەی جوداوازی و لادانە لە کارکردی مێشکدا و ئەمەش بە پلەی یەکەم گرێدراوی دەروونجڤاکی نییە.

بەشێکی مێشک، لای بەشێک لە کەسانی خاوەن ماخۆلان، بارستی بچووکترە یان کەمتر بڕستە. ئەمیان بە پلەی یەکەم تەوێڵەپل،[95] بنەگرێ،[96] مێشکەبەستەر[97] و مێشکۆڵە[98] دەگرێتەوە. بەگشتی سیستەمی پاداشت[99] لە مێشکدا لاواز دەبێت و ئەوەش دەبێتە هۆی هەستکردن بەوەی زۆر بابەتی ژیان واتابەدەر و بێتامە (بەتایبەتی

ئەوەی پێویستی بە کۆشانی هۆشەکی و بە خۆڕاگری هەیە)، ئەمەش لەوەیە ببێتە مایەی ڕەفتاری سەرچڵانە و مەترسیدار و هەروەها ئالوودەبوونی جۆراوجۆر.

**نیشانە**

**نیشانە لە بەرایی تەمەندا**

نیشانە بەراییەکانی ماخۆلان بریتین لە بزاوتی جیاواز، زوو پێگرتن (لە 9-8 مانگیدا)، درەنگ پێگرتن (تەنانەت پاش 18 مانگی)، سەرنجپەرتی، درەنگ زمانگرتن (زمانپەشێوی)، خەوپەشێوی،[100] مەزاجپەشێوی، جرپنی/فرەبزیوی و هەروەها هۆشنەشکان بە مەترسیی ڕاستینە.

لاساریی پەڕگیر، هەڵچوون، نایەتبینی[101] و شەڕەنگێزی لە بەرایی تەمەنەوە دیسان نیشانەی فرە باون و دەشێن بگەن بە جۆردۆزیی «پەشێویی لاساری» ODD. ئەم کێشەگەلەی دوایی ماخۆلان ئاماژە دەدەن بە هەڵکشانێکی بەرز لە مەترسی «ئاکارپەشێوی» (کە بریتییە لە ئاکار و کردەی توندی جڤاکی، وەک دزی و دڕیی پەڕگیر) و پاشان فراژووتنی جڤاکنەویستانەی کەسایەتی، کە ئەمیش دەبێتە مایەی مەترسییەکی گەورە بۆ جرپنی و تاوانکاریی سەربە ماددەی هۆشبەر، جاری دەگمەنیش هەیە دەگاتە دڕی لە سۆزیارەتیدا. بەڵام هێشتا ڕوون نییە گەر ODD بە کێشەیەکی «دەمارفراژی»ی سەربەخۆ یان بە ئادگارێکی کەسایەتی و مەزاج یان بە ئاماژە بۆ کێشەی بنەڕەتیی سەربە دەمارڕەوانسازی (بۆ نموونە ماخۆلان) سەیر بکرێت.

لە گرووپی بزاوتپەشێوی[102] و زمانپەشێویی زوودا (بەرایی تەمەن) باوە کە ئادگارە سەردەستەکانی ماخۆلان بریتین لە دژواریی سەرنجدان، خامۆشی،[103] خەیاڵپەرشی و سستی (ئەوی جاروبار لەژێر سەیوانی ADD-دا گرد دەکرێنەوە).

**نیشانە لە ساڵانی بەرایی فێرگەدا**

زۆرجار مرۆڤ کە دەگاتە تەمەنی فێرگە ئەوجا ماخۆلانی وەک کێشەیەکی جیددی لێ خویا دەبێت. کاتێک سرەوتن، ماوەی درێژخایەن بۆ سێرەگیری و فێربوون دەبنە بەشێک لە گوزەرانی ڕۆژانەی فێرگە ئەوجا نەسرەوتن، «جیوەی تێدایە»،[104] کێشەی سێرەگیری، مەیلی زوو بێزاربوون، هۆشپەرتی،[105] چەنەدرێژی و دەمەوەری دەبنە خەسڵەتی کێشەساز هەم بۆ کەسەکە خۆی و هەم بۆ دەوروبەر. لەوە بترازێت، کورتهێنان لە جڵەوگرتنی جرپنیدا و مەیلی هەڵچوون لە ئاست کورتهێنان و مەرجسەپێنیدا برەویان هەیە. خۆڕاگری زۆربەی جار لاوازە. بەشێک لەو زارۆکانە پەڕگیرانە جرپن و فرەبزێون، هەیشە پتر «هۆشپەرت»، «خەیاڵبردە»، «لە جیهانی خۆیدا»یە و «خەوخۆش»ـە. زۆرێک لە منداڵانی خاوەن ماخۆلان جۆلانێیانە لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا و جۆردۆزیی «ماخۆلانی جۆری تێهەڵکێش»یان پێ دەدرێت.

کیژانی سەربە ماخۆلان و هەروەها کیژان بەگشتی، لەچاو کوڕاندا کەمتر فرەبزێون. ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ کەمتر ڕەچاوگرتن و کەمتر جۆردۆزاندن بە ماخۆلان. ڕاستە کیژ هەیە فرەبزێویی تێدا پەڕگیرە بەڵام فرە

چالاکییەکەی زۆرجار دەبێتە چەنەدرێژی، کزیی توانای بێدەنگبوون و جووڵەی بەردەوامی دەست و پەنجە، نەک بزۆزیی توندی «ڕاکەڕاکە»ی نێو دەوروبەر وەک ئەوەی لە کوڕانی سەربە ماخۆلان خویا دەبێت.

## نیشانە لە هەرزەکاریی هەڵکشاوتر و لە گەورەساڵیدا

فرەبزێویی درشت (گەر هەر لە سەرەتاوە بوونی هەبووبێت)، لای زۆر کەسی خاوەن ماخۆلان، بەدەم تەمەنەوە خەفە دەبێت. بەڵام زۆرجار هەستێک دەمێنێت بە فرەچالاکی، نەسرەوتی، شڵەژان[106] و «هەستیاریی سترێس». زۆرێک لەوانەی داوای چارەسەری ئەم نیشانانە دەکەن بە «فرەنیگەران» و/یان ژاکاو[107] سەیر دەکرێن. کارێکی بەداخەوە ئاسانە کە پیشەوەرێکی لەم بوارەدا کەمئەزموون، پزیشکی گشتی یان ڕەوانسازی گەورەساڵان، بکەوێتە جۆردۆزییەکی سەربە دڵەڕاوکێ یان خەمۆکی لەبری جۆردۆزیی ماخۆلان. ئەمەش کارێکی تەواو زیانبەخشە چونکە لەبارترین چارەسەر (وەک دەرمانی «دنەدەری شاکۆئەندامی دەمار»[108] و ڕاهێنانی هەمەجۆری هۆش و لەش) لە زۆر باردا ڕێک پێچەوانەی چارەسەری پێویستە گەر کێشە بنەڕەتییەکە سەربە دڵەڕاوکێ بێت (وەک «دەرمانی ئارامکەرەوە»،[109] «دەرمانی شادیهێن»[110] و پشوودان).

سەختیی سێرەگیری و داهێزانی توانستی پلانڕێژی (وەک پلانڕێژیی کات) وەک شانیشانە لای نێزیکەی گشت ئەو کەسانە بە درێژایی تەمەن دەمێنن. زۆرگۆیی و ئاڵۆزیی زێدەڕۆ و هەروەها سەختیی بەشداربوونی خێرا لە گفتوگۆدا، یەکجار باون.

زۆرێک لەوانەی ماخۆلانیان هەیە، لە تەمەنی گەورەساڵیدا، داوای کۆمەکی پزیشک دەکەن بۆ وەرگرتنی دەرمانی ئازارشکێن و لەوانەشە جۆردۆزیی فیبرۆمیالگیا[111] وەربگرن. خەوپەشێویی جۆراوجۆر (خەولێنەکەوتن، زوو بێداربوون، زیادبوون و کەمبوونی خەوهاتن، تێکچوونی ڕیتمی ڕۆژوشەو) لای زۆرینەی ئەم کەسانە پەیدا دەبن. لەوانە بترازێت، خەوخنکان[112] و نارکۆلێپسی[113] لە نێویاندا فرە باوە.

گرفتارانی ماخۆلان گەر نەخۆشیی دیکەی درێژخایەنیان هەبێت - وەک شەکرە،[114] پەرکەم،[115] دەردەڕیخۆڵە، بەرهەنگ[116] یان قەڵەویی زێدەڕۆ - زۆرجار بە «چارەسەخت» دادەنرێن، بەڵام ئەمانە ئەگەر چارەسەری ماخۆلان وەربگرن، ئەوا چارەسەری دەردەکانی دیکەیان ئاسانتر دەبێت.

## پرۆفایەلی کارکردی زانیارەکی[117]

«ئارویینی دەماردەروونی»،[118] بۆ زارۆک و گەورەساڵی خاوەن جۆردۆزیی ماخۆلان، ئەنجامی بەرین پیشان دەدات هەر لە «گرفتاریی هزری»یەوە هەتا «بلیمەتی».[119] ئەم پرۆفایەلە زۆرجار (بەڵام دوور لە هەمیشە) ناڕێکە و خراپترین ئەنجامیش لە ئارویینی لاوەکیدایە کە خەریکی پێواندنی سەرنجدان، خێرایی، یادگە و بزاوتنە.

نێزیکەی نیوەی گشت گرووپەکە ئاستێکی نزم پیشان دەدەن. ئەنجامەکان زۆرجار لە جۆردۆزیی کەمبەهرەیی یان گرفتاریی هزریدا گرد دەبنەوە. ئەم جۆردۆزییەی گرفتاریی هزری لەم ڕۆژگارەدا برەوی نییە و لەبری ئەوە دەخرێتە خانەی جۆردۆزیی ماخۆلانەوە، بەڵام بەشێکی زۆری منداڵی خاوەن جۆردۆزیی ماخۆلان لەڕاستیدا گرفتاریی هزرییان هەیە.

**تیمارکاری**

ئەمڕۆ بۆ سەودا لەتەک ماخۆلاندا ڕێبازی چارەسەری چوست و کۆمەکی سەربە دەروونفێرکاری[120] بەردەستن: ئاگاداری، فێرکاریی هەموار، ڕاهێنانی دیژیتاڵانەی یادگە (گەرچی تۆژینەوەمان نییە دەربارەی تاوی درێژمەودا)، وەرزشی بەرەنگاریی[121] «لاشەر» (وەک کاراتێ، جودۆ، کەندۆ و ئایکیدۆ)، دەرمانی «دنەدەری شاکۆئەندامی دەمار» و «ڕێبەستی هەڵمشتنەوەی نۆرئادرینالین».[122] تۆژینەوەش هەن پێشانی دەدەن کە پێدانی ئۆمێگا-سێ[123] لە چەند دۆخێکدا دەشێت تاوی ئاپاوی هەبێت، هەم لەسەر توانستی سەرنجدان و هەم لەسەر توانستی فێربوون (Jonsson et al., 2009, 2017).

گەرچی کاریگەریی ئەو چارەسەرانە لەسەر جۆردۆزیی تەمەنپۆشی ماخۆلان، ئاشکرا نییە بەڵام ئەوە نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی بەم زانستەی ئێمە ئەمڕۆ هەمانە پشت بکەینە جۆردۆزی و چارەسەری ماخۆلان بە بیانووی نەبوونی تۆژینەوەی وەها کە 30 ساڵ یان زیادتر دەگرێتەوە.

کێشەکە لەڕاستیدا بریتییە لەوەی ماخۆلان زۆرجار تێهەڵکێشی پۆلێک نیشانە و کێشەی دیکەی ئێسێنسبارە و زۆرێک لەوانە داوای چارەسەری جودا و تایبەت دەکەن - بۆ نموونە بزاوتپەشێوی، زمانپەشێوی، سەوادپەشێوی (کێشەی خوێندنەوە و نووسین) و هەروەها نیشانە باوەکانی ئاوتیزم.

**پێشبینی**

ماخۆلان بەگشتی گرفتاری/کاکردجودابیەکی[124] تەمەنپۆشە. تەنانەت لەو دۆخانەدا کە نیشانە ڕواڵەتییە هەرە ڕوونەکانیش بەدەم کاتەوە خەفە دەبن، کێشەی وەک دڵەڕاوکێ، سەختیی سێرەگیری، پلانڕێژی و یادگە هەتا تەمەنی پیری یەکبین دەمێنن.

بزاوتپەشێوی و زمانپەشێوی ئاماژەن بە هەڵکشانێکی بەهێز لە مەترسیی پەیدابوونی کێشەی فێرکارانە و پاشان پەراوێزکەوتن لە بازاڕی کاردا. زۆرجاریش ئەم کێشانە دەبنە هۆکار بۆ «دەردەپشوو»[125]ی درێژخایەن و خانەنشینیی پێشکات (Rasmussen & Gillberg, 2000).

وەک زووتر باسی هات، چەندین کۆگرفتی دیکەی لەشەکی، جڤاکی و ڕەوانسازی هەن کە بەدەم تەمەنەوە سەر هەڵدەدەن. مەرگ فرە زیادی کردووە بەڵام نازانین ڕێک چەند. گەر چارەسەر نەبێت پێشبینیی گەش نییە لانیکەم بۆ نیوەی ئەو کەسانەی لە بەرایی تەمەندا نیشانەی سەختی ماخۆلان لایان خویا دەبێت.

جۆردۆزیی دروست و چارەسەری لەبار دەرفەت فەراهەم دەکەن بۆ زۆر کەس گوزەرانێکی باشیان هەبێت و تەنانەت سەرکەوتوو بن لە بواری جۆراوجۆردا.

ماخۆلان یەکێکە لە هەرەشە هەرە مەزنەکانی ئەم سەردەمەی دژ بە ساخلەمیی گەل. بەڵام جۆردۆزییش هیوابەخشە - بەمەرجێک ببێتە مایەی تێگەیشتن، هەوڵدان و چارەسەر.

## پاژی سێهەم: ئاوتیزم Autism

### مێژووی ئاوتیزم

دەشێت ئاوتیزم هەزاران ساڵ تەمەنی هەبێت، من لێرەدا چەند نموونەیەکی لێ باس دەکەم. Uta Frith ی توێژەری ناوداری ئاوتیزم، نووسینی هەیە دەربارەی Brother Juniper ی ڕەبەن کە لە سەدەی سێزدەهەمدا یەکێک بووە لە فێرخوازەکانی Francis of Assisi ی پیرۆز. ڕاڤەکەی ئەم ڕەبەنە ڕێک دێت لەگەڵ دیدی ئەم ڕۆژگارەمان بۆ ئاوتیزمی «نموونەیی». نووسین هەن لە دەمەو بنەتای سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا باس لە زارۆکی «کێوی» دەکەن کە گۆیا «پەروەردەی» گیانەوەری دارستانن. ئەمڕۆ با، ڕەفتاری ئەو زارۆکانە بە ئاوتیزمی نموونەیی پۆلێن دەکران. Jean Itard لە «کوڕە کێوییەکەی دەڤەری Aveyron»دا ڕاڤەیەکی ورد دەربارەی یەک لەو زارۆکانە دەنووسێت. ڕەوانسازی نەمسایی Theodor Heller ساڵی 1908 دۆخی سەربە «دیمێنسی ساوا»[126] ڕاڤە دەکات، کە پێم وەهایە ئەمڕۆ با بە «ئاوتیزمی پشتەڕەو»[127] دادەنرا. دەمارناسی ڕووس Eva Ssucharewa نووسینی 1920 ـەکانی هەیە دەربارەی زارۆکی سیکتزۆید،[128] گەر ئەمڕۆ با پێم وەهایە بە ئاوتیزم یان «بەرژەنگی ئاسپێرگەر»[129] جۆردۆز دەکران. Hans Asperger لە ساڵانی 1930 ـدا گوتاری هەیە دەربارەی «سایکۆپاتیی ئاوتیستانە/پەشێویی کەسایەتی». Leo Kanner کە پێ دەچێت لەلایەن یەک لە فێرخوازەکانی Asperger سەرنجکێشی ئاوتیزم بووبێت، ساڵی 1943 چەمکی *early infantile autism* ی دارِشت.

بە دیدی ئەم سەردەمە، ئادگار هەن هاوکۆی گشت جۆرەکانی ئاوتیزمن، وەک هەر زوو خویابوونی نۆنەخشەی لادانی سەخت لە بواری کارلێکی دوولایەنەی جڤاکی/دانوستان و یاوەریی ڕەفتارپەشێویی خاوەن بزاوت و ئاخافتنی کلێشەبەند و هەروەها سەختۆلییەکی[130] گشتیی هۆشەکی.[131]

### تەشەنە

ئاوتیزم لای نێزیکەی یەک لە سەدی زارۆکی تەمەن فێرگە و هەروەها هەمان ڕێژە لای گەورەساڵان بەدی دەکرێت. مرۆڤ لەمێژە جۆری جیاوازی ئاوتیزمی دیاری کردووە - بەرژەنگی ئاوتیستانە، بەرژەنگی ئاسپێرگەر، پەشێویی هەڵوەشان[132] و دۆخی دیکەی ئاوتیزمەڕەنگ - بەڵام ئێستا گشت ئەو جۆردۆزییانە دەخرێنە ژێر یەک سەیوانەوە: لە سوێد «ئاوتیزم» و لە کۆکۆماری ئەمەریکا USA[133] دەبێتە «پەشێویی شەبەنگی ئاوتیزم» Autism Spectrum Disorder (ASD). ئەم چەمکەی دوایی کێشەدارە چونکە ئاوتیزم تەنها «یەک» شەبەنگی خاوەن هەمان بنەهۆکار نییە و تەنانەت «پەشێوی» نییە لە بابەتێکدا کە زووتر «ئاسایی» بووبێت (بەڵکە ئاوتیزم دۆخێکە هەر لە سەرەتای بوونی مرۆڤەکەوە بوونی هەبووە).

ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین زۆرینەی دۆخەکانی ئاوتیزمی کلاسیک[134] (بەرژەنگی ئاوتیستانە)، پێش تەمەنی سێ ساڵی ببینین و جۆردۆزی بکەین، بەڵام ئەوەی هێشتا بە بەرژەنگی ئاسپێرگەر ناودێر دەکرێت زۆرجار هەتا ساڵانی بەرایی فێرگە ناناسرێنەوە.

بە کردەوە، هەتا ئێستاش وەها باوە کە جۆردۆزیی کلینیکانەی ئاوتیزم مۆر دەکرێت گەر نیشانە نموونەییەکانی ئاوتیزم لای مرۆڤێکی وەها خویا بن کە خاوەن پلەیەک بێت لە گرفتاریی گشتیی هزری (پلەی ژێر ئاستی

بەهرەداریی باو یان «هۆشکولی»)،[135] بەڵام جۆردۆزیی کلینیکانەی بەرژەنگی ئاسپێرگەر کاتێک مۆر دەکرێت کە مرۆڤەکە خاوەن ئاستێکی بەهرەداریی ئاسایی یان بەرزتر بێت. بەرژەنگی ئاسپێرگەر لای زۆر کەس بە جۆردۆزییەکی جیاوازی گرینگی نێو بواری ئاوتیزم دەزانرێت، لەبەرئەوەی جۆرێکی کەمتر مەترسیدارە لە ئاوتیزم و زۆرجاریش گرێدراوی ئاستێکی بەرزە لە بەهرەی زیرەکیی گشتی.

**پێوەرگەلی جۆردۆزی**

خشتەی Mildred Creak ی ساڵانی 1960 یەکەم خشتەی بڵاوکراوەیە بۆ پێوەری جۆردۆزیی ئاوتیزم. ئاوتیزمی کلاسیک ساڵی 1980 لە DSM-III دا پێوەرگەلی پیادەکارانەی[136] بۆ تۆمار کرا. پاشان ساڵی 1987 ئەو پێوەرانە لە DSM-III-R دا بژارێکی ورد کران و دیسان 1994 لە DSM-IV دا جارێکی دیکە بژار کرانەوە. دوا بژارکارییش لە DSM-V دا ساڵی 2013 پەخش کرا. بڕوانە خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ ئاوتیزم.

یەکەم پێوەری بڵاکراوەی بەرژەنگی ئاسپێرگەر ساڵانی 1980 تۆمار کران. بڕوانە خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی Gillberg بۆ ئاسپێرگەر (Gillberg & Gillberg (1989, 1991.

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ ئاوتیزم**

**A.** لاوازییەکی یەکبین لە توانستی دانوستان و کارلێکی جڤاکیی نێو یەک یان چەند بەستێنێکدا، کە لە گشت ئەم سێ پێوەرانەدا خویا بێت، یان ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی «پێشینەدۆزیی پزیشکی»یەوە،[137] (نموونەکان بۆ ڕوونکردنەوەن، دەربڕینی دیکەش هەن):

1. کزیی توانستی کارلێکی دوولایەنە، بۆ نموونە هەر لە لادانی مرۆڤەوە لە ئاکارێکی ئاسایی بۆ نێزیکبوونەوە لە کەسانی دیکەوە و لە بەرسڤی کەمڕەنگەوە لە گفتوگۆدا هەتا دەگاتە ئەوەی مرۆڤ لە سنوورێکی تەواو بەرتەنگدا هەست و خولیا لەتەک کەسانی دیکەدا بەش دەکات و لەویشەوە هەتا دەگاتە ئەوەی مرۆڤ بە هیچ جۆرێک نە دەستپێشخەری دەکات و نە بەرسڤی دەبێت بۆ کارلێکی جڤاکی.
2. کزیی توانست بۆ دانوستانی نازارەکی لە کارلێکی جڤاکیدا، بۆ نموونە هەر لە لاوازیی هاوسەمای دانوستانی زارەکی و نازارەکییەوە، هەتا ناجۆریی نیگاگیری و زمانی لەش، هەتا کورتهێنانی ئاماژەی لەش، هەتا نەبوونی یەکجارەکیی دەربڕینی ڕووخسار و دانوستانی نازارەکی.
3. کزیی توانست بۆ فراژاندن، ڕاگرتن و پەیبردن بە هەڤبەندی، بۆ نموونە هەر لە کورتهێنانی تواناوە بۆ گونجاندنی ڕەفتاری خۆ لەتەک بەستێنی جڤاکیی جۆراوجۆردا، هەتا سەختیی بەشداربوون لە گەمەی گاڵتینەدا، هەتا پەیداکردنی دۆست، هەتا بێباکیی تەواو بۆ هەڤبەندی لەتەک کەسانی هاوتەمەندا.

*پلەی دژواریی ئەم پێوەرە بەندە بە پلەی کزیی توانستی دانوستانی جڤاکی و خویابوونی نەخشی سنووردار و فرەپاتی ڕەفتار (بڕوانە «خشتەی ڕەنگاڵەی ئێسێنس»).*

**B.** نەخشی سنووردار و فرەپاتی ڕەفتار، چالاکی و خولیا کە لانیکەم لە دووانی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا خویا بێت، ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی «پێشینەدۆزیی پزیشکی»یەوە، (نموونەکان بۆ ڕوونکردنەوەن، دەربڕینی دیکەش هەن):

1. بزاوتی کلێشەبەند یان فرەپات، گوتە و بەکارهێنانی کاڵا بە شێوەیەکی کلێشەبەند یان فرەپات (وەک جووڵەی ساکاری کلێشەبەند، زایەڵەگۆ،[138] نامۆخوو،[139] ڕیزکردنی لیستۆک و ڕاماشتنی کەلوپەل).
2. خووگرتن بە ڕوتینی ڕۆژانەوە و پێداگری لەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕوتیندا ڕوو نەدات، گیرخواردن بە نەخشی دیاریکراو لە ڕەفتاری زارەکی و نازارەکیدا (وەک تووڕەبوونی پەڕگیرانە بە گۆڕانکاریی بچووک، هەراسانبوون بە بارگۆڕکێ، بیرۆکەی سەختگیر، ڕێوڕەسمی تایبەت بە سڵاوکردن، ڕۆژانە هەمان خواردن و هەمان ڕێگە).
3. خولیای یەکجار سنووردار و گیرخواردوو کە فرە چڕ و سێرەگیرە (وەک خووگرتنی دژوار بە کاڵایەکەوە، خولیای یەکجار سنووربەند و ساکار).
4. تیژهەستیاری[140] و کولهەستیاری[141] بەرانبەر دنەدەری دەرەکی، یان خولیای ئاوارتەی تایبەت بۆ ڕووکاری دنەدەرانەی دەوروبەر (وەک پێشان نەدانی بەرتەک لە ژان/گەرما/سەرما، پێشاندانی بەرتەکی توند لە دەنگ و ساختاری دەرەکی، زێدەڕۆیانە خەریکی دەستلێدان و بۆنکردنی کەلوپەلە، بە لەش و ڕووخسار پێشانی دەدات زۆر سەرسامە بە تیشک و جووڵە).

*پلەی دژواریی ئەم پێوەرە بەندە بە پلەی کزیی توانستی دانوستانی جڤاکی و خویابوونی نەخشی سنووردار و فرەپاتی ڕەفتار (بڕوانە «خشتەی ڕەنگاڵەی ئێسێنس»).*

**C.** نیشانەکان دەبێت لە ماوەی بەرایی فراژووتندا هەبووبن (بەڵام مەرج نییە بەڕوونی خویا بن تا ئەو کاتەی کەلێن دەکەوێتە نێوان کارامەیی جڤاکیی پێویست لە لایەک و کارامەیی ڕاستینەی سنووردار لە لایەک). نیشانەکان بەدەم تەمەنەوە بەو ستراتیژانەی مرۆڤ فێریان دەبێت، ڕووپۆش دەکرێن.

**D.** نیشانەکان دەبنە هۆکار بۆ داهێزانێکی کلینیکانەی ڕاشکاو لەو کارامەییەی ئێستا هەیە لە بواری جڤاکی، کار و بەستێنی دیکەی گرینگدا.

**E.** نە «گرفتاریی هزری» و نە درەنگکەوتنی گشتی لە بواری فراژووتنی دەروونیدا، ناتوانن ڕاڤەیەکی باشتر بۆ ئەم پەشێوییانە فەراهەم بکەن. گرفتاریی هزری و ئاوتیزم بەگشتی هاوکات دێن، بۆ ئەوەی بتوانین جۆردۆزی دابین بکەین بۆ کۆگرفتی وەک ئاوتیزم و گرفتاریی هزری، دەبێت ئاستی کارامەیی جڤاکیی ئەو کەسە تەواو لەژێر ئاستی بەرتەما بێت، هەڵبەت بە ڕەچاوگرتنی ئاستی گشتیی فراژووتنی مرۆڤەکە.

**سەرنج:** مرۆڤ گەر لەسەر بنەمای پتەوی DSM-IV جۆردۆزیی هەبێت لە بەرژەنگی ئاوتیستانە، بەرژەنگی ئاسپێرگەر یان پەشێویی دیکەی دیاری نەکراوی فراژکار، ئەوا جۆردۆزیی ئاوتیزم وەردەگرێت. کارامەیی دانوستانی جڤاکی گەر یەکجار لاواز بوو، بەڵام نیشانەکانی دیکەی لە ئاست پێوەرەکانی ئاوتیزم نەبوون، ئەوسا جۆردۆزیی «پەشێویی دانوستانی جڤاکی (کردەکی)»[142] دەکەوێتە بەرباس.

دیاریکردنی ورد:

- گرفتاریی هزریی هاوکات لەگەڵە یان نا
- پەشێویی زماناندنی هاوکات لەگەڵە یان نا
- یاوەرە لەتەک دۆخێکی ناسراوی پزیشکی یان ژێنەکی یان هۆکاری ناسراوی ژینگەیی
- یاوەرە لەتەک لادانی دیکەی فراژکاری کارکرد، دەروونپەشێوی یان ڕەفتارپەشێوی
- یاوەرە لەتەک کاتاتۆنیا[143]

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی Gillberg بۆ ئاسپێرگەر (1991 ,1989) Gillberg & Gillberg**[144]

1. سەختییەکی زۆر لە دانوستانی جڤاکیی دوولایەنەدا: (لانیکەم دووان لەمانە)
   a) ناتوانێت پەیوەندی بگرێت لەتەک کەسانی هاوتەمەندا
   b) بێباکە لە ئاست پەیوەندیگرتن لەتەک کەسانی هاوتەمەندا
   c) توانای نییە سیگناڵی هاودەمیی جڤاکانە دەرک بکات
   d) ڕەفتاری نابەجێی جڤاکانە و سۆزیارانە دەنوێنێت

2. تاکسەودا،[145] خولیای بەرتەنگ: (لانیکەم یەک لەمانە)
   a) گشت پەرۆشی و خەریکبوونێکی دیکە وەلا دەنێت
   b) کلێشەبەندانە فرەپات دەبێتەوە
   c) فێری فاکت بووە بەڵام پەیبردنێکی قووڵی لەگەڵ نییە

3. ویستی زۆرەکی بۆ پیادەکردنی ڕوتین: (لانیکەم یەک لەمانە)
   a) ئەوەی تاوی هەیە لەسەر گشت گوزەرانی خودی کەسەکە
   b) ئەوەی تاوی هەیە لەسەر کەسانی دیکە

4. کێشەی زمان و ئاخافتن: (لانیکەم سێ لەمانە)

a) درەنگفراژووتنی زمان

b) بەڕواڵەت دەربڕینێکی نایابە

c) زمانێکی زێدەڕۆ فەرمی

d) ئاخافتنی تاکتۆن، تۆنێکی سەیری چریکەئاسا و لادەر

e) کەماسیی تێگەیشتن لە زمان، بەدتێگەیشتنی واتای ڕاشکاو/بنتۆژی وشە

5. کێشەی دانوستانی نازارەکی: (لانیکەم یەک لەمانە)

a) ئاماژەی لەشەکی سنووردارن

b) لابزاف، تەپۆ، لەشگران

c) هەژاریی زمانی جەستە (دەبڕینی نازارەکی)

d) دەربڕین و بەرداشتی ناجۆری ڕووخسار

e) نیگای ناجۆری تەزیو

6. لابزاف، تەپلۆس

لە «ئاروینی دەمارفراژی»[146] ـدا ئەنجامی باشی نییە.

**پرۆفایەلی کارکردی زانیارەکی**

منداڵ و گەورەساڵی ئاوتیست، لە ئاروینی دەماردەروونیدا، دەشێت ئەنجامی وەهایان هەبێت ئاماژەدەر بن بە بوارێکی بەرین، هەر لە پەشێویی سەختی فراژکارەوە هەتا بلیمەتی. ئەم پرۆفایەلە نێزیکەی گشت جاران یەکڕەنگ و دارماڵ[147] نییە، بەشێک کارامەیی تێیدا بەهێزن و بەشێکی دیکەیان لاواز. گەر بەگشتی ئاستی هزری و بەتایبەتیش کارامەیی زارەکی زۆر لاواز بن، ئەوا زۆرجار وێنەی کلینیکانەی ڕێک دێت لەتەک «ئاوتیزمی کلاسیک». گەر بەگشتی ئاستی هزری بەهێز بێت، ئەوا بەرداشتی[148] کلینیکانەی دەبێتە بەرژەنگی ئاسپێرگەر. نێزیکەی یەک لە پێنج یان لە شەشی کەسانی خاوەن ئاوتیزم (بە کەسانی خاوەن بەرژەنگی ئاسپێرگەر-یشەوە) هاوکات «گرفتاریی هزری»ـیشیان هەیە.

**نیشانە**

**نیشانە لە بەرایی تەمەندا**

نیشانە سەرەتاییەکانی ئاوتیزم دەشێن بریتی بن لە بزاوتی جیاواز، هەستکردنی جیاواز (بەرتەکی سەیر/چاوەڕوان نەکراو لە تیشک، دەنگ، بۆن، تام، دەستلێدان، ژان، سەرما، گەرما)، سێرەپەرتی، ئاستێکی نزم لە خولیای

دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی کارلێکی جڤاکی (بە نەبوونی ئاماژەکردنیشەوە)، سەختگیری لە داوای ڕێوڕەسم و دژایەتیی گۆڕانکاری، هەڵچوون بە بچووکترین نەهاتی و ژێرکەوتن، بزاوتی کلێشەبەند (دەستڕاوەشاندن و کەللەکێشان)، درەنگ زمانگرتن (زمانپەشێوی)، هەروەها خەوپەشێوی، مەزاجپەشێوی، جرپنی/فرەبزێوی و لاوازیی هەستکردن بە مەترسیی ڕاستینە.

وەک دەبینین زۆر لەم نیشانەگەلەی بەرایی تەمەن هاوبەشن لە ماخۆلاندا، بۆیە جۆردۆزیی جیاکەرەوە لە بەرایی تەمەندا دژوار یان هەر شیانبەدەرە. ئاوتیزم لە منداڵیدا سەر دەنێت بە ئاوتیزم لە گەورەساڵیدا (نێزیکەی سەد لە سەدی ئەوانەی پێش تەمەنی دەساڵی جۆردۆزیی ئاوتیزمیان هەیە پاش تەمەنی بیست ساڵییش پێوەرەکان پڕ دەکەنەوە)، بەڵام 85 لە سەدی خاوەن بەرژەنگی ئاسپێرگەر پاش دە ساڵ دەگەنە ئاستی جۆردۆزیی ئاوتیزم - بەشەکەی دیکە نیشانەگەلی ئاوتیستانەیان هەیە بێ ئەوەی بگەنە ئاستی جۆردۆزی.

ئاوتیزم نێزیکەی هەمیشە یەکانگیرە لەتەک دژواریی دیکەدا، هەر لە دەروونپەشێویی فراژکار، گرفتاریی هزری، بزاوتپەشێوی، زمانپەشێوی، ماخۆلان و «تیکس»ـەوە، هەتا پەرکەم و دەردی دیکەی پزیشکی و دەمارەکی.

کوڕان فرە زیاتر لە کچان تووش دێن، بەڵام بەگشتی کچان لە تەمەنی زارۆخانەدا ناکەونە بەر پەیجۆریی لەم بابەتە (کچان بەگشتی لەچاو کوڕاندا پتر «جڤاکپەروەر»ن و ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ وێڵکردنی جۆردۆزیی ئاوتیزم) بۆیە دابەشینی زایەند لەم باسەدا وەها لاسەنگە. ئەو کیژانەی بەر لە تەمەنی دەستپێکی فێرگە جۆردۆزیی ئاوتیزم وەردەگرن زۆرجار هەمان پلەی گرفتاریی کوڕانیان هەیە کە خاوەن هەمان جۆردۆزین، بەڵام زۆرینەی کیژانی خاوەن ئاوتیزم هەتا نەگەنە تەمەنی گەورەساڵی دۆخەکەیان خویا نابێت. پێم وایە گەر ئاماژەدەری باشترمان هەبا بۆ دۆزینەوەی ئاوتیزم ئەوسا ئەم لاسەنگییە دابەشینی زایەندە یەکجار کەمتر دەبوو.

### نیشانە لە گەورەساڵیدا

نیشانە بنەڕەتییەکانی ئاوتیزم بەدەم کاتەوە نایەنە گۆڕان مەگەر دەگمەن. زۆربەی ئەو گەورەساڵانەی بە منداڵی پێوەری جۆردۆزیی ئاوتیزمیان پێکاوە، بە گەورەییش کێشەیان دەبێت لەتەک کارلێکی جڤاکی و دانوستانی خێرا لەگەڵ دەوروبەردا. ئەمانە مەیلیان دەبێت بۆ گیرخواردن و خووپەشێوی، بەتایبەتی لە دۆخی ژێر سترێسدا.

ئێمە دەزانین کە نێزیکەی گشت ئەوانەی لە بەرایی تەمەندا کەوتوونەتە بەر پێوەرەکانی جۆردۆزیی ئاوتیزم، هاوکات خاوەنی کێشەی دیکەی جودان لەوانەی گرێدراوی ئاوتیزمن، بۆیە گرینگە بزانین کە بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانە - وەک ماخۆلان، سەختەسەواد (دیسلێکسیا)، خەمۆکی - لەچاو چارەسەری ئاوتیزمەکە، کاری زیادتری گەرەکە. بۆ نموونە، تەنانەت گەر جۆردۆزییە بنەڕەتییەکە ئاوتیزم بێت، جار هەیە دەرمانکردنی ماخۆلان ئەنجامی فرە باش دەدات. بۆیە وەها باشە زۆر لە گەورەساڵانی خاوەن ئاوتیزم، جۆردۆزیی نوێیان بۆ بکرێت بە ڕەچاوگرتنی کێشەگەلی دیکەی ئێسێنس.

### هۆکار و سەدەمی مەترسیدار

ئاوتیزم، وەک ماخۆلان، یەکجار وابەستەی ژێنە و فرە تۆژینەوە لە جمکە (دووانە) هەن پێشانی دەدەن کە میراتبەندی دەگاتە لە سەدا هەفتا و سەرووی نەوەد (Lundström et al., 2012). زۆرێک لەو ژێن (جین)ـانەی لە دۆخی ئاوتیزمدا بازدانیان تێدا بووە یان بوونەتە «جیاوازەژێن»، تاویان هەیە لەسەر ئافراندن، کارکرد و

هەڵوەشانی «سیناپس»[149] لە مێشکدا. ژێنی دیکەی گرینگ لەم بوارەدا کاریگەرییان هەیە لەسەر پەیژەبەندیی[150] خانەدەمار، کە بۆ نموونە پێویستن بۆ ئەوەی داوەدەمار بتوانێت ئاوێزانی هاوکارەکەی خۆی بێت. جگە لەوەش «جیاوازەژێن»ی دیکەش لە سیستەمی مێلاتۆنیدا دۆزراونەتەوە - کە بەشێکی ڕیتمی شەوەڕۆژ و خەومان کۆنترۆڵ دەکەن، هەروەها لە سیستەمی کۆنتاکتین[151] ـدا - کە پێویستە بۆ داڕشتنی ڕێچکەگەلی بیستن و گەر زەدە[152] بوو دەبێتە مایەی ئەوەی بە «دەرکپەشێویی بیسەرانە»[153] ناودێرە (Jamain et al., 2003; Delorme et al., 2013).

تۆژینەوە لە ئاوتیزم زۆرن پێشانی دەدەن کە ژێنجودایی[154] تەنها یەک ژێن ناگرێتەوە مەگەر دەگمەن. تێکڕا دوو ژێنجودایی یان زیادتر ویکڕا دێن (و جاریش هەیە تەنانەت سەدەمی[155] ژینگەکاری جۆراوجۆریش یاوەرن) و دەبنە هۆکاری ئەو وێنە کلینیکییەی ئێمە بە ئاوتیزم ناودێری دەکەین.

دۆخی تایبەتی هەن تێیاندا ئاوتیزم پەیدا دەبێت بێ ئەوەی سەدەمی ژێنەکی سەنگێکی تایبەتی لە فراژووتنی ئەو دۆخەدا هەبێت.

کاریگەریی ناباو لە ماوەی دووگیانیدا و لە ساڵانی بەرایی تەمەندا دەبنە هۆکار بۆ هەڵکشانی مەترسیی دەرکەوتنی ئاوتیزم. بۆ نموونە کوحوول و دەرمانکاری لە دەمی دووگیانیدا، نەوەکامیی پەڕگیر، ماسوولکەگرژیی دەمی زان و چڵککردنی مێشک لە ساڵانی بەرایی تەمەندا. زۆرجار سەدەمی میراتبەندی و ژینگەیی ناباو تێهەڵکێش دەبن. دەردیش هەن خۆیان دەبنە هۆکاری پەیدابوونی ئاوتیزم، وەک «بەرژەنگی تورتە X»،[156] «سەختەگرێ»/«سەختەگرێی تێکبەستە»،[157] و «ئاوسانی ڕیشاڵدەمار».[158]

**تیمارکاری**

ئاوتیزم چارەبەدەرە مەگەر لە چەند دۆخێکی یەکجار دەگمەن کە تێیاندا دەردێکی بنەڕەتیی وەها دەدۆزینەوە کە هەم هۆکاری ئاوتیزمەکە بێت و هەم بەرچارە (دەشێت چارە بکرێت)، وەک «فەنیلکەتۆنوریا»[159] و دەردەکانی سەربە «میتۆکۆندریا»[160] و سەختەگرێ.

لەوە دەچێت کۆشانی زووی دەروونفێرکارانە سەنگی زۆر بێت بۆ سەرخستنی جۆرایەتیی گوزەرانی خێزان. هەروەها بەرنامەی سەربە «فێرکاریی تایبەت»[161] و «ڕەفتارساڕێژی»[162] دەشێن فرە چوست بن بۆ داهێزانی ڕەفتارپەشێوی و سەختیی دانوستان، بەڵام هێشتا ڕادەی تاوی ئەو بەرنامەگەلە لەسەر جۆردۆزیی تەمەنپۆش تەواو ڕوون نییە.

هەتا ئەمڕۆ هیچ دەرمانێکی وەها تۆمار نەکراوە چوست بێت لە چارەی نیشانەگەلی ئاوتیستانەدا. بەڵام چەندین تۆژینەوە هەن ئاماژە دەدەن بەوەی ئۆکسیتۆسین[163] دەشێت تاوی باشی هەبێت لەسەر کێشەی کارلێکی جڤاکی و هەروەها مێلاتۆنین[164] تاوی باشی هەبێت لەسەر کێشە باوەکانی خەوپەشێویی ئاوتیستانە.

تۆژینەوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی خویای کردووە کە بومیتانید،[165] ئەو دەرمانە ئاوکێشەی لەمێژە بەکار دەبرێت بۆ چارەی نەخۆشیی دڵ لای منداڵ و گەورەساڵ، دەتوانێت نیشانەگەلی ئاوتیستانە داهێزێت. بومیتانید

کۆمەکی «تەرازکردنی GABA-glutamate»[166] دەکات، کە زۆرجار ئاوتیزم و دۆخی دیکەی دەمارڕەوانسازی لاسەنگی دەکات. بەڵام هێشتا ئەم دەرمانە وەک چارەسەر ناهاتۆتە پەژراندن.

ماخۆلانی یاوەری ئاوتیزم، دەبێت بەهەمان شێوازی ماخۆلانی ئاوتیزمبەدەر چارەسەر بکرێت. ئەم باسە بەگشتی دۆخی «پەرکەم»یش دەگرێتەوە، گەرچی گرینگە بزانین کە دەرمانی دژەپەرکەم[167] هەن (بەتایبەتی لە دەستەی بێنزۆدیازەپین)[168] کە تاوی ناپاویان لەسەر نیشانەگەلی ئاوتیستانە هەیە.

**پێشبینی**

پێشبینی لە دۆخی ئاوتیزمدا، پتر بەرتاوی ئەو گرفتانەیە کە ئاوێزانی ئاوتیزمن نەک نیشانەگەلی خودی ئاوتیزمەکە. ئاوتیزم گوزارە لە ئاوتیزم دەکات بەڵام مەرج نییە باسی لە دۆخێکی خراپی دەروونجڤاکی بێت. گەر «کۆگرفت»ی دژوار لە ئارادا نەبێت (بۆ نموونە منداڵەکە گرفتاریی هزری، زمانپەشێوی و ماخۆلانی نەبێت)، ئەوا زۆر چاک دەکرێت ئەو مرۆڤە گوزەرانێکی سەربەخۆی بەرزەپلەی هەبێت.

بەشێکی یەکجار بچووکی خاوەن ئاوتیزم تاوانی پەڕگیر ئەنجام دەدەن، کە لەوەیە چارەی دەروونفێرکارانەی دروست و زوو ڕێگرییان لێ کردبان. زۆرینەی ئاوتیستان، لە ئاست زاگۆندا، لە کەسانی دیکە پتر سەلارن.

## پاژی چوارەم: فراژپەشێویی هاوسەما DCD

### مێژووی DCD

کێشەی مەزن لە بزاوتی ورد یان درشتدا، بەگشتی لە بزاوتی هاوسەمادا دەشێت ببنە مایەی داهێزانی دژواری کارکرد لە گوزەرانی ڕۆژانەدا. ئەو زارۆکەی فراژووتنی بزاوتی ورد یان درشتی ڕاشکاوانە درەنگکەوتەیە (لەڕاستیدا زۆرجار لادەرە) بە «تەپلۆس»، «لەشگران»، «لابزاڤ» ڕاڤە دەکران. ئەوجا لە سەرەتای سالانی 1970-کانەوە، نیشانەی منداڵی لەشگران، «دیسپراکسیا» dyspraxia، بە «گرفتاریی دەرکی بزاوت»[169] مۆر دەکران. پاشان لە 1990 -ەکانەوە جۆردۆزیی «فراژپەشێویی هاوسەما» DCD تەرخان کرا بۆ ئەم جۆرە زارۆکانە. گەر مرۆڤ وەک هاوتەمەنەکانی خۆی نەتوانێت فێری دووچەرخەسواری، مەلە، کەوشەخزە،[170] خزیلکێ[171] یان گەمەی تۆپانێی بە گرووپ بێت، دەبێتە مایەی مەترسییەکی گەورەی دەرکنارکردن و هەستکردن بە کورتهێنان و بێکەڵکی.

DCD لەم سەردەمەدا یەکێکە لەو کێشەگەلەی ئێسێنس کە کەمتر ڕەچاو دەگیرێت و پێویستی بە سەرنجدانی کلینیکانە و تۆژینەوەی قووڵتر هەیە.

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

لە DSM دا پێوەرەکانی DCD تارادەیەک نارِوونن:

### خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ DCD

فراژپەشێویی هاوسەما

**A.** لەگەڵ ڕەچاوگرتنی تەمەن و دەرفەتی فێربوون و ڕاهێنانی بزاوتی هاوسەما، ئاستی هەم فراژووتن و هەم پیادەکردنی ئەم هونەرە تەواو نزمترە لە ئاستی بەرتەما. سەختییەکە لە شێوەی «لابزاڤ»ـدا خویا دەبێت (بۆ نموونە کاڵای لەدەست بەر دەبێتەوە، خۆی دەکێشێت بە کەلوپەلدا). خاوی و کورتهێنان لە کارزانیی بزاوتندا (بۆ نموونە سەختی گرتنەوەی کاڵایەکی ڕاماشتە، بەکارهێنانی دوێرد (مەقەست) و کێرد، نووسین بە دەست، دووچەرخەسواری، بەشداری لە چالاکیی وەرزشیدا).

**B.** ئەو دژوارییانەی لە خاڵی A دا باسیان هات بەرچاوانە و یەکبینانە دەبنە مایەی شێواندنی چالاکیی ڕۆژانەی ئەو تەمەنە (خۆپەرۆشی و سەرخۆبوون) و تاوی ناپاوی هەیە لەسەر گەمەکردن، ڕەوتی خوێندن، خوێندنی پیشەیی، چالاکیی پیشەیی و چالاکیی سەرگەرمی.

**C.** نیشانەکانی ئەم کێشەیە لە بەرایی کاتی فراژووتندا خویا دەبن.

**D.** گرفتاریی هزری و دیدەکزی[172] ناتوانن ڕاڤەیەکی باشتر بۆ ئەم کێشانەی سەربە کورتهێنانی کارزانیی بزاوتن پێشکەش بکەن. ناشکرێت ئەم کێشانە بدرێنەوە بە دۆخی دەماریی وەها کە کاریگەریی هەیە لەسەر توانستی بزاوتن (بۆ نموونە مێشکەفەلەج،[173]پووکانەوەی ماسوولکە، [174] دەردی دارِزێن[175]).

بەکردەوە ئەم جۆردۆزییە کاتێک مۆر دەکرێت کە مرۆڤەکە لابزاڤی و لەشگرانی پێوە دیار بێت و لە پەیجۆریی بزاوتندا لادان پێشان بدات. لادان دەشێت بە نموونە لەم جۆرانە بێت: «داهێزانی بزاوتی نۆرەکی»[176] (سەختیی خێرا ئەنجامدانی بزاوتی جیاوازی یەکدوایەک، بزاوتی نۆرەکی)، سەختی ڕاگرتنی هاوسەنگی، نەخشی لادەر لە هاوجووڵەدا (بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ دەستی دەجووڵێنێت جووڵەیەکی زۆر لە دەوری دەمولێودا، یان بەرژەنگی دەمارناسانەی وەک پەرەسەندنی ڕیفلێکسی لنگ، خویا دەبن). سەرباری ئەوانەش، بۆ گەیشتن بەم جۆردۆزییە، دەبێت دەرهاویشتەی سەختیی بزاوتنەکە جۆرێک لە ڕەنجکێشان یان خۆگونجاندنی ناياوی یاوەر بێت.

**تەشەنە**

تۆژینەوە زۆرن پێشانی دەدەن کە DCD یەکێکە لە کێشە هەرە باوەکانی نێو دەستەی ئێسێنس. نێزیکەی پێنج لە سەدی گشت زارۆکی یەکەم سالّی فێرگە پێوەرگەلی ئەم جۆردۆزییە پڕ دەکەنەوە. کوڕان لەم بارەدا ڕێژەیان بەرزترە و دەگاتە نێزیکەی هەفت لە سەد، ڕێژەی کیژان سێ لە سەدە. «فراژپەشێویی هاوسەما» هەتا سالانێکی زۆری گەورەسالّی بە جۆرێک هەر دەمێنێت.

**نیشانە**

DCD لای نێزیکەی نیوەی کەسانی گرفتار بە ماخۆلان، لای نێزیکەی گشت کەسانی سەربە بەرژەنگی ئاسپێرگەر و هەروەها لای نیوەی کەسانی خاوەن زمانپەشێوی (و لەویشەوە گرفتاری سەختەسەواد) پەیدایە. DCD برەوی زۆرە لای گشت لاپۆلەکانی بواری ئێسێنس بەلّام نەک لای دەستەی بەرژەنگی Tourette کە بزاوتن لایان، «تیکس tics» لێ دەرچێت، تەواو فراژییە. DCD دەبێتە مایەی دلەڕاوکی و خەمۆکی، بەتایبەتیش لای کوڕان. دیاردەیەکی نامۆیە گەر زارۆکی فێرگە هەبێت تەنها DCD ی هەبێت.

زۆربەی کەسانی سەربە DCD پێگرتنیان درەنگکەوتەیە (پاش چواردە مانگی) و لە تەمەنی شیرەخۆریدا فرە بەپارێزن. «کەمگرژیی ماسوولکە»[177] بەڕادەیەکی کەم یان بەرچاو خویا دەبێت. لە نێو گرووپی بچووکتردا پێچەوانەشی هەیە، ئەمیان «فرەگرژیی ماسوولکە»[178]ی هەیە و بزاوتن تێیدا گرژە. گرووپێکی بچووکتریش هەیە هەر لە سەرەتاوە «قنگەخشکێ» دەکەن (بە دانیشتنەوە خۆیان دەگوازنەوە).

وێڕای درەنگ پێگرتن، نیشانەی بەرایی دەشێن فرەجۆر بن. ئاماژە بەراییە باوەکان بریتین لە جووڵەی کەمهێزی ڕووخسار و هەروەها لێکترازانی ڕادەی فراژووتنی بەشی سەرەوەی لەش لەچاو بەشی خوارەوەدا (بالّ خێراترە یان خاوترە لە لنگ)، جووڵەی تەکاندەری نادروستپێک، درەنگکەوتنی توانای مووکێشگرتن و درەنگکەوتنی ئاماژەدان. کەمگرژیی گشتیی بزاوتن هەتا تەمەنی 24-18 مانگ ئەوجا تەواو خویا دەبن، ئەو کاتەی منداڵەکە گرمۆلە دەبێت و ناتوانێت پشتی ڕێک ڕاگرێت.

لە تەمەنی 3-4 سالّیدا ئیدی پتر ڕوون دەبێتەوە کە منداڵەکە لابزاڤە، جووڵەی ناتەبایە و ئەم جۆرە کارانەی لا سەخت دەبێت: خواردن بە کەوچک، چنگالّ (چەتالّ) و چەقۆ، پێنووسگرتن، پۆشاکگۆڕین، پێلاو لەپێکردن، سێچەرخەسواری، گرتنەوەی تۆپی گەورە و بەشداربوون لە گەمەی ساکاری جووڵە و زمانی جەستە.

لە تەمەنی 5-6 ساڵیدا ئاشکراتر دەبێت کە منداڵەکە کێشەی هەیە لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی «بزاوتن»: ڕاوەستان لەسەر یەک لنگ، هەڵبەزین لەسەر یەک لنگ، دووچەرخەسواری، ڕاگرتنی هاوسەنگی، پشتی ڕێک لە کاتی ڕۆیشتندا، خزیلکێ (سکی)، بەشداری لە تۆپانێی جۆراوجۆردا، خواردن و خواردنەوەی بێ ڕژاندنی خۆراک و خۆتەڕکردن، نووسین و نیگارکێشان، پێنووسگرتن و فلچەکردنی ددانی خۆ. سەرباری ئەوانەیش باوە کە بزاوتی دەم و گەرووی تێک دەچن، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ناڕوونی و ناڕێکیی ئاخافتن، بۆ کێشەی قووتدان و مەیلی خنکان. فرەپاتبوونەوەی «میزنی»[179] و «دەرەخواستەڕێن»[180] زۆر هەڵدەکشێت.

**هۆکار و سەدەمی مەترسیدار**

بەشێکی هۆکار ژێنەکین (زگماکن، میراتین) – دایباب و خوشکوبرا زۆرجار کێشەی هاوجۆریان هەن. سەرباری ئەوەش هاوژێنەکی لەتەک ماخۆلان، ئاوتیزم و زمانپەشێو/ سەختەسەواد لە نێو خێزان و بازنەی خزماندا بەڕادەیەکە دەبێتە مایەی هەڵکشانی یەکجار بەهێزی سەرهەڵدانی تێهەڵکێشەی ڕەنگاڵەی ئەم جۆرانە.

**تیمارکاری**

بۆ زارۆک گرینگە کێشەی کەمبرستی یان لابزاڤی لە وردەبزاوت یان درشتە بزاوتدا بێتە پەژراندن و هەم خۆیان و هەم خێزانیان ناوێکیان هەبێت بۆ کێشەکە. پەیبردن بەوەی ئەو مرۆڤە «بەو جۆرەیە کە هەیە» گرینگە بۆ فراژووتن و خۆناسیی ئایەندە. زۆر منداڵی سەربە DCD کە خەمۆکن، بێورەن، دەرکنارن لای «هاوپۆلان» و چەپێنراون، دەتوانن خۆیان لەو بێئومێدییە ڕزگار بکەن گەر بوونی کێشەیەکی ڕاستینە بێتە پەژراندن. ئەوسا ڕوون دەبێتەوە کە لای ئەم زارۆکانە کردار هەن – وەک بەشێک لە چالاکیی وەرزشییەکان، پۆشاکگۆڕین – بۆ ئەمان تەنها بە «دەی ئازا بە»، «کۆشانی زیادتر»، «ڕاهێنانی بێ یارمەتی» چارە نابێت.

بەرنامەی تایبەتی ڕاهێنان کە جەختیان لەسەر کارکرد و ئەرکی ڕۆژانەی وەهان کە لای زارۆک دژوارن (بۆ نموونە گرێدانی سۆلبەند،[181] گرتنی پێنووس و ڕاهێزانی گشتیی توانستی لەش)، زۆرجار سوودبەخشن. بەڵام چارەسەر ئەوە نییە منداڵە تووشبووەکە ناچار بکرێت بە بەشداربوونی پەیتاپەیتا لە ڕاهێنانی تۆپانێ و ژومناستیک لە گرووپی گەورەدا کە زۆرجار دەبنە مایەی شەرمەزاری، تووڕەبوون و بەدکاری و فرە جاریش دەبنە هۆکاری چەپاندن. ڕاهێنان دەبێت تاکەکەسی یان لە گرووپی زۆر بچووکدا بێتە چەرخاندن بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی پتەوکردنی ئەو خۆوینە نایاوەی لای منداڵەکە هەیە. ئەگەر لەتەک DCD ماخۆلانیش هەبوو، ئەوا دەرمانی «دنەدەری شاکۆئەندامی دەمار» کە بۆ ماخۆلان بەکار دەبرێت، زۆرجار تاوی ئایاوی لەسەر بزاوتنیش هەیە.

**پێشبینی**

لەبەرئەوەی کێشەی هاوسەماکردنی بزاوت لای گەورەساڵ بەگشتی نابێتە مایەی تاوی فرە نایاو لەسەر جۆرایەتیی گوزەران، ئەوا پێشبینیی ئێستامان تاڕادەیەک گەشە. بەڵام لای زۆربەی ئەوانەی دیکەی لە منداڵییەوە جۆردۆزییان پێ نەدراوە و نەخراونەتە بەر ڕاهێنانی «ئەرکبین»، ئەوا دژواریی هاوسەماکردنی بزاوت، «لابزاڤ» و بزاوتێکی بەگشتی جیاواز کە دەبنە هۆکار بۆ پەرێزی لە دۆخێکی داوای بزاوتن بکات، هەر دەمێنن. بۆ نموونە هەر لە «نەویستن»ی بەشدارییەوە لە تۆپانێدا هەتا دەگاتە «نەوێران»ی کۆمەککردن لە ڕێکخستنی

خوان یان هەر چالاکییەکی دیکەی پێویستی بە بزاوتی وردەکار هەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆکاری مۆرکردنی مرۆڤی وەها بە «تەمبەڵ»، «خەمسارد» و تەنانەت «کۆمەکنەدەر» کەچی هۆکارە ڕاستینەکە بریتییە لە بەردەوامبوونی کێشەی هاوسەماکردنی بزاوت. لەمەش بترازێت، نیشانەگەلی «کۆگرفت»ـەکانی ئێسێنس، وەک بواری سەربە ماخۆلان و ئاوتیزم، لای زۆر کەس هەر دەمێنن. کێشەکانی CDC، هەر وەک زۆربەی کێشەکانی دیکەی ئێسێنسبار، بەبێ کۆمەکی هەمەجۆر چارەسەر نابێت، مەگەر دەگمەن.

## پاژی پێنجەم: زمانپەشێوی Speech and Language Disorders

ئەم پاژە فرەکەرتە دەشیا ببێتە درێژترین پاژی ئەم کتێبە. بەڵام چوونە ژێر باری وردەکاریی ئەم بوارە دەبووە مایەی بەسەرکردنەوەی وردەکاری سەدان تۆژینەوە کە لەم بەستێنەدا دەرفەتی نییە.

دەشێت بزاوتی لادەر نۆنەخشە بێت بۆ ئەوەی منداڵ لە ئایەندەدا کێشەی دژواری سەربە دەمارفراژی یان ڕەوانسازی لێ خویا بێت. بەڵام لادانی بەرایی لە فراژووتنی زمانەکیدا بەستەری سەلمێنەبەندی[182] فرە دروستتری هەیە بە کێشەگەلی «ئێسێنس»ی دەمی هەراشبوونەوە.

چ گومانی تێدا نییە کە ئاروینی زمان (ڕووماڵکردنی[183] زمان)[184] لە نێزیکەی تەمەنی 30 مانگیدا باشترین ڕێگەیە بۆ دیاریکردنی ئەو منداڵانەی دەکەونە بەر مەترسیی ئەوەی لە دیڤچوونی پاش چەند ساڵێکدا کێشەیەکی ئێسێنسبار لایان ئاشکرا بێت. ساوای تەمەن دوو ساڵ و نیو: 1) نەتوانێت پەنجا وشە بڵێت، یان 2) لە فەرمانی ساکاری زارەکی تێ نەگات، یان 3) کێشەی دەربڕینی وەهای هەبێت کە مرۆڤی دەرەوەی بازنەی نێزیکی خێزانەکەی تێی نەگات، ئەم منداڵە زۆرجار ئێسێنسی هەیە. دیڤچوونی ساڵانی بەرایی فێرگە پێشانی دەدات کە دوولەسێ یان زیادتری ئەو زارۆکانە کێشەی دژواری دیکەیان هەیە کە ئێسێنسبارن بەڵام تەنها وابەستەی زمانی ئاخافتن نین. جگە لەوەش نێزیکەی گشت بەشەکەی دیکەی ئەو زارۆکانە، کێشەی زمانی ئاخافتن و دژواریی سەربە سەختەسەواد لایان بەردەوام دەبێت.

### تەشەنە

دەرکەوتنی زمانپەشێوی لای منداڵی زارۆخانە (تەمەنی نێزیکەی دوو ساڵ و نیو هەتا شەش ساڵ) لە زۆر وەڵاتدا گەیشتووەتە نێزیکەی پێنج لە سەد. کوڕان یەکجار زیاتر لە کچان تووش دەبن. تۆژەرانی زووتری ئەم بوارە، زمانپەشێوییان وەک دیاردەیەکی «تایبەت» و «جودا» سەیر دەکرد، بەڵام تۆژینەوەی ئەم چەند دەیەی دوایی پێشانی داوە کە تێکڕای زمانپەشێوی (گەر دەرهاویشتەی لاوازیی هاندەری زمانفێربوون نەبێت) پێکبەندی چەندین کێشەی دیکەی ئێسێنسبارە، کەواتە زمانپەشێوی «تایبەت» نییە. تەنهابوونی درەنگکەوتنی زمانگرتن دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە بەڵام لە هەندێک خێزاندا پەیدا دەبێت.

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ زمانپەشێوی**

**پەشێویی فۆنێمناسانە[185]**

**A.** دژوارییەکی یەکبین (جێگیر، هەمیشەیی) لە پێکهێنانی فۆنێم (دەنگی زمانەکی) کە تاوی نایاوی هەیە لەسەر تێگەیشتن لە ئاخافتنەکە یان دەبێتە ڕێگر لە دەرفەتی گەیاندنی پەیامی زارەکی.

B. پەشێوییەکە دەبێتە مایەی سنووردارکردنی توانستی دانوستان، ئەمیش تاوی نایاوی هەیە لەسەر یەک یان چەند خاڵێکی ئەم بوارگەلە: بەشداریی جڤاکی، خوێندن یان کار.

C. نیشانەکانی هەر زوو لە ماوەی فراژووتندا خویا دەبن.

D. هۆکاری ئەم کێشەگەلە ناگەڕێنەوە بۆ دۆخی زگماک یان بەهرەگیری[186] وەک درزەمەڵاشوو،[187] کەڕی یان لاوازیی بیستن، مێشکەفەلەج، «زەدەی تراوماهێنی مێشک»،[188] یان هەر دۆخێکی دیکەی دەمارەکی یان دەرمانکاری.

**زمانفراژییەکی پەشێو**

A. سەختیی یەکبین بۆ سوودمەندبوون لە زمان و بەکارهێنانی زمان بە شێوەی جۆراوجۆر (وەک ئاخافتن، نووسین، ئاماژەدان و شێوازی دیکە) کە زادەی لاوازیی تێگەیشتن یان توانستی پێشکەشکردن بن و بەم جۆرانە خویا بن:

1) کەماسیی وشەمەنی (وشەزانی و توانستی بەکارهێنانی وشە).
2) سنووردارییەکی ساختاربەندی ڕستەسازی (توانستی تێهەڵکێشکردنی وشە و «گیرەک»[189] بۆ دارشتنی ڕستەی دروست لەڕووی ساختار و ڕێزمانەوە).
3) کورتهێنانی توانستی گفتوگۆکردن (دەکاربردنی وشە و توانستی تێهەڵکێشکردنی ڕستە بۆ ڕاڤەکردن یان ڕوونکردنەوەی بابەتێک یان زنجیرەیەک بوویەر یان بۆ گوتوبێژ).

B. ئەم توانستە زمانەکییە بەڕادەیەکی بەرچاو و بەرپێوان[190] نزمترە لەو ئاستەی تەمەنەکەی داوای دەکات و ئەمەش دەبێتە مایەی سنوورداری لە یەک یان چەند خاڵێکی ئەم بوارانەدا: دانوستانی چوست، بەشداریی جڤاکی، خوێندن یان کار.

C. نیشانەکانی هەر زوو لە ماوەی فراژووتندا خویا دەبن.

D. هۆکاری ئەم کێشەگەلە ناگەڕێنەوە بۆ لاوازیی بیستن یان هەر گرفتێکی دیکەی سەربە هەستەوەرەکان، بزاوتپەشێوی یان هەر دۆخێکی دیکەی دەمارەکی یان دەرمانکاری. هەروەها نەکرێت ئەم کێشەگەلە بە گرفتاریی هزری و بە دەروونفراژییەکی سەرلەبەر خاو، باشتر ڕاڤە بکرێن.

**زمانگیرییەک نۆنەخشەی لە زارۆکەتیدا بێت**

A. لادانێکە یەکبین، ڕوون و فرەپات لە ڕەوتی ئاسایی ئاخافتن و نەخشی کاتبەندی ئاخافتن کە ناڕێک بێت لەتەک تەمەن و توانستی زمانەکیی بەرتەما. ئەم دژوارییە لانیکەم لە یەک لەم جۆرانەدا خویا دەبێت:

1. فرەپاتکردنەوەی دەنگ و بڕگەوشە.
2. درێژکردنەوە دەنگ، چ دەنگدار (کۆنسونانت) بێت و چ دەنگدێر (ڤۆکاڵ).
3. ناوبڕکردنی وشە (وەک وچان لە نێو وشەکەدا).
4. کۆسپی بەربیست یان لاڵ (وچانی دەنگدار یان بێدەنگ لە ئاخافتندا).
5. وشەگۆڕکێ بەمەبەستی خۆلادان لە وشەی سەختەگۆ.
6. دەربڕینی وشە بە گرژییەکی فیزیکیی بەهێزەوە.
7. فرەپاتکردنەوەی وشەی تاکبڕگە لە دەستەواژەدا (وەک: یەک-یەک-یەک ئەسپ دەبینم).

**B.** پەشێوییەکە دەبێتە مایەی ترس لە ئاخافتن یان سنووورداربوون لە یەک یان چەند خاڵێکی ئەم بوارگەلە: دانوستانی چوست، بەشداریی جڤاکی، خوێندن یان کار.

**C.** نیشانەکانی هەر زوو لە بەرایی تەمەندا خویا دەبن (سەرنج: گەر دیاردەکە درەنگ کەوت ئەوا دەکەوێتە بەر جۆردۆزیی زمانگرتنەوە).

**D.** هۆکاری ئەم پەشێوییە ناگەڕێتەوە بۆ بزاوتی ئاخافتن، کەماسیی هەستەوەرانە، دەرد/زەدەی دەمارەکی (وەک گورزەمێشک،[191] توومۆر،[192] تراوما) یان هەر دۆخێکی دیکەی سەربە دەرمانکاری و هیچ دەروونپەشێوییەکی دیکە نابێتە ڕاڤەکارێکی باشتر بۆی.

### پەشێویی دانوستانی جڤاکی (کردەکی)

**A.** دژوارییەکی یەکبینە بۆ دانوستانی جڤاکیی زارەکی و نازارەکی کە لە گشت ئەم دۆخانەدا ئاشکرایە:

1. کزیی توانستی بەکارهێنانی دانوستان بۆ مەبەستی جڤاکی بە شێوازێک لەبار بێت لەتەک ئەو بەستێنە جڤاکییە، بۆ نموونە سڵاوکردن و ئاڵوگۆڕی ئاگاداری.
2. کزیی توانستی گونجاندنی دانوستان لەتەک پێویستیی بەستێن و بیسەر، بۆ نموونە ئاخافتنی نێو پۆل جیاوازە لە ئاخافتنی یاریگە، ئاخافتن لەگەڵ منداڵ جیاوازە لە ئاخافتن لەتەک گەورەساڵ و هەروەها کزیی توانستی خۆلادان لە پەنابردنەبەر زمانێکی زێدەڕۆ فەرمی.
3. سەختیی ڕەچاوگرتنی بنەماگەلی گوتوبێژ و ڕاڤەکردن، وەک بنەمای نۆرەگرتن لە گفتوگۆدا، هەوڵدان بۆ داڕشتنەوەی جیاوازی گوتار بۆ ڕەواندنەوەی تێگەیشتنی چەوت و هەروەها توانستی هاوسەمای نێوان ئاماژەی زارەکی و نازارەکی.
4. سەختیی پەیبردن بە پەیامی بنتۆژ (ئەوەی پاتەوپات و ڕاشکاو نەهاتۆتە گوتن)، وەک پەیامی هێمادار یان فرەواتا (بە نموونە دەربڕینی پەندئامێز (ئیدیۆمڕەنگ)، مەزاجی، مێتافۆر، گوتەی فرەواتای وەها کە لێکدانەوەیان وابەستەی بەستێنە).

**B.** لاوازییەکان دەبنە مایەی سنووردارییی کارکرد لە یەک یان چەند خاڵێکی ئەم بوارگەلە: دانوستانی چوست، بەشداریی جڤاکی، خوێندن یان کار.

**C.** نیشانەکانی هەر زوو لە بەرایی تەمەندا خویا دەبن (بەڵام لاوازییەکان مەرج نییە بەڕوونی خویا بن تا ئەو کاتەی کەلێن دەکەوێتە نێوان توانستی دانوستانی بەرتەما لە لایەک و ئەو توانستە ڕاستینە سنووردارەی هەیە لە لایەک).

**D.** هۆکاری ئەم کێشەگەلە ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی دیکەی دەمارەکی یان دەرمانکاری یان بۆ کزیی توانستی وشەزانی و ڕێزمانزانی. هەروەها نەکرێت ئەم دژوارییانە بە ئاوتیزم، گرفتاریی هزری، دەروونفراژییەکی سەرلەبەر خاو، یان هەر کێشەیەکی دیکەی دەروونی، باشتر ڕاڤە بکرێن.

**نیشانە**

منداڵی زمانپەشێو تووشی سەختی دەبێت لە بواری وەک فۆنێمناسی، زمانپاراوی، سەمانتیک[193] (پەیبردن بە واتای وشە)، پراگماتیک[194] (بەکارهێنانی زمان بۆ دانوستان) و ڕێزمان. هەتا ژمارەی بواری زەدەبوو زیادتر بێت، زمانپەشێوییەکە و گرفتاییەکە سەختتر دەبێت. بەڵام جاریش هەیە منداڵ تەنها لە یەک بواردا لادانێکی دابڕاوی هەیە کە دەبێتە مایەی گرفتارییەکی توند.

نیشانەگەلی باو لە زمانپەشێویدا بریتین لە درەنگفراژووتنی ئاخافتنی ڕاگەیەن (توانستی دەربڕین و خۆڕوونکردنەوە)، ئاخافتنی لێڵ، سەختیی پەیبردن بە زمانی زارەکی، کورتهێنانی وشەزانی، کزیی توانستی گێڕانەوە، زمانگیران و کزیی توانستی دانوستان بە زمانی زارەکی (بە لاڵییەوە).

سەختیی پراگماتیکانە (سەختی دانوستان) لە ئاوتیزمدا فرە باوە. زۆرێک لە زارۆکانی زمانپەشێو کە پێوەرەکانی جۆردۆزیی ئاوتیزم تەواو نایانگرێتەوە، کێشەی گەورەی پراگماتیکانەیان هەیە. زۆرجار لۆگۆپێد جۆردۆزیی «زمانپەشێویی سەمانتیکانە-پراگماتیکانە»[195] یان «پەشێویی دانوستانی جڤاکی» دەداتە ئەم زارۆکانە. ئەم جۆردۆزییەی دوایی، هەمان ئەو نیشانەگەلە داوا دەکات کە بۆ ئاوتیزمیشی بەمەرج گرتووە. ئەمەش دەبێتە مایەی سەرلێشوان بۆ زۆرێکی دایباب گەر نیشانەکان بە زمانپەشێوی پۆلێن بکرێن نەک بە ئاوتیزم.

زمانپەشێویی دژوار لای منداڵی تەمەن زارۆخانە زۆرجار لە تەمەنی بەرایی فێرگەشدا هەر دەمێنێن، بەڵام شێوەگۆڕکێ دەکەن، لەبری سەختیی گوتن و ڕستەسازی دەبنە جۆری جیاواز لە سەختیی سەواد (سەختیی خوێندنەوە و نووسین).

سێ لە چواری ئەو زارۆکانەی زمانفراژییان درەنگکەوتەیە، لە تەمەنی فێرگەدا نیشانەی کێشەی دیکەی ئێسێنسبار پێشان دەدەن. زۆرجار ئەم دیاردەیە لە تێهەڵکێشەیەکی DCD، سەختەسەواد و ماخۆلان بە یان بێ یاوەریی ئادگاری ئاوتیستانە خویا دەبێت (تێکبەستەیەکی نیشانەگەلە کە چەندین دەیە لە وەڵاتانی سکاندیناڤیا بە «دامپ» DAMP[196] ناودێر دەکرا).

زمانگیران بە پلەی یەکەم زمانپەشێوییەکە ئەم ئادگارانەی لێ ئاشکرایە: فرەپاتکردنەوە (تەتەڵەکردن، گوتەی پچڕپچڕ)، کشاندن (درێژکردنەوە دەنگ لە وشەدا) هەروەها وچانگرتن لە ڕێژەوی گوتندا. جاریش هەن مرۆڤ پەنا دەباتە بەر ڕەفتاری جۆراوجۆر بۆ دەربازبوون لە ئاخافتنەکە یان خۆدزینەوە لە دۆخی وەهای پێویستی بە ئاخافتن هەیە. ترس لە ئاخافتن دیاردەیەکی باوە لای کەسانی خاوەن زمانگیری و ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ

خۆدزینەوەی هەمەجۆر لە دەربڕینی زمانەکی - هەر لە خۆلادان لە دەربڕینی تاکتاکەی وشە هەتا بەپەرێزبوون لە گشت ئەو دۆخەی پێویستی بە ئاخافتنە. زمانگرتن تاوی دەروونی لەسەر زارۆکی بچووک نییە، مەگەر دەگمەن، بەڵام لە تەمەنی ئاستی ناوەندەوە (پۆلی چوار هەتا شەش) زۆر منداڵ بە زمانگرتن تووشی نیگەرانی و تەنانەت شەرمەزارییش دەبن.

بەشێک لە بەرژەنگی Tourette (بڕوانە پاژی هەشتەم) جۆرە زمانگیرییەکی زۆرەکیی هەیە تەتەڵکردن و پچڕپچڕبوونی ئاخافتنی لەگەڵە.

ئەو زمانگیرییەی پتر لە چەند مانگێک دەخایەنێت، لانیکەم لای یەک لە بیستی زارۆک و یەک لە چلی گەورەساڵ دەردەکەوێت. وەها باوە کە کوڕ/پیاو زیادتر لە کچ/ژن تووشی زمانگیران دێن بەڵام تۆژینەوەش هەن پێشان دەدەن کە کچان/ژنان توانستی شاردنەوەی زمانگیرییان باشترە و بۆیە کەمتر دەکەونە بەر ئەو جۆردۆزییە.

**هۆکار و سەدەمی مەترسیدار**

زگماکبوونی زمانپەشێوی و/یان کێشەگەلی دیکەی ئێسێنسبار زۆر باوە لای ئەو زارۆکانەی زمانفراژییان درەنگ دەکەوێت. تێکبەستەی سەدەمی ژێنەکی و سنووردارییی دنەی زمانەکی (بۆ نموونە کەم یان یەکجار کەم دواندنی منداڵ لەلایەن دەوروبەرەوە) دیاردەیەکی نامۆ نییە. هەر وەک لە کێشەگەلی دیکەی ئێسێنسدا دیارە، زەدەبوونی مێشک کاتی دووگیانی، زان و ساڵانی بەرایی تەمەن دەشێن ببنە هۆی زمانپەشێوییەکی سەخت.

**تیمارکاری**

پەیجۆری و ئاگادارکردنەوە لە ئەنجامی پەیجۆرییەکە، هەموارکردنی فێرکاری و هەروەها چارەسەری لۆگۆپێدیانە بەردی بناخەن لە بەرنامەی تیمارکاریدا. هەر وەک دۆخەکانی دیکەی ئێسێنسبار، گرینگە ڕووبەری پەیجۆرییەکە تەنها بە زمان و ئاخافتن سنووردار نەکرێت. چارەسەرکردنی ئەوەی بە «کۆگرفت» ناودێرە لە فرە باردا گرینگترینە لە زمانپەشێویدا. بۆ چارەسەری زمانگیری ڕێبازی دیاریکراوی لۆگۆپێدانە هەیە.

**پێشبینی**

پێشبینی لە نێو زمانپەشێویدا یەکجار هەمەجۆرە. زۆرجار بەشێکی کێشەکان چەندین ساڵ دەمێنن و جاریش هەن تەمەنپۆشن. بەڕواڵەت وەها دیارە کە گشت کێشەکان لە تەمەنی ساڵانی فێرگەدا دەرباز دەبن، بەڵام بەگشتی کێشەی سنووردارییی وشەزانی، سەختیی فۆنێمناسانە، زمانپاراوی و سەختەسەواد (خوێندنەوە و نووسین) هەر دەمێنن. مرۆڤ هەن بەدەم تەمەنەوە جۆردۆزیی سەختەسەواد وەردەگرن.

زمانگیری خامۆش نابێت مەگەر دەگمەن، لێ گەر چارەسەری گونجاو لە بەرایی تەمەندا دابین بکرێت ئەوا هەستکردن بە داهێزانی کارکردانەی یەکجار کەم دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر زمانگیریی دژوار لای گەورەساڵ بمێنێت ئەوا پەژارەیی بێدەنگ تاوی گرانە.

## پاژی شەشەم: گرفتاریی هزری ID و کۆڵەواری BIF

لە ماوەی ئەم دووسەد ساڵەدا، وشەی بەکارهێنراو بۆ ڕاڤە و باسی دیاردەی گرفتاریی هزری ID، فرە جار هاتۆتە گۆڕین. تەنانەت لەم چەند دەیەی ڕابوردەدا، چەندین جار چەمکی فەرمی گۆڕدراوە، واتە چەمکی ئێستا و چەمکی ڕابوردە تەنانەت یەکانگیر نابن. چەمکی «هۆشکولی» mental retardation هەتا ساڵی 2013 چەمکی سەردەست بوو، پاشان DSM-V چەمکی «گرفتاریی هزری» intellectual disability (ID) ی خستە جێ. ID نیزیکەی هەمیشە گرێدراوی دۆخگەلی «ئێسێنس»ـە: زەدەبوونی سەختی مێشک، پەشێویی هەمەجۆری لەشەکی، دەمارناسانە و ڕەوانسازانە.

### مێژووی ئاروینی IQ

ئاروینی «ڕادەی زیرەکی» IQ،[197] ساڵی 1905 لە فرانسا لەلایەن Alfred Binet و Théodore Simon داڕێژرا. ئارمانج لە ئاروینی ڕادەی زیرەکی بریتی بوو لە پێواندنی زیرەکی (بە واتایەکی بەرینتر توانستی هزری)ی منداڵ بە مەبەستی دابینکردنی دنەدەری گونجاوی فێرکارانە. لە داڕشتنی ئاروینی زیرەکیدا وەها دانراوە کە تێکڕای بڕی زیرەکیی گەل سەدە، ڕادەی زیرەکی IQ ی نیزیکەی دوو لە سێی گەل دەکاتە 85-115 («بەهرەی ئاساییی»). گەر ڕادەی زیرەکی بگاتە نێزیکەی 85-70 ئەوا بە «کۆڵەواری»[198] ناودێرە و گەر کەوتە ژێر 70 وە ئەوا دەبێتە «هۆشکولی» یان «گرفتاریی هزری». ئاروینە هەرە باشەکانی ڕادەی زیرەکی - بۆ نموونە بەرهەمەکەی David Wechsler و هاوکارانی (پێوەرەکانی Wechsler، وەک: WPPSI, WISC, WAIS)[199] — لە ڕاستیدا ئاروینی دەماردەروونین و فرە کارکردی زارەکی و نازارەکیی سەربە دەماردەروونی دەپێون.

«گرفتاریی هزری» بۆتە ناو و جۆردۆزی بۆ IQ ی ژێر هەفتا و کێشە گەورەکانی سەربە داهێزانی «کارکردی گونجان».[200] «کۆڵەواری» تەرخانە بۆ ڕادەی زیرەکیی 85-70 تێکبەستە لەگەڵ کێشەی داهێزانی «کارکردی گونجان».

جۆردۆزیی «گرفتاریی هزری» مۆر دەکرێت گەر مرۆڤ لە دوو دیداری ئاروێندا بەرهەمی جێباوەڕی IQ<70 (ڕادەی زیرەکیی ژێر هەفتا) پێشان دا و سەرباری ئەوەش نیشانەی ئاشکرای داهێزانی کارکردی گونجانی لێ دیار بێت. ئەم جۆردۆزییە تەنها کاتێک مۆر دەکرێت کە پزیشک و دەروونناس وێکڕا بڕیاری لێ دەدەن، وەهایش باشترە کە مامۆستایەکیش لەو پەیجۆرییەدا بەشدار بووبێت. زۆربەی کەسانی سەربە گرفتاریی هزری، کێشەگەلی دیکەی ئێسێنسبار و/یان ڕەوانسازییان هەیە. بۆیە هاوکات لەتەک پەیجۆریی ئەم جۆردۆزییەی «گرفتاریی هزری»، گرینگە بڕیارێکی سەرلەبەر هەبێت دەربارەی «دەمارفراژی» و «دەمارڕەوانسازی».

بە هەمان شێوە گەر IQ کەوتە نێوان 85-70 و کارکردی گونجان بەو شێوەیە داهێزرابوون ئەوا باس لە «کۆڵەواری» و «گرفتاریی فێربوون» دەکرێت.




هێڵکاریی «دابەشینی ئاسایی» normal distribution

**تەشەنە**

نێزیکەی 2.5% ی گشت زارۆکانی تەمەن فێرگە خاوەن گرفتاریی هزرین (ڕادەی زیرەکیی ژێر هەفتا و داهێزرانی کارکردی گونجان) بەڵام تەنها کەمتر لە نیوەی ئەمانە جۆردۆزییەکی دروستیان بەر لە تەمەنی دە ساڵی وەرگرتووە (Gillberg & Söderström, 2003). هۆکاریش دەشێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەم سەختە ئەم جۆردۆزییەی «گرفتاریی هزری» بدرێت/وەرگیرێت و هەم زۆر کەس (چ دایباب و چ پسپۆڕان) دەزانن کە ئەم جۆردۆزییە بۆ سەرخۆبوون لە گەورەساڵیدا، فرە گەش نییە.

لەوانەش بترازێت، 13-10 لە سەد IQ یان دەکەوێتە ژێر 85 ـەوە و زۆرجار کێشەی گەورەیان لەگەڵ کارکردی گونجان هەیە. ئەمانە جۆردۆزیی گرفتاریی هزری وەرناگرن، بەڵام ئاستی بەهرەداریی بیردۆزەکییان یەکجار لەژێر هێڵی تێکڕایە. ئەمانە، لەبەرئەوەی هەموارکردنیان لە ماڵ و لە فێرگە بۆ دابین ناکرێت، لەچاو دەستەی خاوەن جۆردۆزیی گرفتاریی هزری،کیشەی گەورەتریان هەیە.

دەیسا ئاشکرایە کە کەسانی «نەدۆزراوە»ی خاوەن کۆڵەواری BIF و خاوەن گرفتاریی هزری ID، لە هەر جڤاکێکدا کە تیژڕەوی و توانستی بەرزی سەواد بە مەرج دەگرێت، تووشی کێشە دەبن، هەم لەتەک ڕەوتی خوێندندا و هەم بەهۆی هەستی پەژارە، خەمۆکی و فراژووتنی دژەجڤاکی لە لایان وەک دەرهاویشتەیەک لە خۆناسینێکی[201] دارماو.

لە جڤاکی هاوچەرخدا، ئەو گرفتارییانەی زادەی کۆڵەوارین، بە باوترین هۆکار دادەنران بۆ کێشەی دەروونی و سەختیی کارکردی گونجان، بەڵام سەرنجگیری لەو «بنەکێشە»یەی دەکەوێتە پاشخان، کارێکی باو نییە. لەبری ئەوە جۆردۆزییەکە دەبێتە خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، «پەشێویی لاساری» ODD و ماخۆلان.

تۆژینەوە زۆرن پیشانی دەدەن کە لەڕاستیدا کورتهێنانی بەهرەیە دەبێتە کەمەرکێشی فراژووتنی نایاو لای زارۆکی سەربە کێشەگەلی دیکەی ئێسێنس، بۆ نموونە کە دیتە سەر «جۆردۆزیی خراپ» لە ئاوتیزمدا، «گرفتاریی هزری» هۆکارە بۆ زۆرینەی ناتەباییەکان. پێم وەهایە کۆڵەواریی جۆردۆز نەکراویش فراژووتنێکی نایاو بۆ چەند جۆردۆزیی دیکەی ئێسێنسبار پەلکێش دەکەن، هەر بە نموونە ئاوتیزم، ماخۆلان و زمانپەشێوی. بەداخەوە کۆڵەواری (IQ 70-85) هەم لە تۆژینەوەی سیستەمبەندیدا یەکجار کەم ڕەچاوگیرە و هەم لە بواری ڕەوانسازیی زارۆک و گەورەساڵ و بواری پزیشکیی گشتی و توانابەخشینەوەدا،[202] بەراورد بە باسی دیکە، نازانرێت چ سەنگێکی نایاوی هەیە کە ئێمە لەم جڤاکە هاوچەرخەدا ئاستێکی گشتیی کۆڵەواریمان هەیە، بەتایبەتی کە هیچ کۆمەکێکی پێداگۆگییانەیان بۆ دابین نەکراوە.

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ گرفتاریی هزری (هۆشپەشێوی)**

گرفتاریی هزری (هۆشپەشێوی) لادانێکی فراژکارە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فراژووتن و بریتییە لە کێشەی هەم هزری و هەم کارکردی گونجان لە بواری زانیارەکی،[203] جڤاکی و کارەکیدا. ئەم سێ پێوەرانە دەبێت پێکرابن:

**A.** کورتهێنانی کارکردی هزریی وەک توانستی وردەدۆزی،[204] چارەدۆزی،[205] بیرکردنەوەی دەرهەست،[206] دادوەری،[207] کارزانیی خوێندن[208] و توانستی فێربوون لە ئەزموونەوە، کە دەبێت بسەلمێنرێت لە ڕێی هەم پەیجۆری و دیاریکردنی کلینیکییەوە و هەم ئارویینی ستانداردی تاکەکەسیی زیرەکییەوە.

**B.** کورتهێنانی توانستی کارکردی گونجان کە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی، لە بواری وەک سەرخۆبوون و لەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی، ئەو مرۆڤە نەگات بەو ئاستەی لە ڕووی فراژووتن و جڤاکفەرهەنگییەوە بەرتەمایە. گەر کۆمەکی بەردەوام دابین نەبێت، ئەم کورتهێنانەی توانستی گونجانە هەڵکردنی مرۆڤ لە یەک یان چەند ڕووکارێکی ڕۆژانەدا سنووربەست دەکات، وەک: دانوستان، بەشداریی جڤاکی و سەرخۆبوون لە چەندین بواری گوزەرانی وەک خێزان، فێرگە، کار و جڤاک.

**C.** کورتهێنانی توانستی هزری و گونجان لە ماوەی فراژووتندا خویا دەبن.

### نیشانە

هەموو نیشانەکانی ئێسێنس دەشێن ببنە یەکەم ئاماژە بە گرفتاریی هزری. دۆخی گرفتاریی کەمدژوار یان فرەدژوار (IQ<50) بەگشتی دەبێتە کورتهێنانێکی سەخت لە ڕەوتی فراژووتنی هەم توانستی بزاوتن و زماندا و هەم هۆشەدەرانەی سەرلەبەر.

باوترین نیشانەکانی کۆڵەواری (IQ 70-85) بریتین لە خاوی، گرفتاریی فێربوون بەڕادەیەکی کەم تا مامناوەند و/یان سێرەپەشێوی. لە تەمەنی سالانی فێرگەدا ئەوجا نیشانەی کۆڵەواریی بیردۆزەکی بە یاوەریی کێشەی دژوارەوە خویا دەبێت، وەک گرفتاریی فێربوون و کێشەی گشتیی ڕەفتار.

ئاشکرا نەبوونی ئاستی بەهرەدایی ڕێک لەژێر ئاساییەوە لە گشت ساڵانی فراژووتندا، دیاردەیەکی دەگمەن نییە. لە دۆخی وەهادا نیشانەی خەمۆکی و سێرەپەشێوی دێنە پێشارەوە (بەتایبەتی لە فێرگەدا چونکە کۆڵەوارییەکە دەبێتە هۆی بڕ نەکردن لە فێرکارییەکەدا). بۆیە جۆردۆزیی وەک خەمۆکی و ماخۆلان مۆر دەکرێن بێ ئەوەی کێشە بنەڕەتییە سەرەکییەکە تەنانەت بێتە سەرنجدان. ئەم دیاردەیە برەویشی زیادتر دەبێت کاتێک هەرزەکاری کۆڵەوار دەکەوێتە خۆدزینەوە لە فێرگە، تێکەڵبوون لەتەک دەستەی بەدکاران و ملنانە فراژووتنێکی دژەجڤاک.

**هۆکار و سەدەمی مەترسیدار**

لە نێزیکەی گشت دۆخەکانی گرفتاریی سەختی هزری دەکرێت یەک یان چەندین سەدەمی بەرشیان دیاری بکەین، بۆ نموونە هەر لە لادانی کرۆمۆسۆمەوە وەک بەرژەنگی Down[209] و بەرژەنگی تریسۆمی 18،[210] دەردی ژێنەکیی وەک سەختەگرێ، بەرژەنگی ژەهراویبوونی وەک بەرژەنگی ئاوڵەمەی کوحوولزەدە FAS[211] هەتا دەگاتە بەرژەنگی زەدەبوونی مێشک لە ئەنجامی نەوەکامی، «خنکان»[212]ی کاتی زان و هەروەها چڵککردنی مێشک کاتی دووگیانی و ساڵانی بەرایی تەمەن.

لە دۆخی نەرمەگرفتاریی هزریدا دەکرێت یەک یان چەند سەدەمێک بۆ نێزیکەی نیوەی دۆخەکان دیاری بکرێن. دۆخەکانی دیکەیان دەدرێنەوە بە بنەمای «دابەشینی ئاسایی»،[213] واتە ئەو بنەمایەی دەڵێت لە نێو زۆربەی گەلاندا دابەشینێکی ئاسایی هەیە تێیدا کەسانێک نمرەی فرە بەرزتر یان فرە نزمتر دەهێنن بەراورد بە هێڵی تێکرا.

هۆکارێکی نزمیی ئاستی IQ لای زۆربەی کەسانی کۆڵەوار دەگەڕێتەوە بۆ «دابەشینی ئاسایی»، هۆکارەکانی دیکە بریتین لە زەدەبوونی کۆئەندامی دەمار لە کاتی دووگیانی و/یان ساڵانی فراژووتندا، یان دەشێت بگەڕێتەوە بۆ کەمیی دنەدان و بەدمامەڵەت.

**تیمارکاری**

فێرکاریی هەموار[214] گرینگە بۆ گرفتاریی هزری. زۆربەی کەسانی خاوەن گرفتاریی هزری بەڕادەیەکی مامناوەند یان سەخت، لە تەمەنی ساڵانی زارۆخانەدا «دەدۆزرێنەوە» و جۆردۆزی وەردەگرن. [لە سوێد] بەپێی یاسا کۆمەک دەکرێن و دەرفەتی «فێرگەی تایبەت»یان بۆ دابینە. گرووپی سەربە نەرمەگرفتاریی هزری زۆرجار هەتا نەگەنە تەمەنی فێرگە نادۆزرێنەوە، جاریش هەیە دەگاتە هەرزەکاری و گەورەساڵی و لەبەرئەوە کۆمەکی دروست وەرناگرن. جار هەیە زنجیرەیەک جۆردۆزیی ڕەوانسازی پێش جۆردۆزیی گرفتاریی هزری دەکەون و جاریش هەیە، وەک زووتریش باس کرا، کێشە هزرییە بنەڕەتییەکە هەرگیز نایەتە جۆردۆزی.

لە دۆخی کۆڵەواریدا، زوو جۆردۆزی، ئاگاداری، فێرکاریی هەموار و دیڤچوونی درێژخایەن فرە گرینگن. مەخابن، فێرکاریی هەموار تەنێ بۆ کەمینەیەکی ئەم گرووپە گەورەیە دابین دەکرێت.

ئاروینکردنی ئاستی زانیارەکیی مرۆڤ شاخاڵە بۆ دابینکردنی کۆمەکی دروست. گشت ئەوانەی کار دەکەن لەتەک زارۆک و گەورەساڵی سەربە گرفتی تاوگیری و ڕەفتارەکی، لەتەک کەسانی خاوەن کێشەی گەورەی کارکردی گونجان و هەروەها لەتەک کەسانی سەربە گرفتاریی جۆراوجۆری فێربوون، دەبێت ئاستی کارکردی زانیارەکیی مرۆڤەکە ڕەچاو بگرن. هەڵوێستی کلینیکانە لەم بوارەدا، داوا دەکات ئاروینی زانیارەکی/دەماردەروونی پیادە بکرێت و گەر ئەنجامەکەی ئاماژەی بە گرفتاریی هزی یان کۆڵەواری دا ئەوا دەبێت پاش چەند ساڵێک ئاروینەکە و هەڵسەنگاندنەکە دووبارە بکرێنەوە - لانیکەم بۆ ئەو منداڵانەی یەکەم ئاروینیان لە تەمەنی زارۆخانەدا بووە. مەبەست لە ئاروینی فرەپات ئاگربڕکردنی مەترسییە لە نرخاندنی زێدەبەرز و زێدەنزمی توانستی هزری کە دەشێت دەرهاویشتەی تاکە یەک ئاروین بن.

**پێشبینی**

ئاروینی فرەپاتی IQ لە ساڵانی بەرایی فێرگەدا، بەراورد بە نێزیکەی گشت پۆلێنکارییەکانی دیکەی سەربە دەروونناسی و ڕەفتارناسی، بەگشتی تەمەنپۆشانانە ئەنجامی یەکبینی هەیە. ئەرێ، دەشێت کەمیی پەرگیری دنەدان ببێتە هۆی «داهێزان»ی IQ و هەروەها دەشێت دنەدانی زووی چڕی پەرگیر ببێتە هۆی «ڕاهێزان»، بەڵام لە سنوورێکی فرە بەرتەنگدا. بەستەری نێوان IQ و سەرکەوتن لە سەندنی زانیاردا لە ساڵانی فێرگەدا بەهێزە.

لای مرۆڤێکی هەر لە تەمەنی زارۆخانەوە IQ ی نزم و فرە نزم بێت، توانستی گوزەرانی تەواو سەربەخۆی لە گەورەساڵیدا کزە.

گرینگە بزانین کە ڕێژەی هەبوونی کێشەگەلی دیکەی ئێسێنسبار لای کەسانی کۆڵەوار، کەسانی خاوەن IQ ی ژێر 85، فرە هەڵکشاوترە لەچاو گرووپی کەسانی خاوەن ئاستێکی ئاسایی یان بەرزی هزری. ئەو دۆخانەی دیکەی وەک ماخۆلان، DCD و زمانپەشێوی کە لە گرووپی سەربە گرفتاریی هزری و کۆڵەواریدا هەن، بەرچارەن (دەکرێت چارە بکرێن)، تەنانەت بە دەرمانکاری.

پێشبینی لە گوزەرانی گەورەساڵی خاوەن گرفتاریی هزری تەنها گرێدراوی IQ و توانستی گونجانی تەمەنی فێرگە نییە، بگرە سەرباری ئەوەش گرێدراوی کێشەگەلی ئێسێنسبارە کە نێزیکەی هەمیشە لەم دۆخەدا یاوەرن (بۆ نموونە زمانپەشێوی و ماخۆلان) و هەروەها گرێدراوی دەردی دیکەی پاشخانن (وەک لادانی کرۆمۆسۆم، CP و پەرکەم).

لە دۆخی کۆڵەواریدا ناکرێت جۆردۆزییەکی گشتی مۆر بکرێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە زۆرێک لەوانەی گرفتاریی فێربوونیان هەیە و نەدۆزراونەتەوە (و بۆیە فێرگە کۆمەکیان ناکات)، بەدەم فراژووتنەوە سەختیی دەچێژن. بڕ نەکردن لە فێرگە، هەم بەرهەمکارانە و هەم لە ڕووی هەڤبەندیی جڤاکییەوە، تەواو باوە. چەپاندن تەواو سەردەستە. گەر ئەو یاوەرییە بەرینەی کێشەگەلی سەربە ئێسێنس-یش ڕەچاو بکەین تێ دەگەین لەوەی مەترسییەکی یەکجار مەزن هەیە لەوەی ئەم گرووپە تووشی کێشەی سەربە ڕەوانسازی و هەڵکردنی جڤاکی بێت.

## پاژی هەفتەم: پەشێویی تایبەتی فێربوون SLD

«پەشێویی تایبەتی فێربوون»[215] مێژووکردانە دابەش کراوە بەسەر دوو پۆلدا: «دژواریی ماتەماتیکانە»، کە بە «سەختەژمێر» (دیسکالکوولیا)[216] ناودێر کراوە و «دژواریی سەواد»، کە بە «سەختەسەواد» (دیسلێکسیا) ناودێر دەکرێت، گەرچی ئەم دوو چەمکەی «دژواریی سەواد» و «سەختەسەواد» تەنها لە هەندێک باردا تێهەڵکێش دەبن. سەختەسەواد (دیسلێکسیا) پۆلێکی جۆردۆزییە سەدەیەک زیادترە بەکار دەبرێت بۆ جوداکردنەوەی ئەو جۆرە سەختییانەی خوێندنەوە و نووسین کە ناچنە ژێر ڕکێفی بێبڕستیی هزرییەوە. بەڵام ئەم چەمکەی «دژواریی سەواد» (دژواریی خوێندنەوە و نووسین)، کە ئەمڕۆ پتر برەوی هەیە، هەم سەختەسەواد دەگرێتەوە (بە ناتەبایی نێوان توانستی خوێندنەوە و نووسین لە لایەک و ئاستی هزریی گشتیی لە لایەک) و هەم دۆخی وەهای کە دژوارییەکەی لانیکەم بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی کەمتازۆر سەربە گرفتاریی فێربوون.

### تەشەنە

ڕێژەیەکی گەورەی گەڵ «پەشێویی تایبەتی فێربوون»ی هەیە، مەبەست دژوارییە لەتەک ژمارە/ماتەماتیک یان سەواد (خوێندنەوە و نووسین) یان هەردووک، دژواریی وەها کە بەئاسانی ناچنە خانەی کۆڵەواریی گشتییەوە. زۆرێک لەم کەسانە - هەر وەک ئەوانەی سەربە «پەشێویی گشتیی فێربوون»ـن - کێشەگەلی دیکەی ئێسێنسیان هەیە، وەک زمانپەشێوی، ماخۆلان، بزاوتپەشێوی و هەروەها ئاوتیزم یان ئادگاری ئاوتیستانە.

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ پەشێویی تایبەتی فێربوون**

**A.** سەختیی فراژاندن و چەرخاندنی کارزانیی ئەکادێمییانە، کە لانیکەم یەک لەم نیشانەگەلەی خوارەوە دەپێکێت و لانیکەم شەش مانگ، وێڕای کۆمەکی دژ بەو پەشێوییە، دەوامەدار بووە:

1. کێشەی خوێندنەوە: هەڵەخوێندنەوە یان خوێندنەوەی خاوی ڕەنجدەرانە (بۆ نموونە وشە تاکتاک دەنگدارانە بە هەڵە، بەگومانەوە و بەخاوی دەخوێنێتەوە، زۆرجار دەکەوێتە مەزەنەکردنی وشە، گۆکردنی وشەکەی لا سەختە).
2. کێشەی تێگەیشتن: دژواریی تێگەیشتن لە پەیامی ئەو تێکستەی دەیخوێنێتەوە (بۆ نموونە تێکستەکە دروست دەخوێنێتەوە بەڵام پەی نابات بە زنجیرەی وشەکان، بەستەرەکان، واتای بنتۆژ و مەبەستە قووڵترەکانی تێکستەکە).
3. کێشەی پیتنووسی: (وەک زیادکردن، وێڵکردن و پیتگۆڕگێی دەنگدار (کۆنسۆنانت) و دەنگدێر (ڤۆکال)).
4. کێشەی دەربڕین بە نووسین: (وەک چەندین هەڵەی ڕێزمان و خاڵبەندی لە ڕستەدا، کورتهێنانی داڕشتنی کۆپلە، لێڵیی دەربڕین لە بیرۆکەی نووسراودا).

5. کێشەی ژمارە: کێشەی فراژاندنی ڕەنووسناسی، پەیبردن بە ڕاستینە (فاکت)ی ڕەنووس، سەختیی ژماردن (کورتهێنانی پەیبردن بە وشەژمارە،[217] ئەندازەی ژمارە و هەڤبەندیی نێوان ژمارە، پەنابردنەبەر ژماردنی پەنجەکار (ژماردن بە پەنجە) لەبری ژماردنی هزرزا[218] کە هاوپۆلەکانی دەیکەن بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی کۆکاریی ژمارەی تاکڕەنووس، ڕێویڵکردن و ڕێگۆڕکێ لە کاتی ژمێرکاریدا).

6. سەختیی بیرکردنەوەی ماتەماتیکانە: (سەختیی پیادەکردنی چەمک، ڕاستینە (فاکت) و ڕێکرد[219] ماتەماتیکانە).

**B.** توانستی کارکردانە لەو بوارەی بەرباسە بەشێوەیەکی ڕوون و بەرپێوان نزمترە لە ئاستی بەرتەما لای کەسانی هاوتەمەن. ئەم گرفتارییە دەبێتە مایەی سەختیی هەڵکردن لەتەک کاری فێرگە، پیشە و جڤاکدا. گرفتارییەکان لە ڕێی هەم پەیجۆری و دیاریکردنی کلینیکیی بەرینەوە و هەم ئاروینی ستانداردی تاکەکەسی بۆ پێوانی توانستی بەرهەمکاری. بۆ کەسانی تەمەن هەڤدە ساڵ و سەرووتر، دەشێت «پێشینەدۆزیی پزیشکی»ی وردتۆمار[220] دەربارەی گرفتاریی فێربوون ببێتە جێگرەوەی ئاروینی ستاندارد.

**C.** گرفتاریی فێربوون لە تەمەنی ساڵانی فێرگەدا هەن بەڵام هەمیشە تەواو خویا نابن هەتا مەرجی بەرتەما لە ئاستی ئەو توانستە بەرزتر دەبێت لە ئاستی توانستی ئەو کەسە کێشەدارە (وەک ئاروینی کاتپێوان، کاتێک داوا دەکرێت تێکستی درێژ و ئاڵۆز بێتە خوێندنەوە و دارشتنەوەی پوختەی باس بە نووسین، لە ماوەیەکی بەرتەنگی دیاریکراودا و لە دۆخێکدا ئەرکی فێرکاریی دیکەی بارگران پەیدان).

**D.** ڕاڤەکردنی ئەم گرفتارییانەی فێربوون نادرێنەوە بە گرفتاریی هزری، کێشەی چارەنەکراوی دیتن و بیستن، کێشەی دیکەی سەربە ناسازیی دەروونی، پەشێویی دەمارناسەکی، گرفتاریی دەروونجڤاکی،[221] فێرکاریی نالەبار یان کێشەی زماننەزانی وەها کە ببێتە هۆی گرفتاریی فێربوون.

**سەرنج:** بۆ بڕیاردان لەو چوار پێوەرەی جۆردۆزی دەبێت تێکبەستەیەک لە «پێشینەدۆزیی پزیشکی» (مێژووی فراژووتن، پێشینەدۆزیی دەرمانکاری، مێژووی خێزانەکی، ڕەوتی خوێندنی فێرگە)، ڕاپۆرتی فێرگە و ئاروینی سەربە دەروونفێرکاری، بکرێتە سەرشار.

**جۆرەکانی «پەشێویی فێربوون»**

- سەختەسەواد dyslexia: چەمکێکە بۆ ئاماژەدان بە سەختیی خوێندنەوە. مرۆڤی خاوەن سەختەسەواد لای سەختە ئەو پیتانەی دەیانبینێت ببەستێتەوە بەو دەنگانەی وابەستەی پیتەکانن. ئەمەش دەبێتە مایەی خوێندنەوەیەکی خاوی بەسۆی پچڕپچڕ.

  مرۆڤی خاوەن سەختەسەواد، چ هەرزەکار و چ گەورەساڵ، گەر بۆیان بلوێت، خۆ دەدزنەوە لە دۆخی وەهای داوای خوێندنەوە بکات (وەک خوێندنەوە بۆ چێژوەرگرتن یان خوێندنەوەی ڕێنامەی کار). ئەمانە زۆرجار پەنا دەبەنە بەر مێدیای دیکەی وەک وێنە، ڤیدیۆ و دەنگ.

- سەختەنووس (دیسگرافیا) dysgraphia: چەمکێکە بۆ ئاماژەدان بە سەختیی دارشتنی بیرۆکە بە نووسین. سەختیی پیتنووسی، ڕێزمان، خاڵبەندی و دەستنووسی بەشێکن لە سەختەنووس.

- «سەختەژمێر» (دیسکالکوولیا) dyscalculia: چەمکێکە بۆ ئاماژەدان بە سەختیی فێربوونی چەمکی سەربە ژمارە و سەختیی بەکارهێنانی هێما و کارکردی ماتەماتیکانە. کێشەی ماتەماتیکانە دەشێن بریتی بن لە کێشەی پەیبردن بە ژمارە، یادچەسپێنی ڕاستینە (فاکت)ی ماتەماتیکانە، ژمێرکاری، بەڵگەکاریی ماتەماتیکانە و هەروەها چارەدۆزیی ماتەماتیکانە.

**نیشانە**

نۆنەخشەی «پەشێویی تایبەتی فێربوون» دەشێن بریتی بن لە سەختیی فێربوونی خوێندنەوە، نووسین یان ژماردن. زۆرجار درەنگکەوتنی زمانگرتن پێش ئەم پەشێوییە تایبەتانە پەیدایە، کە لەوەیە بووبێتە مایەی ڕاوێژی لۆگۆپێدانە، بەڵام بەر لە دەستپێکی خوێندنی فێرگە، فراژووتنەکە بە «ئاسایی» زانراوە. جاریش هەن کێشەی دیکەی دەروونییش پەیدا دەبن، وەک خەمۆکی و فێرگەنەویستن یان خۆدزینەوە لە فێرگە (چونکە منداڵەکە لەبەر گرفتاریی فێربوون - کە بەگشتی جۆردۆزیی بۆ نەکراوە - هەست بە کورتهێنان و نەزانی دەکات).

**نیشانە لە هەرزەکاریی هەڵکشاوتر و گەورەساڵیدا**

لای ئەو منداڵ و جەوانانەی جۆردۆزیی گرفتاریی فێربوون وەرناگرن و بەوەش بێبەری دەبن لە کۆمەکی زووی بەرایی تەمەن، نیشانە «بەرچاوەکان» لە تەمەنی هەرزەکاری و گەورەساڵیدا دەبنە نیشانەی کێشە لاوەکییەکانی وەک خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، فێرگەنەویستن، خۆدزینەوە و فرە جاریش هەڵنەکردنی جڤاکی.

**هۆکار و سەدەمی مەترسیدار**

هەم سەختەسەواد (دیسلێکسیا) و هەم سەختەژمێر (دیسکالکوولیا) توند ڕەگاژۆی زگماکن و بەگشتی لای یەک یان چەند خزمێکی نێزیکی خاوەن کێشەی لەو بابەتانە، پەیدان. بەڵام جار هەیە لای دایبابی منداڵەکە بە کێشەی «وێڵکراو» دادەنرێن، یان تەنانەت وەک کێشەی ڕێنووس تەماشا دەکرێت کە پێویستی بە جۆردۆزی نییە.

بۆچوون وەهایە کە هۆکاری هەم سەختەسەواد و هەم سەختەژمێر زۆرجار دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی لە کارکردی مێشکدا یان بۆ تێکچوونی زگماک لە ساختاری مێشکدا.

**تیمارکاری**

هێچ چارەسەرێکی هەمەپۆش لەم بوارەدا نییە بەڵکوو دەبێت چارەسەر هەمواری تاکەکەس بێت. بەڵام لێمان ڕوونە کە زوو جۆردۆزی و ئاگاداری، فێرکاریی هەموار و دیڤچوونی درێژخایەن بەگشتی هەنگاوی سەنگینن.

هەنگاوی بەرگرانە هەن کە دەشێن تاوی دەرهاویشتە لاوەکییەکانی، بۆ نموونە سەختەسەواد، داهێزن، وەک ڕاهێنانی دەستاوێژ، گوتە و هۆنراوەی خاوەن سەروا لە تەمەنی زارۆخانەدا. تۆژینەوەش هەن پێشانی دەدەن کە

فێربوونی فره زوو، بەتایبەتی بۆ زارۆکی بەرمەترسیی گرفتداربوون (وەک زارۆکی نێو خێزانی کە تێیدا سەختەسەواد باوە)، دەشێت دەرئەنجامی باشی هەبێت.

**پێشبینی**

پێشبینیی هەمەپۆش لەم بوارەدا پەیدا نییە، بەڵام گومان نییە لەوەی زۆر لەوانەی گرفتاریی تایبەتی فێربوون لایان ئاشکرا نابێت (و بۆیە لە فێرگەش کۆمەک ناکرێن)، بەدەم فراژووتنەوە تووشی کۆسپ و دژواری دێن.

## پاژی هەشتەم: بەرژەنگی Tourette و دۆخی دیکەی خاوەن «تیکس» tic(s)

### مێژووی بەرژەنگی Tourette

ئەوەی ئەمڕۆ بە «بەرژەنگی Tourette» ناسراوە، یەکەم جار لەلایەن Georges Gilles de la Tourette، کە فێرخوازی Jean Martin Charcot بوو، لەسەر بنەمای ئەزموونی کلینیکانەی خۆی وەک دەمارناس،[222] لە پاریس هاتە ڕاڤەکردن. Tourette باسی لە «تیکس»ی «سێ لایەنە» دەکات: «تیکسی بزاوت»،[223] «تیکسی زارەکی»[224] و «پیسگۆیی»[225] (فرەپاتکردنەوەی ناچارانەی وشەی «پیس/نەشیاو»). Tourette ئەوەشی خستە سەر کە ئەمە دەردێکی داڕزێنە و نەخۆشەکە بەدەم کاتەوە خراپتر دەبێت. بەر لەوەش Jean Marc Itard ی پزیشکی فرانسی (کە یەکێکیشە لەو یەکەمانەی بەوردی ڕاڤەی دۆخی کوڕێکی ئاوتیستی کردووە) ڕاڤەی دۆخێکی نموونەیی کردووە لە خانمێکی خانەدانی ساڵی 1825. فرە دێرتریش (بۆ نموونە لە سەدەی پازدەهەمدا) دۆخی نموونەیی دیکە ڕاڤە و چارەسەر کراون بە «دەرپەڕاندنی جندۆکە»[226] و لە دۆخی «تیکسی زارەکی»دا بە دەمبەستن.

لە سەدەی بیستەمدا مۆدێلی لێکدانەوەی سەربە دەمارناسی و دەروونشیکاری[227] پەیدا بوون بەڵام تەنها لەم بیست ساڵەی دواییدا بەرژەنگی Tourette وەک بەرژەنگێکی سەربە «دەمارڕەوانسازی» هاتە پەژراندن.

### تەشەنە

تیکس (چ بزاوت بێت و چ زارەکی) برەوی زۆرە لە ساڵانی بەرایی فێرگەدا، بەڵام تەنها نێزیکەی یەک لە سەدی گشت جەوانان گیرۆدەن بە تیکسی ئاوێزانی بزاوت و زارەکی. ئەوە ئەم گرووپەیە کە دەشێت بکەونە بەر جۆردۆزیی بەرژەنگی Tourette.

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ تیکس و بەرژەنگی Tourette**

**سەرنج:** تیکس بریتین لە دەربڕینی ناکاو، تیژڕەو، کلێشەبەند، فرەپات و شپرزەی بزاوت و زارەکی.

### بەرژەنگی Tourette

**A.** هەم چەند تیکسێکی بزاوت و هەم یەک یان چەند تیکسێکی زارەکی لە ماوەیەکدا خویا دەبن بەڵام مەرج نییە هاوکات بن.

**B.** دەشێت فرەپاتبوونەوە تیکسەکان جۆراوجۆر بن بەڵام دەبێت لە نۆنەخشەیانەوە لانیکەم یەک ساڵ دەوامەدار بن.

**C.** نۆنەخشەیان بەر لە تەمەنی هەژدە ساڵان بێت.

**D.** پەشێوییەکە نادرێتەوە بە دەرهاویشتەیەکی فیزیۆلۆژیی دەرمان (بۆ نموونە کۆکائین) یان دۆخێکی دیکەی دەردەداری (وەک دەردی Huntington،[228] هەوکردنی[229] ڤایرۆسزەدەی مێشک).[230]

## تیکسی هەمیشەیی بزاوت و زارەکی

**A.** یەک یان چەند تیکسێکی بزاوت یان زارەکی، تەنها یەک لە ئەمیان یان ئەویان بۆ ماوەیەک خویا دەبێت.

**B.** دەشێت فرەپاتبوونەوەی تیکسەکان جۆراوجۆر بن بەڵام دەبێت لە نۆنەخشەیانەوە پتر لە ساڵێک دەوامەدار بن.

**C.** نۆنەخشەیان بەر لە تەمەنی هەژدە ساڵان بێت.

**D.** پەشێوییەکە نادرێتەوە بە دەرهاویشتەیەکی فیزیۆلۆژیی دەرمان (بۆ نموونە کۆکائین) یان دۆخێکی دیکەی دەردەداری (وەک دەردی Huntington، چڵککردنی ڤایرۆسزەدەی مێشک).

**E.** نەگەیشتبێتە ئاستی پێکانی پێوەرەکانی بەرژەنگی Tourette.

## تیکسی کاتی

**A.** یەک یان چەند تیکسێکی بزاوت و/یان زارەکی.

**B.** تیکسەکان دەبێت لە نۆنەخشەیانەوە ماوەیەکی کورتتر لە ساڵێک دەوامەدار بن.

**C.** نۆنەخشەیان بەر لە تەمەنی هەژدە ساڵان بێت.

**D.** پەشێوییەکە نادرێتەوە بە دەرهاویشتەیەکی فیزیۆلۆژیی دەرمان (بۆ نموونە کۆکائین) یان دۆخێکی دیکەی دەردەداری (وەک دەردی Huntington، چڵککردنی ڤایرۆسزەدەی مێشک).

**E.** پێوەرەکانی بەرژەنگی Tourette یان تیکسی یەکبینی بزاوت یان تیکسی جێگیری زارەکی هەرگیز نەپێکرابن.

### نیشانە

تیکس (بۆ دەوروبەر) دەشێت جووڵەیەکی ناکاو، چاوەڕوان نەکراوی بەرواڵەت خواستبەدەری شپرزە بێت لە یەک یان دەستەیەک ماسوولکەدا (تیکسی بزاوت) یان دەرپەڕاندنی دەستەواژە، وشە و دەنگ بە شێوازێکی پچرپچری گرژۆڵ (تیکسی زارەکی). تیکس هەن ساکارن (تاکماسوولکەن) یان ئاڵۆزن (بزاوتی پچرپچڕی زۆرەکی بەڵام تێکبەستە لە چەندین دەستەی جیاوازی ماسوولکەدا).

نۆنەخشە ڕوونەکانی تیکس زۆرجار لە تەمەنی 6-7 ساڵیدا دەردەکەون، بەڵام جاریش هەن مرۆڤ دەتوانێت پاشکات بچێتەوە بۆ ئەوەی ڕەفتاری تیکسئامێز فرە زووتر هەبووە، جار هەن لە ساڵانی بەرایی تەمەندا هەبوون.

کەللەلێدان، سەرچەرخاندن، فرەبزێوی و لاجڵەویی جرپنی لە تەمەنی ساواییەوە هەبووە لای زۆربەی ئەوانەی پاشان بوونەتە خاوەن جۆردۆزیی Tourette.

تیکس زۆرجار لە تەمەنی بەرەهەرزەکاریدا فرە بەرچاوە و پاشان خامۆش دەبێت یان فرەپاتبوونەوە و ڕادەی دژوارییەکەی، بەگوێرەی هەڵکشان یان داکشانی سترێس، دێتە گۆڕین. ماوە هەیە تیکس تێدا دژوار دەبن (و دنەی هەستەوەرانەی وەک «خوران»، «چزان» و «گرژی» لە ماسوولکەدا دەبێتە پێشەنگیان) و دەبنە مایەی کێشەی گەورەی گونجان، کەچی پاش ماوەیەکی کورت یان درێژخایەن هەر دەڵێی خامۆش بوون.

تیکس بۆخۆی دەشێت فرە گرفتساز بێت، بەڵام هۆکاری هەرە باو بۆ ئەوەی کەسی گرفتار یان خێزانەکەی داوای کۆمەک بکەن بریتین لە نیشانەگەلی وەک سێرەپەشێوی، جرپنی و فرەبزێوی (زۆرجار هێند ڕوونن کە سنووری جۆردۆزیی ماخۆلان دەبەزێنن) لە لایەک و خووپەشێوی OCD ی سەخت لە لایەکی دیکەوە. نێزیکەی گشت ئەوانەی بەرژەنگی Tourette ـیان هەیە و داوای پەیجۆریی پزیشکی دەکەن، پێوەرەکانی ماخۆلان و OCD پڕ دەکەنەوە و بە پلەی یەکەم پێویستیان بە چارەسەرە بۆ ئەو گرفتانە.

زۆرێک لەو زارۆکانەی پاشان جۆردۆزیی Tourette وەردەگرن، لە منداڵیدا جرپن بوون و هێندەیان بەدکاری کردووە کە بێباک، دڕ و تەنانەت ترسناک دانراون، بەڵام زارۆکیش هەن زووتر بەپەرێز و شەرمن بوون و ئادگاری ئاوتیستانەیان پێوە دیار بوو.

لە گەورەساڵیدا باوە کە تیکس وەک بەشێک لە کەسایەتی سەیر بکرێت، بەڵام کێشەگەلی سەربە ماخۆلان و OCD دەکەونە پێشارەوە و دەبنە مایەی کورتهێنانی جڵەوگرتنی جرپنی، «خووبیرۆکە»[231] و «خووکردە»[232] (بۆ نموونە پێویستیی «لێکنۆڕین»،[233] خووکردەی وەک ڕاستکردنەوەی تابلۆیەکی لار، ڕاستکردنەوەی پۆشاک و دەربڕینی خۆ و کەسانی دیکە) کە دەشێت لای دەوروبەر بە مەودانەبین، ڕووداری و کورتهێنانی بەهەندگرتنی دیدی کەسانی دیکە بێتە لێکدانەوە. «هەڵچوون»ی ناکاوی زارەکیش و هەروەها زمانگرتن و گیرخواردنی پچڕپچڕ لەم بوارەدا برەویان هەیە.

«پیسگۆیی» کە یەکێکە لە نیشانەکانی جۆردۆزی کە Tourette باسیان دەکات، ویڕای ئەوەی زۆر کەس هەن مەیلیان دەچێت بۆ دەربڕینی نالەبار و «هەستبەدەر»، بەڵام نابێتە نیشانەیەکی نموونەیی لای زۆربەی کەسانی خاوەن ئەم جۆردۆزییە. جاریش هەن پیسگۆیی دژوار خویا دەبن (هەیە وابەستەی دیاردەی فەتیشگیریی زایەندەکییە[234] بە لەشنواندنەوە.)[235]

### هۆکار و سەدەمی مەترسیدار

بەرژەنگی تیکس و بەرژەنگی Tourette، وەک زۆربەی دۆخەکانی ئێسێنسبار، بەڕادەیەکی بەرز زگماکن. تەناتەت مەیلی «سووکەتیکس»یش (کێشەی سەربە تیکس بەڵام ناگەنە مەرجەکانی جۆردۆزی) هەر میراتبەندە (ڕەگاژۆی زگماکە).

لاپۆلێک هەیە لە گرووپی Tourette ـدا دەکرێت نیشانەکانیان ڕاستەوخۆ یان تیان (ناڕاستەوخۆ) ببرێنەوە بۆ هۆکاری چڵککردنی جۆراوجۆر. کێشەکانی ئەم لاپۆلە فرە ئاڵۆزن و ئادگاری بەهێزیان هەیە سەربە ماخۆلان و OCD و جار هەن بە پانس/پانداس PANS/PANDAS[236] جۆردۆزی دەکرێن.

تیکس بۆخۆی نابێتە مایەی گرفتاری مەگەر دەگمەن. بەڵام بەگشتی، وەک زووتریش باسی هات، بەرژەنگی Tourette تێهەڵکێشی ماخۆلان و/یان OCD یە. سەرباری ئەوەش زۆرجار ئادگاری ئاوتیستانەشیان دێنە پاڵ. ئەوە ئەم کۆگرفتبوونەیە لەتەک کێشەگەلی دیکەی ئێسێنس کە دەبێتە مایەی دژواریی مەزن لە کاتی فراژووتندا.

تۆژینەوە زۆرن پێشانی دەدەن کە لە بەرژەنگی Tourette ـدا، کۆنترۆڵی «تەویڵەپل» [پێشارەپل / بەشی پێشەوەی مێشک] / ڕێکخەری بەش و کارکردی دیکەی مێشک کورتی دەهێنن و ئەمەش دەبێتە مایەی شپرزەکردنی کارکردی «بنەگرێ»ـکان (کە لای خۆیەوە دەبێتە مایەی پەیدابوونی خووبیرۆکە لەگەڵ خووکردە). تۆژینەوەش هەن پێشانی دەدەن کە «تەویڵەپل» لای کەسانی «تیکس»ـیان هەیە خێراتر گەشە دەکات وەک لای ئەوانەی «تیکس»ـیان نییە. ڕاڤەی ئەم دیاردەیەش دەڵێت مێشک بەم کارە پەرۆشی تێهێنانەوەی ئەو کورتهێنانەی کۆنترۆڵە بنەڕەتییەکەیە و هەر خۆیەتی دەبێتە هۆکار بۆ ئەو هەڵکشانەی خووگیری کە بەدەم ڕەوتی تەمەنەوە لای کەسانی خاوەن کێشەگەلی Tourette زیاد دەکات (شائەرکی تەویڵەپل بریتییە لە چەرخاندن، هزراندن و بەر لە هەمووان کۆنترۆڵکردنە).

**تیمارکاری**

جۆدۆزی و ئاگاداریی وردەکار دەربارەی ئەوەی تیکس بۆخۆی بەگشتی ترسناک نییە و نابێتە هۆکار بۆ دەردی دیکە یان بۆ فراژووتنی بەگشتی نایاو، شاخاڵی ئەم باسەیە. هەڵبەت ئەم خاڵە دۆخەکانی دیکەش دەگرێتەوە کە ئێسێنسبارن. ئامۆژگاری گردکردنەوە «تیک»ـەکان بۆ کاتی لەبار (بۆ نموونە چوونە ئاودەست یان کاتی تەنهایی نەک کاتی هاودەمی لەتەک کەسانی دیکە) سوودیان کەم نییە گەرچی جۆرە تیکسی وەها هەن کە بەو شێوازە جڵەوگیر نابن. لە هەندی دۆخدا «ڕەفتارسارێژیی زانیارەکی»[237] CBT لەلایەن پزیشک و دەروونناسی پسپۆڕەوە کاریگەریی فرە باشی دەبێت.

زۆر چاک دەکرێت خودی تیکس بە دەرمانی وەک atypical antipsychotic تیمار بکرێن بەڵام ئەگەر کێشەی دیکەی سەربە ئێسێنس یاوەر نەبن ئەوا باشتر وەهایە جۆردۆزییەکە مۆر بکرێت و ئاگاداری بدرێت لەوەی تیکس دەشێت تەواو خەفە بێت، دەشێت گەڕانەوەی کورت و ناکاوی هەبێت بەدەم سترێس یان پشوودانەوە، یان بەردەوامی هەبێت بێ ئەوەی ببێتە مایەی پەیدابوونی کێشەی دیکە جگە لەوەی کەسانی دەوروبەر گەر نەزانن تیکس چییە، لایان سەیر دەبێت «ئەم مرۆڤە بۆ وەها سەیر ڕەفتار دەکات».

ماخۆلان و OCD دەشێت و دەبێت بە هەمان ئەو شێوازە تیمار بکرێن کە تیکسی تێدا نییە، بە نموونە بە دەرمانی «دنەدەری شاکۆئەندامی دەمار» و «ڕێبەستی هەڵمشتنەوەی نۆرئادرینالین» (وەک atomoxetine) و دەرمانی سەربە SSRI[238] و چارەی CBT. بۆچوونێکی هەڵە هەیە دەڵێت دەرمانی «دنەدەری شاکۆئەندامی دەمار» هەمیشە دەرکەوتنی تیکس هەڵدەکشێنێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تیکس لە کاتی وەرگرتنی تیماری وەهادا ڕوونتر خویا دەبن چونکە ئەو فرەبزێوییەی پێش ئەم دەرمانکارییە هەبوو ئێستا ناتوانێت تیکسەکان وەک زووتر پەردەپۆش بکات. ڕاستە، تاکوتەرای جار هەن تیکس بە دەرمانی دنەدەری شاکۆئەندامی دەمار هەڵکشیون، بەڵام بەگشتی لەگەڵ نیشانەی دیکەدا خەفە دەبن.

**پێشبینی**

بەرژەنگی Tourette بەگشتی دەبێتە هۆکاری ئەوەی مرۆڤ هەمیشە بەرگرییەکی لاوازتری هەبێت بەرانبەر تیکسی جۆراوجۆر، بە زمانگیرییشەوە. هەروەها دەکاتەوە ئەوەی هێز و چەندایەتیی تیکسەکان بانوژێر بکەن بەگوێرەی سترێس، پشوو (کە لێرەشدا تیکس هەڵدەکشێن)، چڵککردن و دەردی دیکەی جۆراوجۆر. تەنانەت نیشانەگەلی سەربە ماخۆلان و OCD مەیلی مانەوەیان هەیە لە گەورەساڵیدا، گەرچی ئاستیان دادەهێزرێت. دۆخی ئاوارتەش هەن کە گرفتارییەکە تەمەنپۆشانە سەختگیرە.

وێڕای یەکبینبوونی نیشانەکان، زۆر کەس هەن گوزەرانیان باشە و لە بواری پیشە و جڤاکیدا خۆشرەوتن. توانستی هزری زۆرجار (بەڵام دوور لەوەی هەمیشە بێت) خاسە یان فرە خاسە و نموونە زۆرن لە کەسانی ئافرێنەر، جرپن و پێشەنگی خاوەن بەرژەنگی Tourette.

## پاژی نۆهەم: لاڵیی هەڵبژاردە SM

لاڵیی هەڵبژاردە یەکەم جار ساڵی 1877 لەلایەن ئادۆلف کوسمال Adolf Kussmaul بە ناوی aphasia voluntaria (واتە لاڵیی خۆویست) هاتە ڕاڤەکردن (ئەو پزیشکە ئەڵمانییەی «هەناسەدانی کوسمال»[239] ی داهێنا بۆ «بوورانەوەی شەکرە»).[240] Sophie Morgenstern ی دەروونشیکار[241] پاش پەنجا ساڵ دیاردەکەی بە psychogenic mutism ناودێر کرد و ئەوجا ساڵی 1934 بۆ یەکەم جار لە لایەن Moritz Tramer ی ڕەوانسازی سویسرییەوە ناوی کێشەکەی کردە elective mutism. بە دیدی ئەم، دیاردەکە وابەستەی ئەوەیە کە ئێمە ئەمڕۆ بە «پەشێویی کەسایەتی» دەزانین.

چەمکی elective mutism پەنجا ساڵ زیادتر مایەوە (تەنانەت لە DSM-III یشدا) بەڵام پاشان گۆڕا بە «لاڵیی هەڵبژاردە» selective mutism لەبەرئەوەی دیدی ئەم سەردەمە نایەوێت جەخت بخاتە سەر ئەوەی منداڵەکە خۆی پاش هەڵسەنگاندنێکی ورد بڕیاری داوە لەگەڵ کەسانی دیاریکراو نەدوێت. ماوەیەکی درێژخایەن باوەڕی چەوت لە دەوری ئەم دۆخە هەڵدەچنرا و (زۆرجایش بەهەڵە) وەها پێشان دەدرا گۆیا شێوازێکی هەڵبژاردەی منداڵەکەیە کە بێدەنگبوون دەکاتە سزادانی دەوروبەر (بۆ نموونە فیلمی *The Piano* ی Jane Campion). ئەمڕۆ جۆردۆزیی «لاڵیی هەڵبژاردە» مۆر دەکرێت بۆ منداڵێک کە، وێڕای هەبوونی توانستی دەربڕین، لەبەر هۆیەکی پەنهان لە بەستێنی جڤاکیی دەرەوەی بازنەیەکی بچووک (زۆرجار مەبەست لێی خێزانە) نائاخفێت.

### تەشەنە

لاڵیی هەڵبژاردە دیاردەیەکە لە بەشێک وەڵات و فەرهەنگدا پتر باوە لەچاو ئەوانەی دیکەدا. تۆژینەوەیەکی سوێدیی بەر لە بیست ساڵ پێشانی داوە کە لە سوێد لە هەزاردا تەنها یەک-دوو زارۆک هەن پێوەرەکانی جۆردۆزییەکە پڕ بکەنەوە، بەڵام لە وەڵاتی فینلاند و لە هەمان ماوەدا ڕێژەکە دە هێندەی سوێدە. بە بۆچوونی ئەم سەردەمە «تێکڕای» ڕێژەکە دەگاتە 0,5 لە سەدی منداڵانی فێرگە. کیژان زیادتر لە کوڕان تووش دێن، ڕێژەیان دەگاتە دوو لە سێی سەرلەبەری دۆخەکان.

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ لاڵیی هەڵبژاردە**

**A.** نەبوونی توانستی ئاخافتن لە دۆخی دیاریکراوی جڤاکیدا کە ئاخافتن تێیدا بەرتەمایە (وەک فێرگە) وێڕای ئەوەی ئەو مرۆڤە لە دۆخی دیکەدا دەئاخفێت.

**B.** پەشێوییەکە هۆکارە بۆ داهێزانی بەرهەمکاریی خوێندن و کار و کۆسپ لەڕێی دانوستانی جڤاکیدا.

**C.** پەشێوییەکە لانیکەم یەک مانگ بخایەنێت (بەڵام نەک تەنها یەکەم مانگی فێرگە).

**D.** نەتوانینی ئاخافتن ناگەڕێتەوە بۆ کەمزانی و کەمشارەزایی ئەو کەسە لەو زمانەدا کە داوا دەکرێت لەو بەستێندا بێتە بەکارهێنان.

**E.** پەشێوییەکە نادرێتەوە بە پەشێوییەکی دانوستان (وەک زمانگرتنێک نۆنەخشەی لە بەرایی تەمەندا بووبێت) و تەنها بە یاوەریی ئاوتیزم، شیزۆفرینیا یان «دەروونپەشێوی» (سیکۆس)[242] ی دیکە.

### نیشانە

### نیشانەی بەرایی

ئەم دۆخە زۆرجار لە سالانی دوایی زارۆخانەوە بە پەرەسەندنێکی خێرای «لاڵی جڤاکی» دەست پێ دەکات، بەلام جۆردۆزییەکەی لە تەمەنی سالانی فێرگە یان سەرەتاکانی هەرزەکاریدا، ئەوجا مۆر دەکرێت. بە مشتومالدانێکی وردی فراژووتنی بەرایی منداڵەکە، زۆرجار دەردەکەوێت کە هەر زوو نیشانەگەلی وەها هەبوون بدرێنەوە بە ئاوتیزم، زمانپەشێوی یان بزاوتپەشێوی، بەلام بەگشتی نەبوونە مایەی ڕاوێژی پزیشکی.

### نیشانەی تەمەنی درەنگەسالانی زارۆخانە هەتا دەگاتە هەرزەکاری

منداڵەکە تاڕادەیەک ئاساییە لە ماڵەوە، بەلام لە زارۆخانە/فێرگە نێزیکەی تەواو لاڵە. زارۆک هەن لە ماڵ هەر زۆر دەلێن بەلام لە دۆخی جڤاکیی دەرەوەی خێزان تەواو بێدەنگن یان جاروبار دەچرپێنن. نیشانەگەلی بەرچاو لێرەدا بریتین لە: نیشانەی سەربە «کاتاتۆنیا»، ڕەپبوونی لەش بە جۆرێکی وەک «دەردی Parkinson»[243] و نیشانەگەلی سەربە «هایداریی تەزیو»[244] ی سەربە «پەیوەستپەشێویی خەفە» RAD. لە هەندێک باردا کێشەکە وەک «لافەرمانیی پەڕگیر»[245] خۆی ڕادەنوێنێت.

زۆرجار بەدەم پەیجۆریی وردەوە، ئاروینی «بزاوتی نۆرەکی»[246] (جووڵەی خێرای باهەڵدەری مەچەک) ئەنجامی لادەر پێشان دەدات کە سەربە کێشەی پەشێویی بزاوتەدەمار Neuromotor disorders،[247] زمانپەشێوییەکی کەم یان مامناوەند و هەروەها دژواریی سەرنجگیری و سێرەگیرین. وەک زووتریش باسی هات، ئادگاری یەکجار ئاشکرای ئاوتیستانە لێرەدا برەویان هەیە و فرە باوە جۆردۆزیی ئاوتیزم لێرەدا مۆر بکرێت.

### هۆکار و سەدەمی مەترسیدار

لاڵیی هەڵبژاردە لەم سالانەی دواییدا وەک ترسەجڤاک،[248] بەرژەنگی دڵەڕاوکێ[249] یان وەک ڕەنگدانەوەی بنەکێشەیەکی ئێسێنسبار پۆلێن دەکرا. تۆژینەوەی یۆتەبۆری [شاری یۆتەبۆری Gothenburg / Göteborg ی سوێد] پێشانی دەدەن کە بەشێکی یەکجار بەرین لە زارۆک و جەوانی خاوەن لاڵیی هەڵبژاردە هاوکات ئاوتیزم یان دۆخی وێکچووی ئاوتیزمیان هەیە بەلام نەک ترسەجڤاک. زۆربەی ئەو کەسانە ڕەفتاری وێکچووی نیشانەکانی سەربە «کاتاتۆنیا» پێشان دەدەن، وەک ڕەپبوونی لەش بەو جۆرەی لای «هایداریی تەزیو»ی سەربە «پەیوەستپەشێویی خەفە» RAD خویا دەبن (بڕوانە پاژی یازدەهەم). تۆژینەوەش هەن بوونی گۆڕان و «بازدانی ژێنەکی»[250] پێشان دەدەن کە دەچنەوە سەر ئەوانە لە ئاوتیزمدا دۆزراونەتەوە.

**تیمارکاری**

ڕەفتارساڕێژیی زانیارەکی CBT ی جۆراوجۆری فرەڕەنگ بۆ لاڵیی هەڵبژاردە ئاروین کراوە. لە ڕووی ئەزموونەوە ئەنجامی گەش و داهێزانێکی بەرچاو دەبینین لە نیشانەکانی لاڵی و ترسەجڤاکیدا، بەڵام «ئاروینی جڵەوگرتەی هەڕەمەکی»[251] RCT پەیدا نین.

دەرمانی SSRI (وەک فلوکسیتین Fluoxetine)، بە تەنێ یان بە یاوەریی CBT بەکار هێنراون و ئەنجامی باشیان هەبووە. دەرمانی «دژە-پارکینسۆن Parkinson»یش (وەک پرامیپەکسۆل Pramipexole) بەکار هێنراون و جار هەیە بەسوود بوون.

لە ئەزموونی خۆمەوە دەربارەی چەندین دۆخ دەزانم کە جار هەیە گۆڕینی فێرگە دەستبەجێ بووەتە مایەی باشتربوونی یەکجار ڕوون. لە دۆخی وەهادا ڕوون دەبێتەوە کە نەگۆڕینی ژینگە دەبێتە هۆی ڕاهێزانی نەخشی کێشەکە چونکە هەڵکشانی لادان لە ڕەفتاری منداڵەکەدا دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی دەربازبوون لەو دۆخە شیانبەدەر بێت، لەبەرئەوەی هەڤاڵان و دەوروبەر چاوەڕێی ئەوەن ئەم منداڵە هەر بەو جۆرە «سەیرە» بەردەوام بێت کە چەندین ساڵە هەیە. ژینگەگۆڕین بۆ جێیەکی کەس تێیدا چاوەڕوانیی تایبەتی نەبێت لە ڕەفتاری ئەم منداڵە دەبێتە مایەی «هەموارسازی».[252]

لاڵیی هەڵبژاردە یەکێکە لەو دۆخگەلەی نێو دەستەی ئێسێنس کە چارەکردنیان فرە «دژوارە» و داوای گردکردنەوە ئەزموونی زۆری پزیشک و دەروونناسان دەکات بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجام لای منداڵ و خێزان.

**پێشبینی**

ئاگاداری بۆ پێشبینیی درێژمەودا لە دۆخی لاڵیی هەڵبژاردەدا یەکجار کەمە. ئەزموونی کلینیکی پێشانی دەدات کە نیشانەی لاڵی بەدەم کاتەوە خەفە دەبن بەڵام ئادگاری ئاوتیستانە لە تەمەنی گەورەساڵیشدا هەر جێگرن. سەیر ئەوەیە لاگرووپێک هەیە لە تەمەنی گەورەساڵیدا دەبنە کەسانێکی فرەبێژ و «جڤاکدۆست»، بەڵام ئەندازەی ئەم گرووپە و هۆکاری ئەم فراژووتنە بە ئاڕاستەیەکی دژ بەوەی چاوەڕێ دەکرا، هێشتا پەنهانە.

## پاژی دەهەم: خواردنپەشێویی هەڵبژاردە ARFID

ئەو جۆرانەی خواردنپەشێوی کە نۆنەخشەیان لە هەرزەکاری و درەنگتردا خویا دەبێت (وەک «ئانۆرێکسیا نێرڤۆسا»[253] و «بولیمیا نێرڤۆسا»)[254] زۆرجار پاشخانی سەربە «ئێسێنس»یان هەیە، بەڵام لەم سەردەمەدا بە بەشێک لە دەستەی ئێسێنس دانانرێن چونکە (لانیکەم لە ڕووی نیشانەگەلی جۆردۆزییانەی خواردنپەشێوییەکە) نۆنەخشەیان لە بەرایی تەمەندا خویا نابن. بەڵام DSM-V و ICD-11 پۆلێکی نوێی جۆردۆزییان دیاری کردووە بە ناوی: «خواردنپەشێویی هەڵبژاردە»[255] کە لە ڕووی پێناسەوە نۆنەخشەی لە بەرایی تەمەندا خویا دەبێت. بۆیە ئەم پەشێوییە هاتۆتە ئەم بوارەوە.

### تەشەنە

بەشێکی بەرینی منداڵی زارۆخانە بۆ ماوەیەکی کورت ڕەفتاری لادەری سەربە خۆراک پێشان دەدەن، بەڵام ئەوە نابێتە مایەی کێشەی کلینیکی و پێویستیی کۆمەک. ڕێژەی دەرکەوتنی ARFID لای منداڵ ئاشکرا نییە بەڵام تاکوتەرای تۆژینەوە هەن دەڵێن تەشەنەی تەمەنپۆش سنووری پێنج لە سەد دەبەزێنێت. تۆژینەوە بەراییەکانی ئێمە لە سوێد و ژاپۆن پێشانی دەدەن کە ئەم دۆخە لە نێو منداڵی زارۆخانەدا دەگاتە سێ لە سەد. ئەم دۆخە تاڕادەیەک برەوی هەیە لای کەسانی سەربە دەستەی ئێسێنس و بەتایبەتی بە یاوەریی ئاوتیزم. دەرکەوتنی ئەم دۆخە لای هەردوو زایەند نێزیکەی وەک یەکە و ئەمەش تەواو جیاوازە لە کێشەی وەک ئانۆرێکسیا و بولیمیا نێرڤۆسا کە بەشێکی هەرە بەرینی گرووپەکە کیژ و ژنن. ARFID تەنها لای منداڵ پەیدا نییە بەڵکوو لای گەورەساڵیش، بەڕواڵەت بۆ یەکەم جار، دەردەکەوێت، بەتایبەتی لای کەسانێکی دەڵێن گۆیا بە هەندێک خۆراکی وەک «گلوتین»[256] فرە هەستیارن (کە وەهاش نییە).

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

پێناسەی ARFID دەڵێت خواردنپەشێوییەکە دەبێتە مایەی گرفتاری و پێویستیی کۆمەک و دەبێتە هۆکار بۆ یەک یان بەشێک لەم دۆخانە: دابەزینی کێش (یان ڕوونەدانی بەرزبوونەی کێشی بەرتەما - لای منداڵ)، کەمخۆراکی، «لوولەبژێواندن»[257] یان دەرخوارددان بە شێوازێکی تایبەت و هەروەها داهێزانێکی سەخت لە «کارکردی گونجان»ی دەروونجڤاکیدا.

خواردنپەشێویی هەڵبژاردە ARFID پاگرووپی جۆراجۆری هەیە خاوەن نیشانەگەلی خۆیانن، بۆ نموونە یەکیان وابەستەی فرەهەستیاریی دنەدەرانەیە لە دەم و گەروودا (زۆرجار تێهەڵکێشە لەتەک بەرتەکی توند یان کەمی گشتیی دنەدەرانە وەک ئەوەی لە ئاوتیزمدا پەیدایە)، یان وەک ئەو پاگرووپەی لەبەر هۆیەکی پەنهان فرە سەختۆڵ دژەخواردنە، یان پاگرووپێکی دیکەی تێدا ئارەزووی خواردن فرە کزە و بەگشتی خواردن تێیدا فرە خاوە.

ئەم دۆخە لە گشت تەمەنێکدا سەر هەڵدەدات. گەر ئاوتیزم و ARFID یاوەر بن ئەوا دەشێت نۆنەخشەی خواردنپەشێوی هەر زوو لە تەمەنی یەک ساڵیدا دەرکەوێت و ببێتە یەک لەو کێشەگەلەی چارەیان زۆر دژوارە.

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ خواردنپەشێویی هەڵبژاردە ARFID**

**A.** جۆرێکی خواردنپەشێوییە (بۆ نموونە کەمیی ئارەزوو بۆ خۆراک یان بۆ خواردن؛ خۆراکپەرێزی بەهۆی تایبەتمەندیی دنەدەرانەی ئەو خۆراکە؛ گیرخواردن لە ڕووکارە ناياوەکانی خواردن) کە نەتوانینێکی یەکبینی تێدا بێت بۆ وەرگرتنی ئەو برە خۆراکەی پێویستە بۆ لەش و پەیداکردنی وزە. پەشێوییەکە ڕێک دێت لەتەک یەک یان چەندێک لەم خاڵانە:

1. دابەزینێکی ئاشکرای کێش (یان لای منداڵ: ڕوونەدانی بەرزبوونەی کێشی بەرتەما).
2. کەمخۆراکییەکی بەرچاو.
3. مرۆڤەکە پێویستی هەمیشەیی هەیە بە «خواردنپێدان»[258] یان بە دەرخوارددان لە زارەوە.
4. داهێزانێکی ئاشکرای توانستی دەروونجڤاکی.

**B.** پەشێوییەکە نادرێتەوە بە نەبوونی خۆراک یان بە نەرێتێکی فەرهەنگیی ڕێگر لە خواردن.

**C.** پەشێوییەکە تەنها بە یاوەریی دەردی دیکەی وەک ئانۆرێکسیا نێرڤۆسا و بولیمیا نێرڤۆسا پەیدا نییە. هیچ چەوتە بۆچوونێکیش دەربارەی کێش و شێوازی لەش نەبووەتە ڕێگر.

**D.** پەشێوییەکە نادرێتەوە بە دۆخێکی دەردەداریی هاوکات و هیچ جۆرە دەروونپەرۆشییەکی دیکەی لێ نابێتە ڕاڤەکارێکی باشتر. ئەگەر پەشێوییەکە هاوکات بوو لەتەک دۆخێکی دیکەی دەروونی یان دەردەداری، ئەوا ئاستی دژواریی خواردنپەشێوییەکە هێندە بەرزتر دەبێتەوە لەو ئاستەی وابەستەی ئەو دۆخانە کە مرۆڤ پێویستی بە کۆمەکی کلینیکانە ببێت.

**هۆکار و سەدەمی مەترسیدار**

هەتا ئەمڕۆ هیچ هۆکار و سەدەمی مەترسیدار بۆ ARFID ئاشکرا نییە. بەڵام بەستەری ئەم دۆخە لەتەک ئادگاری ئاوتیستانە تاڕادەیەکی باش تۆمار کراون و لەوە دەچێت ARFID لە هەندێک باردا سەدەمی مەترسییان لەتەک ئاوتیزمدا هاوکۆ بن.

**تیمارکاری**

هەتا ئێستا هیچ چارەسەرێکی تایبەت نییە بەوردی تۆمار کرابێت دەربارەی ARFID، بەڵام ئەو بنەماگەلەی «شرۆڤەی ڕەفتار»[259] کە لە بواری ئاوتیزمدا پیادە دەکرێن زۆرجار سوودبەخشن، لانیکەم گەر هاوکات نیشانەی گشتیی ئاوتیستانە پەیدا بن. بۆ چارەی دۆخی دژوار دەبێت پەنا بەرینە بەر کەسانی پسپۆڕی ئەم بوارە.

ARFID نێزیکەی هەمیشە تێکبەستەی دۆخێکی دیکەی سەربە کێشەگەلی ئێسێنس یان ڕەوانسازییە (بە دڵەڕاوکێ و خەمۆکییەوە) و زۆرجاریش دەردی دیکەی لەشەکیی وەک دەردی سەربە کۆئەندامی هەرس (گەدە و ڕیخۆڵە). چارەسەرکردنی دۆخی کۆگرفت دەبێت لەتەک چارەسەرکردنی خواردنپەشێوییەکەدا تەریب بێت. ئەگەر دەرد یان دۆخی دیکە باشتر ببنە ڕاڤەکاری نیشانەگەلی خواردنپەشێوییەکە و بەوەش ببنە مایەی چارەکرد، ئەوا جۆردۆزیی خواردنپەشێوی نایەتە مۆرکردن.

**پێشبینی**

تۆژینەوەی «ئایەندەبین»[260] (ئەوەی دوور دەڕوانێت)ـی دیقچوو دەربارەی ARFID لە چەند بنگەیەک هەن بەڵام ئەنجامیان هێشتا بەردەست نییە. چەند تۆژینەوەیەکی «ڕابوردەبین»[261] پیادە کراون بەڵام ئەنجامەکانیان ناتەبان. بەشێکیان دەڵێن پێشبینیی درێژخایەن لە ARFID، لەچاو ئانۆڕێکسیا و بولیمیا، گەلێک گەشترە، بەڵام هەیشە دەڵێت پێشبینییەکان هەر دژوارن و لە چەند دۆخێکدا تەواو لێڵن. لەبەرئەوەی تۆژینەوەی گەلێر (بەشێکی بەرینی گەل بگرێتەوە) لەم بوارەدا پەیدا نییە، ناکرێت ئەرخەیان بین لە پێشبینیی نە گرووپ و نە تاکی ئەم دۆخگەلە.

## پاژی یازدەهەم: پەیوەستپەشێوی RAD/DESD

«پەیوەستپەشێوی» دوو لادەستەی هەیە: «پەیوەستپەشێویی خەفە» RAD[262] و «پەیوەستپەشێویی بێباک» DSED.[263] هەردووکیان لە DSM-V ـدا یەک کۆدی تۆماریان هەیە.

### مێژووی پەیوەستپەشێوی RAD/DESD

René Spitz ڕەوانسازی نەمسایی-ئەمریکایی، لە سەرەتای 1940 ـدا، دیاردەی «خەمۆکیی بێبەریبوون»[264] ی لای زارۆکانی نەخۆشخانەنشین ڕاڤە کرد. James & Joyce Robertson ی هاوژین لە بریتانیای ساڵانی 1940 ـدا، پاش نۆڕین (بە نۆڕینی فیلمێنراویشەوە) کەوتنە تۆمارکردنی کاریگەریی دابڕانی زوو. جۆن باوڵبی John Bowlby هەر لەو ساڵانەدا - و تاڕادەیەکیش بە هاوکاریی Robertson کە پاشان بوونە نەیار - بیردۆزەکەی خۆی دەربارەی «پەیوەستایەتی»[265] فراژاند. پاشان وردەوردە، لە دەراوی ئەو نۆڕین و بیرۆدەزەگەلەوە، ئەم چەمکە کلینیکییەی «پەیوەستپەشێویی خەفە» RAD ـە پەیدا بوو بۆ ڕاڤەکردنی تاوی دیاردەی وەک لێدانی منداڵ، دەستدرێژی و بەدڕەفتاری لە بەرایی تەمەنی منداڵدا - زۆربەی ئەو دیاردە و کاریگەرییانە بەرهەمی نۆڕین بوون. ئەم چەمکە برەوی بەرینی لە بوارگەلی وەک چاودێریی جڤاکی، چاودێریی خێزان و هەروەها ڕەوانسازیی زارۆک و جەوانان پەیدا کرد، گەرچی تۆژینەوەی ئەزموونەکی دەربارەی ئەم دۆخە یەکجار سنووردار بوو. ئێستا کە تۆژینەوەی وەها لەئارادایە خویا بووە کە زۆربەی گریمانەکەی سەربە هۆکاری RAD فرە دروست نەبوون.

### تەشەنە

لەوە دەچێت جۆرە خەفەکەی پەیوەستپەشێویی خەفە فرە دەگمەنتر بێت لە جۆری بێباک. ڕێژەی کۆی دەرکەوتنی هەردوو جۆرەکە نێزیکەی یەک لە سەدە لە نێو زارۆکی فێرگەدا، لەوەیشە کەمێک زیادتر بێت لە نێو بواری کێشەداردا لە ڕووی جڤاکی و ئابوورییەوە. بەگشتی لە نێو گرووپی ئێسێنسدا کوڕان پتر بەرچاون بەڵام لای گرووپی سەربە RAD/DSED ئەم باسە ڕوون نییە. هەتا ئێستاش هەردوو جۆری خەفە و بێباکی ئەم پەشێوییە دەچینە ژێر یەک سەردێڕی RAD ـەوە گەرچی نیشانەگەلیان یەکجار جیاوازن (هەر وەک دوو جۆرەکەی ماخۆلان، یەکیان سەرنجپەرتە و ئەوەی دیکەیان فرەبزێو).

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

**خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی DSM-V بۆ پەیوەستپەشێوی**

**پەیوەستپەشێوی بە خەفەی جڤاکییەوە RAD**

**A.** نەخشێکی تێکبەستەی هەیە لە ڕەفتاری گۆشەگیرانە و لە ڕووی سۆزەکییەوە دوورەپەرێزانە بەرانبەر کەسانی چاودێری گەورەساڵ (دایباب یان جێگرەوەیان) کە لەم دوو خاڵەدا خویا دەبن:

1. منداڵەکە، گەرچی پێویستی بە دڵدانەوە هەیە، بەڵام هەرگیز یان نێزیکەی هەرگیز داوای دڵدانەوە ناکات.
2. منداڵەکە، گەرچی پێویستی بە دڵدانەوە هەیە، بەڵام هەرگیز یان نێزیکەی هەرگیز ئامادەی وەرگرتنی دڵدانەوە نییە.

**B.** پەشێوییەکی یەکبینی جڤاکی و سۆزەکی کە لانیکەم دوو لەم سێ خاڵە دەگرێتەوە:

1. کەمترین بەرسڤی جڤاکی و سۆزەکی بۆ بەرانبەر.
2. دەربڕینی سۆزیارانەی ئایاوی سنووردارە.
3. هەڵچوون، ترس و دڵتەنگیی دەمدەمیی بێهۆ تەنانەت لە کاتێکدا کە چاودێری گەورەساڵ (دایباب یان جێگرەوەیان) ی لێیە و دۆخەکە هەڕەشەبەدەرە.

**C.** منداڵەکە ئەزموونی هەیە لەگەڵ نەخشی یەکجار ناجۆری چاودێری، کە لانیکەم یەک لەم سێ خاڵە دەگرێتەوە:

1. فەرامۆشییەکی دژواری جڤاکی یان چاودێرییەکی لاواز کە تێیدا پێویستییە هەستەکییە بنەڕەتییەکانی دڵدانەوە، هاندان و خۆشەویستی لەلایەن چاودێری گەورەساڵەوە وێڵ دەکرێن.
2. گۆڕینی فرەپاتی چاودێری سەرەکی (بۆ نموونە «پەروەرخانە»)[266] کە دەبێتە مایەی بەرتەنگبوونی دەرفەت بۆ دامەزراندنی پەیوەستییەکی جێگیر.
3. گەورەبوون لە هەلومەرجێکدا دەرفەتی فراژاندنی پەیوەستی بەرتەما یەکجار بەرتەنگ بێت (وەک بنکەی وەها کە یەک چاودێری هەیە بۆ زۆر منداڵ).

**D.** ئەو دۆخەی چاودێری کە لە پێوەری C ـدا ڕاڤە کراوە، دەشێت ببێتە هۆکار بۆ کێشەی ڕەفتار لەو جۆرەی پێوەری A باسیان دەکات (بۆ نموونە ڕەفتاری کێشەدار لە بابەتی پێوەری A کە نۆنەخشەی پاش ئەزموونکردنی چاودێریی ناجۆری سەربە پێوەری C خویا دەبن).

**E.** پێوەرەکانی ئاوتیزم نایەنە پێکاندن.

**F.** پەشێوییەکە بەر لە تەمەنی پێنج ساڵی خویا دەبێت.

**G.** منداڵەکە لانیکەم لە تەمەنی نۆ مانگیدا گەیشتووەتە پەرەسەندنێکی لە ڕووی فراژووتنەوە بەرتەما.

جێگیری: پەشێوییەکە لانیکەم دوازدە مانگ بەردەوامیی هەبێت.

سەرنج: «پەیوەستپەشێوی بە خەفەی جڤاکییەوە» بە دژوار دادەنرێت گەر منداڵەکە گشت نیشانەکانی پەشێوییەکەی لێ خویا بن و هەر یەک لەو نیشانەگەلە تاڕادەیەک بەرچاو بن.

**پەیوەستپەشێوی بە مەودانەناسیی جڤاکییەوە (بێباک) DSED**

**A.** نەخشێکی ڕەفتاری کە تێیدا منداڵەکە چالاکانە دەکەوێتە نێزیکبوونەوە و هەڵکردن لەتەک کەسانی گەورەساڵی نامۆ، کە لانیکەم دوو لەم خاڵانە دەگرێتەوە:

1. لاوازی یان هەر نەبوونی مەوداگیری لە نێزیکبوونەوە و هەڵکردن لەتەک گەورەساڵی نامۆدا.
2. ڕەفتار و گوتاری لەڕادەبەدەر دڵگەرمانە (کە لەچاو ئەوەی فەرهەنگ و تەمەن داوایان دەکات، سنووربەزێنە).
3. منداڵەکە بەدەم پەیدۆزییەوە، تەنانەت لە ژینگەی نامۆشدا، بەرسڤی کزە یان هەر نییە بۆ کەسانی چاودێری گەورەساڵ.
4. منداڵەکە، دەشێت دوای دوودڵییەکی یەکجار کەم یان هەر نەبوو دوای گەورەساڵێکی نامۆ بکەوێت.

**B.** ئەو نەخشانەی ڕەفتار کە لە خاڵی A دا باسیان هات وابەستەی تەنها ئەو جرپنییە نین کە لە ماخۆلاندا هەن، بەڵکوو «مەودانەناسیی جڤاکی»ـیان هاوئامێزە.[267]

**C.** منداڵەکە ئەزموونی هەیە لەگەڵ نەخشی یەکجار ناجۆری چاودێری، کە لانیکەم یەک لەم سێ خاڵە دەگرێتەوە:

1. فەرامۆشییەکی دژواری جڤاکی یان چاودێرییەکی لاواز کە تێیدا پێویستییە هەستەکییە بنەڕەتییەکانی دڵدانەوە، هاندان و خۆشەویستی لەلایەن چاودێری گەورەساڵەوە وێڵ دەکرێن.
2. گۆڕینی فرەپاتی چاودێری سەرەکی (بۆ نموونە «پەروەرخانە») کە دەبێتە مایەی بەرتەنگبوونی دەرفەت بۆ دامەزراندنی پەیوەستییەکی جێگیر.
3. گەورەبوون لە هەلومەرجێکدا دەرفەتی فراژاندنی پەیوەستی بەرتەما یەکجار بەرتەنگ بێت (وەک بنکەی وەها کە یەک چاودێری هەیە بۆ زۆر منداڵ).

**D.** ئەو دۆخەی چاودێری کە لە پێوەری C ـدا ڕاڤە کراوە، دەشێت ببێتە هۆکار بۆ کێشەی ڕەفتار لەو جۆرەی پێوەری A باسیان دەکات (بۆ نموونە ڕەفتاری کێشەدار لە بابەتی پێوەری A کە نۆنەخشەی پاش ئەزموونکردنی چاودێریی ناجۆری سەربە پێوەری C خویا دەبن).

**E.** منداڵەکە لانیکەم لە تەمەنی نۆ مانگیدا گەیشتووەتە پەرەسەندنێکی لە ڕووی فراژووتنەوە بەرتەما.

جێگیری: پەشێوییەکە لانیکەم دوازدە مانگ بەردەوامیی هەبێت.

سەرنج: «پەیوەستپەشێوی بە مەودانەناسیی جڤاکییەوە» (بێباک) بە دژوار دادەنرێت گەر منداڵەکە گشت نیشانەکانی پەشێوییەکەی لێ خویا بن و هەر یەک لەو نیشانەگەلە تاڕادەیەک بەرچاو بن.

**نیشانە**

لە جۆرە باوەکەی پەیوەستپەشێویی بێباک (DSED) نیشانەی سەردەستی خاوەن برەو بریتییە لە مەودانەناسی، سنووربەزێنی، فرە نێزیکبوونەوە، ئامێزدانی زێدەڕۆ یان کۆشان بۆ پەیوەندیی لەشەکیی نەگونجاو لەگەڵ کەسانی نەناسدا. کە دێتە سەر جۆرە خەفەکەی (RAD) ئەمجا «هایداریی تەزیو» سەردەستە، واتە منداڵەکە بە دیداری کەسانی نامۆ سڕ دەبێت، ترس و هایداریی لێ دەنیشێت، وەک ئەوەی چاوەڕێی ڕووداوێکی ناخۆش و مەترسیدار بێت. زۆرجاریش دڕدۆنگییەکی ڕوون هەیە لای منداڵەکە بەرانبەر چاودێری سەرەکی و هەروەها مەیلی داواکردنی کۆمەک و دڵدانەوە لەو کەسە، کەمە یان هەر پەیدا نییە.

**هۆکار و سەدەمی مەترسیدار**

RAD/DSED بەگوێری پێناسەکەی وابەستەی لێدان و بەدماملّەیە - زۆرجاریش ڕێک دەرهاویشتەیانە. جۆردۆزییەکە کاتێک مۆر دەکرێت کە بەڵگەوبەندی بەهێز هەبێت دەربارەی پاشخانی لەو بابەتە یان دەربارەی دابین نەکردنی پێویستیی لەشەکی و سۆزەکیی منداڵەکە. بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لای نێزیکەی سێیەکی ئەوانەی نیشانەکانی RAD/DSED پێشان دەدەن هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ لێدان و بەدمامەڵەکردن. گرینگە جۆردۆزیی RAD/DSED بۆ ئەم دۆخانە مۆر نەکرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەڵگەی سەلمێنەر پەیدا نییە لەوەی لێدان و بەدمامەڵەکردن دەبنە هۆکار بۆ نیشانەی RAD/DSED. بەڵام پشتیوانیی تیان (ناڕاستەوخۆ) هەن بۆ ئەوەی بەستەری بەهێزی نێوان لێدان و بەدمامەڵە لەملا و نیشانەگەلی ئێسێنسبار لەولا بە پلەی یەکەم ژێنەکین: دایبابی سەربە کێشەگەلی ئێسێنس (لە ڕێی ژێنەکییەوە) منداڵ دەخەنەوە کە خاوەنی کێشەی هاوجۆرن و ئەم ئاوێزانە دەبێتە هاندەر بۆ تاودانی هەم جرپنی و هەم «خۆهەڵڕشتن» (دایبابی زووتووڕە، خوڕانەگر و جرپن بەرتەکیان ئاگابەدەر، جرپنانە و سێرەشێواوە بەرانبەر منداڵێک کە ئەویش کێشەی ڕەفتاری هاوجۆری هەیە).

هۆکاری ئەوەی RAD هەر بەگشتی لەم کتێبەدا دێتە بەرباس ئەوەیە کە نێزیکەی گشت زارۆکانی RAD/DSED نیشانەگەلی وەها پێشان دەدەن کە ڕێک دێن لەگەڵ پێوەری کێشەی دیکەی ئێسێنسدا، بۆ نموونە زمانپەشێوی، ئاوتیزم و/یان ماخۆلان.

**پەیجۆری، تیمارکاری**

زارۆکی خاوەن نیشانەی سەربە RAD/DSED هەمیشە پێویستی بە پشکنین و هەڵسەنگاندنی دەماڕڕەوانسازانە[268] هەیە. جگە لەوەی گرینگە دۆخە دەروونجڤاکییەکە بەوردی ڕووپێو[269] بکرێت، گرینگیشە نۆڕین، ئاروین و هەڵسەنگاندنی گشتپۆش بکرێت بۆ کێشە باوەکانی ئێسێنسبار (بەتایبەتی ئاوتیزم، ماخۆلان، زمانپەشێوی، سەختەسەواد و گرفتاریی هزری). بەگشتی پێویستە پشکنین و هەڵسەنگاندنی دەماڕڕەوانسازانە بۆ دایبابیش ئەنجام بدرێت.

هەم زارۆک و هەم دایباب پێوسیتیان بە جۆرێک چارەسەری ئێسێنس هەیە. چارەسەری لایەنی دەروونجڤاکی دۆخبەندە، هەر دۆخێک پێویستی خۆی هەیە، هەر لە تیمارکاریی جۆراوجۆری پەیوەستبین هەتا دەگاتە کەمەرکێشکردنی منداڵ (و تەنانەت دایبابیش) بۆ «چاودێریی جڤاکی» (خانەی تایبەتکاری ئەم بوارە).

**پێشبینی**

پێشبینیی دوورمەودا لە بواری RAD/DSED ـدا دەرفەتی نییە، چونکە دیڤچوونی درێژخایەن بۆ گرووپی ئەم بوارە پەیدا نییە.

## پاژی دوازدەهەم: پانس PANS و پانداس PANDAS

### مێژووی پانس و پانداس PAS/PANDAS

نێزیکەی بیست ساڵێک لەمەوبەر، پزیشکی ئەمریکایی Susan Swedo بیردۆزەیەکی داڕشت دەڵێت چڵککردنی تازە یان دەوامەداری «ستریپتۆکۆک»[270] دەشێت لای بەشێک منداڵ ببێتە داگیرسێنی نیشانەی تیژ لە خووپەشێوی OCD («خووبیرۆکە» و «خووکردە»). بناخەی ئەم دیدەی Swedo ئەزموونی خۆی بوو لەتەک چەندین نەخۆشدا لە نۆڕینگەیەکی تایبەتی نێو National Institutes of Health (NIH) و هەروەها ئاوەزکارییەک دەربارەی ئەوەی منداڵ هەن پاش تێپەڕبوونی سووڕێکی تای ڕوماتیزمانە - کە بە دەرهاویشتەی «چڵککردنی ستریپتۆکۆک»[271] دادەنران - «دەردەسەمای Sydenham»[272] لێ بەدەر دەکەوێت کە بریتییە لە نیشانەی سەیری بزاوت و زۆرجار بە یاوەریی نیشانەی دژواری خووپەشێوی OCD. Swedo ئەم دیاردەیەی بە «پانداس»: PANDAS (*Pediatric Autoimmune Neuropsychiatric Disorders Associated with Streptococcal infection*) ناودێر کرد.

### پێوەرگەلی جۆردۆزی

پاشان دەرکەوت کە زۆر دۆخی لەم بابەتە هەن وابەستەی «چڵککردنی ستریپتۆکۆک» نین، بۆیە ناوەکەی کرایە «پانس» PANS (*Pediatric Acute-onset Neuropsychiatric Syndrome*). دۆخی نموونەیی دەبێتە تێهەڵکێشەیەکی فرە ناکاو، لای منداڵی زووتر ساخڵەم (تەندروست و دەروونساز)، لە نیشانەی سەربە خووپەشێوی OCD، خواردنپەشێوی، «تیکس» و هەروەها نیشانەی دژواری سەربە دەمارڕەوانسازیی وەک دڵەڕاوکێی دابڕان، ماخۆلان، نیشانەی ئاوتیستانە و «میزنی» (میزاندنی خواستبەدەر).

پێوەرەکانی جۆردۆزیی PANS بەگوێرەی National Institute of Mental Health (NIMH) لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕاڤە دەکرێن.

### خشتەی پێوەرگەلی جۆردۆزیی NIMH/WHO بۆ PANS

**A.** نۆنەخشەیەکی ناکاوی بەجۆش لە خووپەشێوی یان خواردنپەشێوییەکی دژوار.

**B.** هاوکات نیشانەی دیکەی، دیسان دژوار و ناکاوی سەربە دەمارڕەوانسازیی، کە لانیکەم دوو لەم هەفت پۆلە دەگرنەوە:

1) دڵەڕاوکێ،
2) بارگۆڕینی تاوگیرانە یان خەمۆکی،
3) فرە هەراسانی، دڕی یان ڕەفتاریی دژواری لاسارانە
4) ڕەفتاری (فراژکارانەی) شەڕەنگێزانە

5) پاشەکشە لە بەرهەمکاریی خوێندندا

6) شێوانی بزاوت و هەستەوەرانە

7) نیشانەگەلی لەشەکی، بە خەوپەشێوی، «میزنی» و میزەچۆڕکێوە.

**C.** دەروونپەشێویی زانراوی دیکەی دەمارناسانە، بۆ نموونە دەردەسەمای Sydenham، «گورگەسوورە» (لوپوس) SEL،[273] گرفتاری/بەرژەنگی Tourette و... هتد، نابنە ڕاڤەکارێکی باش بۆ ئەم دۆخە. پشکنینی جۆردۆزانە بۆ کەسانێکی گومانی PANS ـیان لێ دەکرێت، دەبێت هێند فرەوان بێت، پەشێویی لەم جۆرانە وەلا بنێت. ماکی ئەم نیشانەگەلە هاودەمانە دەبنە یەکلاکەرەوەی هەڵسەنگاندنی پێویست، کە دەشێت چارەسەری لەم جۆرانە بگرێتە بەر: ڕووماڵی MRI، «کەمەرەسمین» LP، «ئەلێکترۆکاریی مێشک» EEG یان ئاروینی دیکەی جۆردۆزانە.

**تەشەنە**

وێڕای هەبوونی پەژراندنێکی تارادەیەک بەرین هەیە لەوەی بەشێک لە زارۆکان، نیشانەگەلی سەختی سەربە پەشێویی دەمارڕەوانسازی پێشان دەدەن، وەک خووپەشێوی، تیکس یان خواردنپەشێوی و سەرباری نیشانەگەلی دیکەی کە لە ماوەی چەند کاژێر یان چەند ڕۆژێکدا پەیدا دەبن و هەروەها زوو دەرکەوتنی نۆنەخشەیان لە بەرایی تەمەندا جودایان دەکاتەوە لە دۆخەکانی دیکەی سەربە ئێسێنس، بەڵام هێشتا مشتومڕ دەربارەی تایبەتمەندیی PANS هەر پەیدایە.

دۆخی PANS دەگمەنە و جاریش هەن تێکەڵ بە «دەردەسەمای Sydenham» دەبێت کە نەخۆشییەکی بزاوتی دەمارڕەوانسازییە تێیدا بزاوتی گرژی تیژڕەوی ناتەراز خویا دەبن، کە پتر ڕووخسار، دەست و پێ دەگرنەوە. ئەم تێهەڵکێشبوونە هۆکارە بۆ سەختیی بڕیاردان لە جۆری ئەم بەرژەنگە، PANS ـە یان دەردەسەمای Sydenham. لە تۆژینەوە تازەکانماندا، لە بنگەکانی سوێد و سکۆتلاند، پێشانمان داوە کە ئەم تێهەڵکێشبوونەی نێوان ئەو دوو جۆرە، تەواو سەرنجڕاکێشە (Johnson et al. 2019).

پێ ناچێت ڕێژەی کەسانی خاوەن PANS لە نێو گەلدا پتر بێت لە یەک لە هەزار. ڕێژەی نێر-بۆ-مێ لەم دۆخەدا نێزیکەی وەک یەکە.

**نیشانە**

زۆر لەو کەمە زارۆکانەی PANS ـیان هەیە، پێش نەخۆشکەوتنیان، سووکەئاماژە یان جۆردۆزییان هەبووە سەربە کێشەی دەمارڕەوانسازی، وەک بەرژەنگی ئاسپێرگەر، سووکەماخۆلان، ئادگاری ئاوتیستانە، «تیکس» و... هتد. بەڵام منداڵەکە ڕۆژێک لەناکاو چەندین نیشانەی «تازە»ی لێ خویا دەبن، زۆرجار بە مۆرکی دراماتیکانەوە، بۆ نموونە خووپەشێوی OCD («خووبیرۆکە» لەگەڵ «خووکردە»)ی یەکجار دژوار، دڵەڕاوکێی دابڕان، ماخۆلان، فرە ئادگاری ئاوتیستانە (کە دەشێت زووتر کەم بووبن)، «تیکس»، نیشانەی سەربە دەروونپەشێوی (سیکۆس) و «میزنی»ی ناکاو. تەنانەت فرەبزێویی ئاژاوڵە[274] و خۆزەدە[275] لێرەدا برەویان هەن.

**هۆکار و سەدەمی مەترسیدار**

لە زۆربەی دۆخەکاندا هۆکار پەنهانە. نێزیکەی سێیەکی ئەو دۆخانەی نووسەر و هاوکارانی خۆی دیویانە، جۆرە کاتبەندێک هەبووە لەتەک «چڵککردنی سترێپتۆکۆک». لە دۆخی دیکەدا پاشخانێکی سەربە «چڵککردنی مایکۆپلاسما».[276] بەشێکیان بەدەم ڕەوتێکی درێژمەوداوە ڕەنگی شیزۆفرینیای کلاسیک دەگرن.

**پەیجۆری**

ئەم دۆخە پێویستی بە پەیجۆرییەکی بەرین هەیە لەلایەن پزیشک و دەروونناسی پسپۆڕی ئەم بوارە. گرینگە وردەکاریی هەلومەرجەکانی نەخۆشکەوتنەکە ڕوون بکرێتەوە و بڕیارێکی خاوەن بەڵگەوبەند بێتە کایەوە دەربارەی ڕادەی بوونی کێشەگەلی سووک یان مامناوەندی ئێسێنسبار بەر لەو نەخۆشکەوتنە ناکاوە. دەبێت «پێشینەدۆزیی پزیشکی»ی ورد بۆ چڵککردنەکە ئەنجام بدرێت. لە هەر دۆخێکیشدا بڕیار دەدرێت لەوەی چ جۆرە ئاروینی تۆژینگە[277] پێویستن ئەنجام بدرێن. وەها باوە «ئەلێکترۆکاریی مێشک»[278] EEG بەدەم خەوەوە، ئاروینکردنی دژەتەن (بۆ نموونە دژ بە سترێپتۆکۆک و مایکۆپلاسما) تەنانەت «کەمەرەسمین»[279] لەتەک شرۆڤەی نەخشی دژەتەندا دەبێت پیادە بکرێن. دۆخیش هەن پێویستیان بە پەیجۆریی بەرینترە، وەک ئاروینی دەمارهەوکردن[280] (هەوکردنی دەمار) و «دیاریکردنی ژێنۆتایپ» Genotyping[281] ی نەخۆشەکە.

**چارەسەر**

ئەمڕۆ هیچ چارەسەرێکی سەلمێنراوی وەها نییە بۆ PANS، بەڵام لە گشت دۆخەکاندا دەبێت پەنیسیلین،[282] سارێژی بە ستێرۆئید Steroid therapy[283] و IVIG[284] وەک چارەسەر ڕەچاو بگیرێن. تەنانەت چارەسەری پاشکاتیش گرینە لەلایەن هەمان دەستەی پسپۆڕانەوە ئەنجام بدرێت.

**پێشبینی**

پێشبینی لە PANS کارێکی شیانبەدەرە چونکە تۆژینەوەی درێژخایەن لەم بوارەدە پەیدا نییە. نەخۆش هەن پاش چەند ساڵێک ڕزگاریان دەبێت و خۆشرەوت دەبن، نەخۆشی دیکەش هەن دەمدەم نیشانەی سەختیان لێ خویا دەبن و هەیشە تووشی گرفتاریی دژواری ڕەگاژۆ دەبن. هەتا ئێستا ئەوەش ڕوون نییە ئایا کۆمەکی زووی بەرایی تەمەن چ سوودێکی لەم بوارەدا هەیە.

## پاژی سێزدەهەم: بەرژەنگی فێنۆتایپی ڕەفتارەکی BPS

سەدان دۆخی ژێنەکی هەن ئادگاری ڕەفتارەکی و/یان نیشانەی ڕەوانسازانەی «نموونەیی» یان تاڕادەیەک وێکچوو پێشان دەدەن. ئەم دۆخانە زۆرجاریش، بەڵام نەک هەمیشە، گۆڕانکاریی لەشەکیی نموونەیی پێشان دەدەن، وەک سووکەلادان لە توێکاریی[285] ڕووخساردا، زەدەی دڵ، لادان لە ئێسکبەندیی دەست یان پێ. «بەرژەنگی فێنۆتایپی ڕەفتارەکی» BPS[286] وێنەی جۆراجۆری هەن، وەک بەرژەنگی Down، بەرژەنگی تورتە X، سەختەگرێ، بەرژەنگی هەشفاندنی 22q11،[287] بەرژەنگی Noonan[288] بەرژەنگی Turner[289] و بەرژەنگی Klinefelter.[290] تەنانەت «بەرژەنگی ئاوڵەمەی کوحوولزەدە» FAS/FAE/FASS/FASD، بەرژەنگی ڤالپروات[291] (بەرشیانە گەر دایکەکە لە کاتی دووگیانیدا دەرمانی ڤالپروات valproate وەرگرێت) و بەرژەنگی تالیدۆمید[292] دەچنە ژێر ئەم سەیوانەوە.

خاڵی هاوکۆ لەنێو دۆخەکانی بەرژەنگی فێنۆتایپی ڕەفتارەکی بریتین لە:

1) گشت دۆخەکان دەگمەنن (FAS & FAE ی لێ دەرچێت کە ڕێژەیەک لە سەدی هەموو زارۆک دەگرێتەوە).
2) هۆکاری زانراویان پەیدایە.
3) زۆربەی ئەو پسپۆڕانەی خێزان پەیوەندییان لەتەک دەگرن زۆر دەربارەی بەرژەنگەکە نازانن.
4) ئەو خێزانەی تووشی هەمان بەرژەنگ دەبێت شارەزاییەکی باشی هەیە کە خێزانی دیکە پێویستە بیزانن.

جار هەن (بۆ نموونە لەتەک بەرژەنگی هەشفاندنی 22q11 -دا) ئەم «بەرژەنگی فێنۆتایپی ڕەفتارەکی»یە نادۆزرێتەوە هەتا مرۆڤەکە (منداڵ یان گەورەساڵ) جۆردۆزیی دیکەی ئێسێنسباری بۆ مۆر نەکرێت، وەک ماخۆلان، هۆشپەشێوی، ئاوتیزم یان زمانپەشێوی.

گرینگیشە بزانین کە لانیکەم یەک لە سەدی گەل جۆرێک بەرژەنگی فێنۆتایپی ڕەفتارەکیی هەیە و ئەو ڕێژەیە دەگاتە 2-3 لە سەدا گەر FAS/FAE بچنە پاڵ. گرینگیشە لە دۆخی دیکەی ئێسێنسباردا هەردەم پەیجۆری - ژێنەکی یان هەر شێوازێکی دیکە - بکرێت لە شیمانەی هەبوونی ئەم بەرژنگە وەک «پاشخان» بۆ دۆخی دیکەی وەک ماخۆلان یان ئاوتیزم.

لەم سەردەمەدا چارەی تایبەت بۆ زۆربەی بەرژەنگەکانی فێنۆتایپی ڕەفتارەکی پەیدایە. لەوەش بترازێت، ئێستا دەتوانین ئاگاداریی باشتر بدەین دەربارەی مەترسیی فرەپاتبوونەوەی دۆخەکە لە دووگیانیدا و هەروەها دەربارەی پێشبینیی بەرشیان ئەگەر دروست بزانین هۆکاری ئێسێنسەکە لەو دۆخەدا چییە.

ئەوجا کورتەباسێکی چەند بەرژەنگێکی فێنۆتایپی ڕەفتارەکی پێشکەش دەکەم.

**بەرژەنگی ئاوڵەمەی کوحوولزەدە FAS/FASS/FASD**

پێم وایە بەرژەنگی ئاوڵەمەی کوحوولزەدە FAS باوترین جۆری ڕەفتاری فێنۆتاپیانە بێت بەڵام توێژەر و پزیشک هەن پێیان وەهایە ئەم بەرژەنگە ناچێتە پۆلی BPS ـەوە چونکە هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم ژێنەکی نییە (گەرچی دەشێت هۆکاری ژێنەکی نۆرەیان هەبێت) بگرە لە ڕووی چەمکەوە وەها دروستە بچێتە پۆلی «ناکامیی پەڕگیر»[293] ەوە.

لانیکەم یەک لە سەدی گشت زارۆکان FAS/FASD یان هەیە و لەوەش دەچێت ڕێژەی کوڕان هەڵکشاوتر بێت. بەستەرێکی تاڕادەیەک ڕوونیش هەیە لە نێوان ئاستی گرفتاریی منداڵەکە و ئەندازەی مەیخواردنەوەی دایکەکە لە کاتی دووگیانیدا (هەم بڕی مەیخواردنەوەکە و هەم ماوەکەی). بەڵام هەتا ئێستا بەڵگەی سەلمێنراو نییە پیشانی بدات کە بڕی کەمی مەیخواردنەوە لە دەمی دووگیاندا (لای مرۆڤ) ببێتە مایەی کوحوولزەدەبوونی ئاشکرای منداڵەکە. منداڵی ئەو دایکانەی بەردەوام لە کاتی دووگیانیدا خەریکی مەیڤەخواردنن کێشەی گەلێک دژوارتریان هەیە لەچاو منداڵی ئەو دایکانەی بەر لە نیوەی ماوەی دووگیانییەکە مەیڤەخۆرییەکە ڕادەگرن.

نیشانەی نموونەیی FAS بریتییە لە ڕووخساری تایبەت (بچووکی درزی چاو، دەمبچووکی، تەنکیی لێو، بچووکیی گۆنا/«ڕووخساری نێوەند»)، شێوان (زەدەبوونی دڵ، تێکچوونی بۆریی میز، لادانی ئێسکبەندی و هەروەها گۆڕانی بنەچاو)[294] تێکچوونی زانیارەکی[295] (زۆرجار گرفتارییەکی گشتیی هزری، فرەبزێوی و نیشانەگەلی دیکەی سەربە ماخۆلان و تەنانەت ئاوتیزمیش). بەشێکی منداڵان خاوەن FAS لە ڕووی کەسایەتییەوە بەگشتی «شاد»ن بەڵام بەشێکی دیکەیان بەدەم کاتەوە ڕوو لە خەمۆکی دەنێن. FASD جۆرێکی سووکەڵەترە و هەموو ئەو نیشانەگەلە ناگرێتە خۆ، بەڵام نێزیکەی گشتیان نیشانەی وەهایان هەیە کە لانیکەم پێوەری یەک جۆردۆزیی ئێسێنسبار دەپێکن.

هەتا ئێستا تەواو ڕوون نییە کامەیە هۆکاری پەیدابوونی گرفتی ئێسێنسبار لە دۆخی FAS و FASD دا. کێشەی توێژینەوەی هۆکار بریتییە لەوەی بەشێکی بەرینی ئەو ژنانەی لە دەمی دووگیانیدا مەی دەخۆنەوە بۆ خۆیان ماخۆلان و گرفتی دیکەی ئێسێنسیان هەیە. دەشیا منداڵی ئەو دایکانە، گەر لە دەمی دووگیانییدا بەرتاوی کوحوولیش نەبان، هەر لە ڕووی ژێنەکییەوە مەترسیی پەیدابوونی گرفتی ئێسێنس لایان هەڵکشێت.

هیچ چارەیەکی تایبەت بە FAS/FASD لە ئارادا نییە، بەڵام زۆرجار هەمان ئەو چارانە سوودبەخش کە بۆ چارەی گرفتی دیکەی ئێسێنسی بێ پاشخانی کوحوولی بەکار دەبرێن. هەڵبەت فرە گرینگە کە، بە ڕەچاوگرتنی هەلومەرجی هەر خێزانێک، بکەوینە پەیجۆری لە دۆخی دایبابی «لەشەکی» (بایۆلۆژی) و هەروەها دەرفەتی چارەسەری وەک «پەروەرخانە» و دامەزراوەی دیکە. گرینگە کەسانی پەیجۆر و چارەکار زانیارێکی گشتیی باشیان هەبێت دەربارەی بەستەری نێوان کوحوولڤەخواردن و ماخۆلان، بەستەری نێوان کوحوولڤەخواردنی دەمی دووگیانی و FAS/FASD و ئێسێنس، هەروەها بزانن کە شیمانەی زۆرە هەم دایبابی لەشەکی و هەم منداڵی دەردەدار گرفتی ئاڵۆزی ئێسێنسیان هەبێت کە پێویستیان بە هەوڵ و چارەی وەهان کەسەکییانە هەموار کرابن.

**بەرژەنگی ڤالپروات**

زارۆکی ئەو دایکانەی لە کاتی دووگیانیدا دەرمانی «ڤالپروات» valproate ـیان وەرگرتووە (دەرمانێکە دژ بە «پەشێویی دووجەمسەری»[296] و پەرکەم (فێ)) ڕادەی ئاوتیزم و گرفتاریی هزری لایان یەکجار بەرزە. بەگشتی، لەم دۆخانەدا لادانی هەمەجۆری لەشەکیش پەیدان.

نە هەموو منداڵێک کە دایکی لە دەمی دووگیانیدا دەرمانی ڤالپروات وەرگرتووە تووشی بەرژەنگی ڤالپروات دەبێت و نە ئاساییشە ئامۆژگاری بدرێتە دایکێکی دەردەدار بە پەرکەم و بەرژەنگی دووجەمسەری، لە کاتی دووگیانیدا دەرمان وەرنەگرێت.

**ئاوسانی ڕیشاڵدەمار Neurofibromatoses (NF)**

«ئاوسانی ڕیشاڵدەمار»[297] دۆخێکی هەرە باوە لە نێو گرووپی BPS دا و فرەهات (ڕێژە، دەرکەوتن)ی لە نێو گەلدا دەگاتە نێزیکەی یەک لە سەد. بەڵام مەرج نییە نیشانەگەلی سەربە گرووپی ئێسێنس لە نێو گشت ئەمانەدا بێتە فراژووتن. ئەوەی برەوی زۆرە لێرەدا بریتییە لە بزاوتپەشێوی، فراژپەشێویی هاوسەما DCD، ماخۆلان و زمانپەشێوی، بەڵام کێشەی دیکەش برەویان هەیە، وەک: ئاوتیزم، گرفتاریی هزری و کۆڵەواری.

NF لە ڕووی ژێنەکییەوە دوو جۆری جیاوازی هەیە. گەرچی هەتا ئێستاش زۆرجار وێنەی کلینیکیی دۆخەکە کە دەکاتەوە گۆڕانی پێست (کە زۆرجار بە «پەڵەی زگماک»[298] دادەنرێن) بە یاوەریی پەیدابوونی لووەخاسە[299] لە کۆئەندامی ناخەکیدا دەبنە بنەما بۆ جۆردۆزیی ئەم دۆخانە، گرینگە پەیجۆریی ژێنەکی، زانیار، ئاگاداری و ئامۆژگاری دەربارەی سازمانگەلی یاریدەر بۆ گشت خێزانەکان دابین بکرێن.

**سەختەگرێ یان سەختەگرێی تێکبەستە**

سەختەگرێ TS یان سەختەگرێی تێکبەستە TSC یەکێکە لە دۆخە هەرە دژوارەکانی نێو گرووپی BPS بەتایبەتی ئەوانەی جۆردۆزیی TS یان هەیە، کە نێزیکەی یەک لە پێنج هەزار منداڵ دەگرێتەوە.

لووەخاسەی تێکچوونی تێکبەستە (کە جار هەیە دەگۆڕێن بە لووەهارە)[300] لە مێشک و شوێنی دیکەی لەشدا سەر هەڵدەدەن و دەبنە مایەی دەردەداریی زۆری دەروونی و لەشەکی. ئەمیش، وەک «ئاوسانی ڕیشاڵدەمار» NF، فرە جار نیشانەی تایبەتی شێواندنی پێستی پێوە دیارە.

دۆخی سەختەگرێی تێکبەستە TSC لانیکەم دوو جۆری هەیە لە ڕووی ژێنەکییەوە جیاوازن. جار هەیە TSC هێند نەرمە لای دایباب کە جۆردۆزییەکە بەبێ پشکنینی وردی ژێنەکی، شیانبەدەر دەمێنێت. لەوەیە گرووپێکی یەکجار گەورەتری خاوەن TS هەبن کە جۆردۆزییان وەرنەگرتووە (وەک بەشێک لە دایبابی ئەو زارۆکانەی TSـی دژواریان هەیە). کێشەی وەک پەرکەم، گرفتاریی هزری، ئاوتیزم و ماخۆلان نێزیکەی هەمیشە لای زارۆکی خاوەن TS پەیدان. هۆکار بازدانە لە کرۆمۆسۆمی شازدە یان نۆ و نیشانەکانی بەپێی بازدانەکە دەگۆڕێن.

ئێستا دەرمان هەیە بۆ چارەی لووی تێکچوون. تەنانەت نەشتەرگەریی پەرکەم لە هەندێک دۆخدا کارایە. بەڵام بەگشتی پەنا دەبرێتە بەر چارەی دەرهاویشتەکانی وەک ئاوتیزم، ماخۆلان و پەرکەم.

**هەشفاندنی 22q11**

نێزیکەی یەک لە دوو هەزار تا سێ هەزار زارۆک بەرژەنگی هەشفاندنی 22q11 -یان هەیە. هۆکاری ئاشکرابوونی ئەم دۆخە بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ لاپۆلێکی ئەم بەرژەنگە کە تێیدا منداڵی خاوەن لادان لە کرۆمۆسۆمی 22 ـدا شیزۆفرینیا دەفراژێنن. ڕەوانسازیی گەورەسالانیش بۆ «دەروونپەشێوی» (سیکۆس) زۆرجار ڕووماڵی 22q11 دەکەن.

لەم دۆخەدا نیشانگەلی ڕەفتارەکی بریتین لە: درەنگکەوتنی توانستی ئاخافتن (زۆرجار درزەمەلاشووی لەگەڵە)، پاشان بەدەم کاتەوە زمان دەبێتە «لایەنی بەهێزی» منداڵەکە، منداڵەکە وزەی نزمە و پێویستی بە کۆمەکە (زارۆکی *slow to warm up*، پێویستی بە دنە و هاندانە هەتا دێتە بار). بەشێکی کەمیش ئاوتیزمی هەیە. بەڵام جۆردۆزیی ئاوتیزم لە دۆخی هەشفاندنی 22q11-دا لەڕادەبەدەر زیاد مۆر دەکرێت لەبەرئەوەی زۆربەی کەسانی سەربە 22q11 لە بەستێنی جڤاکیدا درەنگ دەسازێن و ئەمەش بە «پەشێویی کارلێک» دادەنرێت و لەویشە بە ئاوتیزم. بە کردەوە، لە سالانی خوێندندا جۆری جیاوازی گرفتاریی فێربوون دەبێتە کێشەی هەرە گەورە.

زۆرجار ڕووخسار لەم دۆخەدا نیشانەبەخشە - بۆ نموونە «پێڵووی سەنگین»، شێوەیەکی تایبەتی لووت و ڕەگەلووت - بەڵام پزیشک دەبێت شارەزا بێت لە دیاریکردنی لادان لەوەی گۆیا ئاساییە. لە سالانی بەرایی تەمەندا لەش بەرگریی کەمە بۆ چڵککردن. جگە لە درزەمەلاشووی ژێرلینجە،[301] هەم تێکچوونی دیکەش پەیدا دەبن و هەم زەدەی نەرم، مامناوەند و دژواری دڵ.

نێزیکەی گشت منداڵانی سەربە هەشفاندنی 22q11 کێشەی ئێسێنسیان هەیە، بۆ نموونە تێکچوونی زانیارەکی. تێکڕای ئاستی IQ ی ئەم منداڵانە نێزیکەی 30 پلە لەژێر ئاستی منداڵانی دیکەیە. سەرباری ئەوەش ماخۆلان و ئادگاری ئاوتیستانەش برەویان هەیە بەڵام نەک ئاوتیزمی تەواو فراژی.

**بەرژەنگی Prader-Willi و بەرژەنگی Angelman**

هۆی سەرنجگیری لەم دوو بەرژەنەگە، بەرژەنگی Prader-Willi[302] و بەرژەنگی Angelman[303] (PWS & AS)- بریتییە لەوەی گەرچی لادانی ژێنەکیی هەردووکیان لە هەمان «ژێنەوار»دا[304] یە، بەڵام ئەم دووانە نوێنەرایەتیی دوو کێشەی کلینیکیی تەواو جیاواز دەکەن. لە هەردووکیاندا ئادگاری ئاوتیستانە پەیدان بەڵام جۆردۆزیی ئاوتیزم لە گرووپی PWS دەگمەنە.

بەرژەنگی Prader-Willi زۆرجار هەر لە بەرایی تەمەنەوە داهێزانێکی بەرچاوی «تۆنوسی ماسوولکە»ی هەیە بەوەش دەکرێت جۆردۆزییەکە لە مانگە بەراییەکانی تەمەنەوە مۆر بکرێت. جگە لەوەش بەگشتی نەوسنییەکی مەزن خویا دەبێت کە دەبێتە هۆی کێشبەرزییەکی پەڕگیر لە سالی یەکەمی تەمەندا. زۆر لە کەسانی سەربە PWS پلەیەکی نزم یان مامناوەندیان هەیە لە گرفتاریی هزری، ماخۆلان و ئادگاری ئاوتیستانە. دەستەیەکی مەزنیان زوو هەراسان دەبن و مەیلێکی بەهێزیان هەیە بۆ نوقورچگرتن و داڕنینی پێستی خۆ. ئەم «پەشێویی پێستکۆڵین»[305] ـە دەبێتە مایەی فرەبوونی نیشانەی داڕنین و «شینبوونەوە» لەم دۆخەدا.

لای بەرژەنگی Angelman پلەی گرفتاریی هزری، پەرکەم، تێکچوونی تەرازڕاگرتن و هاوسەمای بزاوت لەتەک ئاوتیزمی خاوەن خووپەشێوی دژوارترن. وێڕای ئەوەش دەکرێت لە ڕەفتای ئەم کەسەدا مۆرکی وەها خویا بن نێزیک لە هەڵچوونی دێوانەئاسا لەگەڵ گەشکەی پێکەنین و دەربڕینی یەکجار شادی ڕووخسار.

گرفتە جۆراوجۆرەکانی ڕەفتاری سەربە PWS & AS بە هەمان جۆر چارە دەکرێن کە بۆ کێشەگەلی دیکەی ئێسپێنس پیادە دەکرێن، هەڵبەت بە ڕەچاوگرتنی ڕادەی گرفتاریی هزریی مرۆڤەکە.

**تورتە X و بەرەبازدانی تورتە X**

کرۆمۆسۆمی تورت (ناسک و بەرشکان)ی X، «بەرژەنگی تورتە X» کە بە Fragile X syndrome (FRAX) ناودێرە، لای نێزیکەی یەک لە چوار هەزار منداڵدا دەردەکەوێت بەڵام وەها دیارە کە «بەرەبازدان»[306] (دۆخی بەرایی بازدانی ژێن بەر لەوەی بگاتە کۆتا ئاست) بیست هێندە پتر باوە. FRAX نێزیکەی هەمیشە دەبێتە مایەی کێشەی دژواری فراژکار، بەڵام «بەرەبازدان» زۆرجار تەنها دژوارییەکی نەرمی بەدەمەوەیە (گەرچی ئەوانەش پێویستیان بە کۆمەکی کلینیکی هەیە).

زارۆکی سەربە FRAX زۆرجار پێوەرەکانی ئاوتیزم و تەنانەت گرفتاریی هزرییش پڕ دەکەنەوە. نیشانەکانی FRAX لای کچان بەگشتی پەیدان بەڵام سووکترن لەوەی لای کوڕان هەن. نیشانەی باوی ئەم دۆخانە بریتین لە دوورەپەرێزیی جڤاکی، دڵەڕاوکێ و هەروەها وەرچەرخانی لەش و نیگا کاتی بەرکەوت لەتەک کەسانی دیکەدا بۆ نموونە کاتی سڵاوکردن. ئەم نیگاپەرێزییە لای FRAX یەکجار ڕوونە بەڵام لای ئاوتیزمی خاوەن هۆکاری دیکە دەگمەنە. سەرباری ئەوەش زۆر کەس نیشانەی بەرچاویان هەیە لە ماخۆلان یان پێوەرەکانی جۆردۆزیی ماخۆلان دەیانگرێتەوە. لای بەشێکی کچانی سەربە FRAX «تەنها» گرفتاریی سەواد (کێشەی خوێندنەوە و نووسین)، سووکە کێشەی «کارکردی کارگێڕانە»[307] (وەک پلانرێژی) یان نیشانەگەلی ماخۆلان خویا دەبن.

لە دۆخی «بەرەبازدان»دا (کە لای دایکانی خاوەن منداڵی سەربە FRAX پەیدایە و لای یەک لە 150 ی مێ و یەک لە 450 نێر دەبینرێت) کێشەی سووک، مامناوەند و کەمجاریش دژواری «کارکردی کارگێڕانە» پەیدان و جاریش هەن کێشەی ماخۆلانیش خویا دەبن.

کەسانی سەربە FRAX بەدەم تەمەنەوە زۆرجار نیشانەی دەمارپەشێوی دەفراژێنن بە هاوئامێزیی «فراژپەشێویی هاوسەما» DCD (دژواریی تەرزاڕاگرتن و بزاوتی هاوسەما) و هەروەها «لەرزەبزاوت»[308] (واتە لەرزین بەدەم ئاماژەکردن بە شتێک یان خۆ کشان بۆ مەبەستێک).

لەم سەردەمەدا زانیاری باشفراژ[309] هەیە دەربارەی چۆنەتیی گەیشتنی بازدان و لادانی ژێنەکیی سەربە FRAX بە نیشانەگەلی کلینیکانە، بەڵام ئەو باسە لە چێوەی ئەم کتێبەدا جێی نابێتەوە. ماخۆلان لە دۆخی FRAX دا هەر وەک ماخۆلانی بێ FRAX دێنە چارەکردن. لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا چەندین جۆری چارەسەر لەژێر ئاروینکاریدان.

**بەرژەنگی Down**

لەوە دەچێت، لە نێو «بەرژەنگی فینۆتایپی ڕەفتارەکی» BPS ـدا، بەرژەنگی Down لای ئاپۆرەی گەل لە گشتیان ناسراوتر بێت. دیاردەکە هێند ناسراوە کە جار هەیە لەم بوارەدا تەنانەت نایەتە بەرباس. بەڵام لە ڕوانگەی ئێسێنسەوە هۆکار هەیە بۆ جەختکردن لەوەی کە بەرژەنگی Down نێزیکەی هەمیشە وابەستەی گرفتاریی هزرییە (زۆرجاریش گرفتاریی توند و ڕەگاژۆی هزری). هەروەها جەختکردن لەوەی «بنەکەسایەتی»ـیەکە (کەسایەتییە بنەڕەتییەکە) پێ دەچێت «جڤاکدۆست» بێت بەڵام فرەهاتی ئاوتیزم لێرەدا نێزیکەی دە هێندەیە لەچاو گەلدا بەگشتی. لە تۆژینەوەی ئاوتیزمدا زۆرجار کەسانی خاوەن بەرژەنگی Down وەک «دەستەی کۆنترۆڵ» بەکار دەهێنرێن چونکە چەوتەدیدێک هەیە دەڵێت ئاوتیزم و بەرژەنگی Down «دژەجەمسەر»ن.

جار هەیە زەدەی دڵ و/یان داهێزانی کارکردی «ڕژێنەی تێرۆئید»[310] لای زۆر کەسی نێو دەستەی بەرژەنگی Down خویا دەبن و دەبنە هۆکار بۆ زەدەبوونی مێشک کە هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەو لادانەی کرۆمۆسۆم. دوور نییە ئەم زەدەبوونانە بن کە مەترسیی پەیدابوونی ئاوتیزم سەردەخەن - نەک خودی ئەو لادانە ژێنەکییە.

**لادانی کرۆمۆسۆمی زایەندبەخش**

لە نێو هەزار زاندا، چەند زارۆکێک تووشی «لادانی کرۆمۆسۆمی زایەندبەخش»[311]ی ژمارەکی (زیادی یان کەمی) دەبن. جار هەن ئەم لادانە ژمارەکییە دەبێتە هۆی زیادبوونی کرۆمۆسۆمی X یان Y، جاریش هەن یەک لەو دوو کرۆمۆسۆمە پەیدا نابن.

زیادبوونی کرۆمۆسۆمێکی X لای کوڕ (XXY) بەگشتی دەبێتە مایەی کێشەی هەم دەروونی و هەم لەشەکی. دۆخەکە بە «بەرژەنگی Klinefelter» ناودێرە و دەبێتە هۆکار بۆ لادانی بەرایی لە فراژووتنی سەربە زاناندن،[312] بزاوت و ڕەفتار و هەروەها لە هەرزەکاریدا هۆکار بۆ لادانی جۆراوجۆری گەشەکردن و هۆرمۆنی زایەندەکی کە پێویستیان بە چارەسەری پزیشکیی تایبەت هەیە. کوڕانی خاوەن بەرژەنگی Klinefelter بەگشتی لافراژن (لادانی فراژووتیان هەیە) بە نیشانەگەلی سەربە کۆڵەواری و ئادگاری ئاوتیستانە، DCD و ماخۆڵانەوە.

زیادبوونی کرۆمۆسۆمێکی Y لای کوڕ (XYY) نێزیکەی هەمیشە نیشانەی دەروونی و زۆرجار نیشانەی لەشەکیش دەدات کە دەشێن بە «نێرایەتیی زێدەڕۆ» ڕاڤە بکرێن. زۆرێک لە دەستەی XYY پتر لە کوڕانی هاوتەمەنیان شەڕەنگێزن. سەرباری ئەوەش، ئاستی مەترسیی ئاوتیزم و ماخۆلان و بەتایبەتی بۆ گرفتاریی هزری و بۆ کۆڵەواری هەڵدەکشێت.

کەمبوونی کرۆمۆسۆمێکی X لای کچ (XO) بە «بەرژەنگی Turner» ناودیرە و زۆرجار دەبێتە مایەی کێشەی دەروونی و زانیارەکی، بەڵام جار هەیە دەخرێنە ژێر چەتری «جوداوازیی ئاسایی» و بەوەش لە جۆردۆزی بێبەری دەبن. بەڵام گرفتاریی هزری لێرەدا دەگمەنە. ئادگاری ئاوتیستانە و لادانی فراژکاری وەک «دەرکپەشێویی دیدەکاری»[313] (کە سەختەنووس تێیدا هاوئامێزە) لێرەدا برەویان هەیە، هەروەها درەنگکەوتنی هەرزەکارەتی[314] یەکجار سەردەستە. خەسڵەتی وەک لادانی ئێسکبەندی، بەستەر و ماسوولکە و هەوەها باڵاکورتی برەویان هەیە.

زیدەبوونی کرۆمۆسۆمێکی X لای کچ (XXX) بە Triplo-X ناودێرە (لە نووسیاری کۆندا بە «سوپەر مێ» ناودێرە کە یەکجار چەواشەکارە) و ئەمیان دەکاتەوە هەمیشە یان نێزیکەی هەمیشە گرفتاریی هزری (زۆرجار دژوار)، کێشەگەلی ئاڵۆزی ئێسێنس و هەروەها نیشانەی لەشەکی و دەمارەکیی جۆراوجۆر (پەرکەمی هاوئامێزە).

زارۆک و جەوانی سەربە کێشەگەلی ئێسێنس کە باڵایان لەچاو ئەندامانی دیکەی هاوخێزاندا فرە کورتە یان فرە بەرزە، بەگشتی دەکەونە بەر یەک لەو جۆرانەی لادانی کرۆمۆسۆمی زایەندبەخش کە ناویان هات.

**بەرژەنگی دیکە فێنۆتایپی ڕەفتارەکی**

سەدان BPS ی دیکە هەن کە لەم بەستێنەدا نایەنە بەرباس، نەک لەبەرئەوەی گرینگ نین یان بەستەریان بە «ئێسێنس»ـەوە کەمتر بەرچاوە. بەرژەنگ هەن نێزیکەی هەمیشە وابەستەی کێشەگەلی ئێسێنسن، وەک:

- Moebius syndrome, Möbius syndrome
- Williams syndrome, Williams–Beuren syndrome (WBS)
- Rett syndrome[315]
- CHARGE syndrome
- shank-3
- Goldenhar syndrome

بەڵام هەیشە وەک «بەرژەنگی تریسۆمی 18»، ئاستی گرفتاریی هزری تێیدا هێند نزمە کە ناکرێت بچێتە ژێر سەیوانی ئێسێنسەوە چونکە دەرفەتی جیاوازیی ڕەفتارەکی و زانیارەکیی تێیدا یەکجار سنووربەندە.

## پاژی چواردەهەم: پەشێویی دەمارناسەکی ND

دەمارڕەوانسازی، لە دەمەو کۆتای سەدەی نۆزدەهەمدا، لە زۆر وەڵاتدا، بەشێک بوو لە پزیشکیی گشتی. ئەو دەمە هۆکاری دەردی هەم دەمارناسەکی و هەم دەمارڕەوانسازانە دەدرانەوە بە لادانی توێکارانە و کارکردانەی مێشک. یەک لە باوترین هۆکارەکانی دەردی دژواری دەروونی «سیفلیس» بوو. ئەمڕۆ کەم کەس دەزانن کە سیگموند فرۆید Sigmund Freud ی دامەزرێنەری دەروونشیکاری، دەمارناس یان دەمارڕەوانساز[316] بووە.

مەخابن بیردۆزە و «چارەسەر»ی سەربە دەروونشیکاری لە بەشێکی بەرینی سەدەی بیستەمدا سەردەست ما و بەوەش کەلێنی نێوان دەمارناسی و ڕەوانسازی فرەوانتر بوو. لەم چەند دەیەی پێشوودا دیدی یەکگرتنەوەی دەمارناسی و ڕەوانسازی دیسان هاتەوە کایە. پەیبردن بەوەی هۆکاری بەشێکی بەرین لەوەی بە «کێشەی ڕەوانسازانە» ناودێرن دەگەڕێنەوە بۆ لادانی کارکردانەی مێشک و هەروەها زۆربەی دەردی سەربە دەمارناسی دەبنە هۆی پەیدابوونی نیشانەگەلی دەروونی، بۆتە یاریدەر بۆ ئەم ڕوانگە «نەوکۆن»ـە (هەم نوێیە هەم کۆنە).

زۆربەی دەرد/دۆخی سەربە دەمارناسیی زارۆک[317] کە تێکڕایان وابەستەی کێشەی دەروونی یان زانیارەکین بریتین لە گەشکەداریی[318] جۆراوجۆر، مێشکەفەلەج و پەشێویی هەمەجۆر لە کۆنترۆڵی ماسوولکەدا، «ئاوەسەر»،[319] دەردی جۆراوجۆری دارزێنی ماسوولکە و جۆری جیاواز لە «پەشێویی دەمارمێتابۆلی».[320]

### گەشکەداری

لە چێوەی گەشکەداریدا بەر لە هەمووان «تاگەشکە»[321] و پەرکەم گرد دەبنەوە بەڵام دەردی دیکەی دەگمەنیش دەگرێتەوە، وەک بەرژەنگی Landau-Kleffner – (LKS)،[322] و ESES.[323]

### تاگەشکە

تاگەشکە باوترین جۆری «گەشکەداری»ـیە و نێزیکەی سێ لە سەدی گشت منداڵی زارۆخانە دەگرێتەوە. تەنها نێزیکەی یەک لە شەش یان یەک لە هەفتی منداڵانی خاوەن «تاگەشکە» پاشان بەدەم تەمەنەوە «پەرکەم» لایان خویا دەبێت. تاگەشکە، گەرچی [بۆ دەوروبەر] فرە هەستبزوێنە بەڵام بەگشتی نابێتە مایەی مێشکپەشێویی یەکبین یان زەدەبوونی مێشک. بەڵام تاگەشکە یەکێکە لە چەندین دیاردە کە دەبنە ئاماژە و نیشانە بۆ کێشەگەلی بەرایی ئێسێنس (وەک ماخۆلان و/یان ئاوتیزم). وەها باشە منداڵی خاوەن تاگەشکە دەمدەم، زیادتر لەوەی ئێستا باوە، بخرێنە بەر پەیجۆریی ئێسێنس و گەر دۆخی وایان لێ خویا بوو ئەوا گرینگە هەڵسەنگاندنی بەرینتریان بۆ ئەنجام بدرێت و گەر پێویست بێت چارەی کۆگرفتانەیان بۆ دابین بکرێت. گەر منداڵێک هێنرایە نەخۆشخانە بەهۆی یەکەم تاگەشکەوە ئەوا دەبێت ڕوتین هەبێت بۆ تەرخانکردنی کات بۆ سەردانی داهاتوو کە تێیدا پزیشکی بەرپرس دەکەوێتە پەیجۆریی لە بوون و نەبوونی کێشەی دیکەی سەربە دەمارپەشێوی.

## پەرکەم

پەرکەم (فیێ) نێزیکەی نیویەک (0,5) لە سەدی گشت زارۆکان دەگرێتەوە. زارۆکی فێرگە کە پەرکەمیان هەیە نێزیکەی هەمیشە کێشەی دیکەشیان هەیە کە ناکەونە ژێر چەتری جۆردۆزیی پەرکەمەوە. ئەم دیاردەیە نێزیکەی گشت جۆرەکانی پەرکەم دەگرێتەوە، گەرچی ئەو جۆرەی بە «گەشکەی بەشەکیی دژوار»[324] (*«گەشکەی دەروونبزاوت»*)[325] ناودێرە خاوەن کێشەی دژواری فرەهاتی ڕەوانسازانەیشە.

ڕێژەی ئەو ماخۆلانەی پتر سەرنجپەرتە، لای منداڵی پەرکەمداری تەمەن فێرگە لەچاو منداڵانی دیکەی گەلدا، شەش تا دە جار پتر فرەهاتە، ئاوتیزمیش سێ تا پێنج جار باوترە. جگە لەوەش، «فراژپەشێویی هاوسەما» DCD لێرەدا برەوی زۆرە بەڵام بەگشتی جۆردۆزییان مۆر نەکراوە. گرینگە گشت منداڵێکی خاوەن جۆردۆزیی پەرکەم، بخرێتە بەر پشکنینی جۆرەکانی دیکەی کێشەی سەربە دەمارڕەوانسازی کە نێزیکەی گشتیان دەگرێتەوە.

ڕەفتارپەشێوی و کێشەگەلی دیکەی ئێسێنس، لە دۆخی پەرکەمداردا یەکجار فرەهاتن، لەوەیە ئەم باسە دۆخی «تاگەشکە»ش بگرێتەوە. جار هەیە هۆکاری ئەم بەستەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەشێوییەی کارکردی مێشک کە پاشخان و هۆکارە بۆ پەیدابوونی پەرکەم/گەشکەداری و کێشەی دیکەی وەک فراژپەشێوی/ئاوتیزم یان ماخۆلان.

## بەرژەنگی Landau-Kleffner – (LKS)

LKS، بەرژەنگی Landau-Kleffner، یان «تێنەگەیشتنی گوتەی بیستراو»[326] دۆخێکی دەگمەن بەڵام گرینگە لە دەستەی پەرکەمدا، کە زۆرجار لە تەمەنی سێ تا هەفتساڵیدا خویا دەبێت. ئەم گرفتە دەکاتەوە لەدەستدانی توانستی تێگەیشتن لە زمانی بیستراو، لەویشەوە دەگاتە دژواریی ئاخافتن لای ئەو مرۆڤە دەردەدارە. جگە لەوەش چەندین ئادگاری ئاوتیستانە و فرەبزێوییەکی دژواری بەدەمەوەیە. «ئەلێکترۆکاریی مێشک» EEG بەگشتی وێنەیەکی نیشانەبەخش دەدات لە Rolandic spikes و چالاکیی «پەرکەمزێ»[327] ی دەوامەداری کاتی خەو. بەشێک لە زارۆکانی سەربە LKS لە سەرەتا یان لە کۆتای ماوەی دەردەدارییەکەدا تووشی گەشکەی پەرکەم دەبن، بەڵام بەشی دیکەش هەن هیچ مەودائاشکرایان لە نێوان گەشکەکاندا نییە. جۆردۆزیی ئاوتیزم و/یان ماخۆلان لەنێو زارۆکانی خاوەن LKS دیاردەیەکی دەگمەن نییە.

«چالاکیی پەرکەمزێ»ی دەرەوەی «خەونەخەو» (REM–ەخەو)[328] (ئەوەی دەکەوێتە CSWS)[329] هەم دەبنە هۆکار بۆ LKS و هەم دەبنە مایەی کێشەی دیکەی ڕاڤەسەختی ڕەوانسازانە.

پەیجۆری و تیماری LKS دەبێت لای پسپۆڕانی دەمارناسی و دەمارڕەوانسازیی زارۆک بێت و بەگشتی دەرمانی هەم ستێرۆئید/کۆرتیزۆن[330] و هەم دژەپەرکەم لێرەدا سوودبەخشن. پێشبینی لە LKS، گەر جۆردۆزی و تیماری باش دابین بن، گەش دەبێت، دەنا سەختە.

## Electrical Status Epilepticus During Slow-wave Sleep (ESES)

ESES – کە CSWS یشی پێ دەگوترێت – وێکچووی «بەرژەنگی Landau-Kleffner»–ە بەڵام بەدەگمەن ئەم جۆردۆزییە دەدرێتە زارۆکی فێرگە. لێرەدا نیشانەی لادانی زمانەکی دەگمەنن. هەڵچوونی دەروونپەشێوی (سیکۆس)، ئاوتیزم، ماخۆلان، خووپەشێوی، پەشۆکان و پاشەکشە،[331] لە وێنەی کلینیکیدا برەویان هەیە. لەم

ساڵانەی دواییدا، ئاشکرا بووە کە تەنانەت دۆخی سەربە PANS هەن کە هۆکاریان دەگەڕێتەوە بۆ ESES. زۆربەی منداڵ و جەوانی خاوەن ESES لە ڕووی کلینیکییەوە هیچ گەشکەیەکی ڕوونی پەرکەم پێشان نادەن. لە EEG ـدا وێنەیەکی وێکچووی LKS دەبینین لە گەڕی درێژخایەن (جار هەن تاڕادەیەک دەوامەداریش) لە «چالاکیی پەرکەمزێ» (گەڕی *spike and slow wave*) بەدەم خەوەوە.

تیماری ESES ئاڕاستەی ئەو پەشێوییەی پەرکەمزێی EEG دەکرێت و بریتییە لە دەرمانی دژەپەرکەم و جاریش هەن دەرمانی ستێرۆئید. لێرەشدا، وەک لای LKS، جۆردۆزیی ورد و پزیشکییەکی فرەپسپۆڕ دەبنە مایەی پێشبینیی گەش.

**مێشکەفەلەج و پەشێویی دیکەی کۆنترۆڵی ماسوولکە**

مێشکەفەلەج CP جۆردۆزییەکی کلینیکانەیە بۆ چەند جۆرێک لە پەشێویی جلەوکێشکردنی ماسوولکە و لەویشەوە بۆ پەشێویی خشتەی بزاوتن. CP دابەش دەکرێن بەسەر چەندین شێوازی جیاوازدا:

- دووفەلەجی گرژۆڵ[332] - پتر دوو لنگ گرژۆڵ دەبن.
- چوارفەلەجی گرژۆڵ[333] - هەر چوار پەل، دوو لنگ و دوو باڵ گرژۆڵ دەبن.
- نیوەفەلەجی گرژۆڵ[334] - لانیوەی لەش، ڕاست یان چەپ، گرژۆڵ دەبێت.
- مێشکەفەلەجی لاسەنگ (ئاتاکسیا)[335] - پتر لنگ گرژۆڵن بەڵام بزاوتی باڵ، دەست و قەد ناتەرازن.
- مێشکەفەلەجی سەختەبزاوت (دیسکەنسیا)[336] - بە بزاوتی سەیرەوە کە دەشێت بە فرەبزۆزی،[337] ئاتێتۆس[338] و دەردەسەما[339] پۆلێن بکرێن.

جۆردۆزیی CP بەگشتی لە تەمەنی زارۆخانەدا دەکرێت، بەڵام کێشەگەلی دیکەی ئێسێنس کە یاوەرن لێرەدا زۆرجار چەند ساڵێک پاشان ئەوجا خویا دەبن - یان هەر نابن. ئاوتیزم، ماخۆلان، گرفتاریی هزری و پەرکەم هەر بەو جۆرە چارە دەکرێن کە CP ـیان یاوەر نییە.

**دەردەماسوولکە**

دەردەماسوولکەی وەک پووکانەوەی ماسوولکەیی Duchenne[340] و «گرژەپووکانەوە»[341] نێزیکەی هەمیشە جۆرێک لە کۆگرفتی سەربە ڕەوانسازی یان زانیارەکییان هەیە. هەر بۆ نموونە ئاوتیزم فرە باوە لەو دوو دۆخەدا.

هەر وەک لای CP و پەرکەم، لێرەشدا گرینگە زارۆک و خێزان ئاگادار بکرێنەوە لە ناوی ئاوتیزم و کێشەگەلی دیکەی ئێسێنس بەمەبەستی دابینکردن چارەی گونجاو. چارەی لەبار دەتوانێت ببێتە مایەی بەرزکردنەوەیەکی یەکجار بەرچاوی جۆرایەتیی گوزەران، تەنانەت لەو دۆخانەشدا کە پێشبینیی تاریک لەئارادان دەربارەی زوو پیربوون و زوو مەرگ.

**کێشەی دیکەی دەمارناسەکی**

سەرلەبەری دۆخی دەردەداریی مێشک بەگشتی دەبنە مایەی سەرخستنی مەترسیی پەیدابوونی کێشەگەلی ئێسێنس. ئەم باسە هەم لە «ئاوەسەر» و «زەدەی تراوماهێنی مێشک»ـدا سەلمێنراوە، بەڵام جگە لەوانەش «پەشێویی دەمارمێتابۆلی» و «میتۆکۆندریا» ـیش دەگرێتەوە. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ هەردەم ئاگادار بێت لەو بەستەرە فرە پتەوەی هەیە لە نێوان مێشکپەشێوی، زەدەبوونی مێشک، کێشەی دەمارناسەکی لە لایەک و نیشانەگەلی زانیارەکی و ڕەوانسازی لە لایەک. ئێستا ئاشکرایە کە هۆکاری بنەڕەتی بۆ داهێزانی جۆری گوزەرانی زارۆک و خێزان بریتییە لە کێشەگەلی سەربە ڕەوانسازی/زانیارەکی نەک خودی جۆردۆزییە دەمارناسەکییەکە.

زارۆکی فرە نەوەکام گرووپێکی بەرمەترسیی تایبەتن. زۆربەی زارۆکانی بەر لە هەفتەی 30-28 ی دووگیانی زاون، بەر لە تەمەنی گەورەسالّی کێشەی ئێسێنسبار لایان خویا دەبن.

## پاژی پازدەهەم: سێ نموونە لە ئێسێنس ESSENCE

لەم پاژەدا سێ دۆخ دێنە ڕاڤەکردن: منداڵێک، هەرزەکارێک و گەورەساڵێکی ئێسێنسبار. هەر یەک لەم سێ دۆخە گفتوگۆیەک پەلکێش دەکات دەربارەی جۆردۆزیی بەرشیان. مەبەست گەیاندنی وێنەیەکە لەو کێشە ئاڵۆزەی پەیدایە لای مرۆڤی ئێسێنسبار و چەند گرینگە جۆردۆزییەکی «گشتپۆش» دابین بکرێت کە ئەم دیدە بکاتە سەرشار: گشت دۆخێکی خاوەن کێشەی جۆراجۆری ڕەوانسازانە (یان سایکۆسۆماتیک) - لای زارۆکی بچووک، منداڵی فێرگە، هەرزەکار یان گەورەساڵ بێت - زۆر چاک دەشێت کێشەگەلی ئاڵۆزی ئێسێنسی هەبێت.

### کوڕێکی چوار ساڵان (A)

A دووهەم منداڵی خێزانی شارێکی مامناوەندی سوێد بوو، زۆر دەیزریکاند، لە تەمەنی چوار ساڵیدا یەکەم جۆردۆزیی لە کلینیکی ڤەکریی[342] ڕەوانسازیی زارۆک و جەوانانی شارەکە بۆ مۆر کرا. دایبابی منداڵەکە، کە ئەو دەم چل ساڵ دەبوون، خوێندەوارییان بەرز بوو. فراژووتنی خوشکە گەورەکەی، هەشت ساڵان، هەم ئاسایی بوو، هەم فێرگەشی «بێکێشە» دەرباز دەکرد. ئەم خوشکە، بە گوتەی دایباب: «ئاخافتن، خوێندنەوە و نووسینی وەک منداڵێکی دوازدە ساڵان بوو». بەڵام لە یەکەم دیداری براکەیدا، کە ئەم خوشکەش ئامادە بوو، دەرکەوت کچەکە هەم بەهرەدارە و هەم کەمێکیش گۆشەگیر. باوکەکە خۆی وەک کەسێکی شاد، ڤەکری و «فرە شۆخیباز» ناساند. بەڵام دایکەکە لە دیدارێکی دیکەدا، کە بەتەنها لەگەڵ کوڕەکەی هاتبوو، گوتی باوکەکە فرە ئاسپێرگە (بەرژەنگی ئاسپێرگەری هەیە). دایکەکە خاوەن چەندین بڕوانامەی ئەکادیمی بوو، لە فەلسەفە، ئەدەبناسی،[343] مێژوو، دەروونناسی و مرۆڤناسی،[344] بەڵام لە بواری «ئامۆژگاریی خێزان»دا کاری سەربەخۆی دەکرد.

دووگیانیی دایکی A «ئاسایی» دەچەرخا بەڵام کوڕەکە پاش تەنها 28 هەفتە زا. کوڕەکە چەند هەفتەیەک لە «هۆبەی چرەچاودێری»[345]ی زارۆکان ما و پاش دوو مانگ ئەوجا هێنرایە ماڵ. سەرەتا هیچ خەوشی نەبوو بەڵام لە تەمەنی چوار مانگییەوە دەستی دایە زریکاندنی «شەوەرۆژ». لە «بنکەی چاودێریی زارۆک»[346] ئامۆژگاری و تەنانەت دەرمانی جۆراوجۆریان داوەتە خێزانەکە، هەم بۆ کوڕەکە و هەم بۆ دایباب (وەک ئالیمەمازین[347] و میلاتۆنین) بەڵام بێسوود بوون. پاشان لەناکاو لە تەمەنی دە مانگیدا کوڕەکە «بێدەنگ» بوو. ئەوجا لەو دەمەدا کە لە شیری دایکی دابڕێندرا، دەستی دایە جۆرێکی سەیر لە «دژەخواردن»: هەر جارێک هەوڵ دەدرا بخرێتە نێو «بەرزەکورسی»[348]ی نێزیک مێزی خواردن، «شێت» دەبوو - تەنها ئەگەر بەرزەکورسییەکە نێزیکەی بیست سەنتیمەتر دوور دەخرایەوە لە گۆشەیەکی دیاریکراوی مێزەکە ئەوجا دادەمرکا. خۆراکیش دەبا تەنها هاڕدراو با، توونیش با. دایکەکە لە بنکەی چاودێریی زارۆک پرسیاری کردبوو گەر ئەمە دۆخێکی ئاساییە، ئەوانیش بەرسڤیان داوەتەوە: «ئەرێ ئاساییە، زارۆک جۆراوجۆرن».

دایباب و خوشکەکە پێیان وەها بوو کە فراژووتنی کوڕەکە، جگە لە سەختیی دەرخواردان و جگە لە مەرجی جێی تایبەت، «خشتەڕۆ» بوو (ڕەوتی لەتەک خشتەی ئاساییدا ڕێک دەهات). کوڕەکە، لەچاو منداڵی دیکەی

هاوزادا، جووڵەی زیادتر بوو. لە یەکەم ساڵڕۆژی خۆیدا (نێزیکەی سێ مانگ زووتر زا) بێ کۆمەکی کەس، توانی مەودایەکی باش بڕوات. ئەم کوڕە لە تەمەنی هەژدە مانگیدا تووشی «چڵککردنی کۆئەندامی سەرووی هەناسە[349]»[350] دەبێت و پاش ئەوە ئیدی بێدەنگ دەبێت. ئەم کوڕە بەر لەو دەرد و بێدەنگییە، وشەگەلی وەک دایە، بابە، بخۆ، تەماشا و چرای دەگوت، بەڵام پاشان گشت ئەم وشانە «بزر بوون». کوڕەکە دەچووە گۆشەیەکەوە و دەکەوتە ڕاژەنین. فراژووتنی بزاوتی ئەم زارۆکە وەستا، بە پلەی یەکەم بزاوتی وردەکار، وردەبزاوت، نەیدەتوانی بە کەوچک خواردن بخاتە دەمی خۆیەوە، بە دەست خۆراکی دە نێو دەمی خۆی دەنا. بۆ پۆشاکگۆڕین (لەبەرکردن و داکەنینی پۆشاک) جووڵەی نەبوو.

کارمەندانی زارۆخانە کەوتنە پرسیار لەوەی داوای پەیجۆری بکرێت بۆ ئەم کوڕە لەبەرئەوەی هەردەم بەتەنێ لە گۆشەیەکدا گیری دەخوارد، خۆی ڕادەژەند و دەستی ڕادەوەشاند. جاریش هەبووە بیست خولەک بە ڕاکردن دەسووڕایەوە و بەکەس دابین نەدەبوو. ئەم کوڕە هەڤبەندییەکی زۆر کەمی هەبووە، یان هەر نەبووە، بە منداڵی دیکەوە و تاکە وشەی دەیگوت «دەتی، دەتی» بوو.

دایباب دەیانبیست و دەیانخوێندەوە کە منداڵ فرەجۆرن و لە دیڤچوونی نێزیکەی دوو ساڵەی منداڵەکەدا، لە «بنکەی چاودێریی نەوەکام»، ئاگادار کران لەوەی منداڵەکە هیچ گرفتێکی CP، پەرکەم یان فراژپەشێویی نییە - لەبەرئەوە «گشتی دروستە». بۆیە دایباب کوڕەکەیان نەبرد بۆ کۆنترۆڵی دوو ساڵ و نیو. لە کۆنترۆڵی چوار ساڵیدا، پەرستاری بنکەی چاودێریی زارۆک نیگەرانیی خۆی دەربڕی دەربارەی فراژووتنی جڤاکانەی ئەم منداڵە و پاش ڕاوێژ بە پزیشک، بەمەبەستی پەیجۆری، داوای سەردانی «ڕەوانسازیی زارۆک»ی بۆ کرد.

دەروونناسێکی کەمشارەزا، لە پەیجۆرییەکەدا، دیداری ADI-R،[351] نۆڕینی ADOS[352] و ئاروینی Griffith[353]ی بۆ ئەنجام دابوو. پاش ئەوە ڕەوانسازی زارۆک یەک جار لەگەڵ گشت خێزانەکە کۆبۆیەوە و یەک جاری دیکەش تەنها لەگەڵ دایک و کوڕەکە. ئەوجا بە دایباب گوترا کە منداڵەکە «ئاوتیزمی کلاسیک»ی هەیە و پێویستی بە ڕاهێنانی چڕ هەیە لەم دوو ساڵەی دابێت. دایباب ئاگاداریش کران لەوەی کوڕەکەیان «درەنگفراژ»ە[354] و لەوەیە لە فێرگە پێویستی بە کۆمەک بێت. پزیشکنامە ئاڕاستەی بنکەی توانابەخشیی[355] زارۆک کرا و پاش ساڵێک چاوەڕوانی ئەوجا نۆرەی هات و خرایە بەر ڕاهێنانی چڕ.

**سەرنج**

لەوە دەچێت جۆردۆزیی ئاوتیزم لەم دۆخەدا دروست بێت. پێم وایە هەر لە یەکەم پەیجۆریدا، دەبا جۆردۆزیی گرفتاریی هزری (ی دژوار) مۆر کرابا چونکە بەرکەوتی[356] فراژووتنی منداڵەکە (تەمەنی فراژووتن دابەشی تەمەنی کرۆنۆلۆژی جاران سەد) کەمتر بوو لە 25. «درەنگفراژ» دەگمەن نەبێت نابێتە وشەیەکی دروست بۆ ئەم دیاردەیە، وەک لەم دۆخەدا خویایە، هیچ ئاماژەیەک نییە بەوەی منداڵەکە بتوانێت بگاتە ئاستی ئاسایی فراژووتن. جگە لەوەش پێم وایە ئەم زارۆکە لانیکەم گرفتارە بە زمانپەشێوی، DCD (پەشێویی وردەبزاوت کە دەشیا بخرێتە خانەی ئاستی فراژووتنەوە) و هەروەها ماخۆلان.

گشت ئەم جۆردۆزییانەی دوایی لە پەیجۆرییەکی نوێدا مۆر کران. ئەمجارەیان لە تەمەنی هەشت ساڵیدا (لە نەخۆشخانەی زارۆکان) لەلایەن پزیشکێکی فرە شارەزا و دەروونناسێکی جەوانەوە پەیجۆرییەکە ساز کرا. ئەمان نووسییان کە گرفتاریی منداڵەکە وێنەیەکی فرە ئاڵۆزە لە: «ئاوتیزمی پشتەڕۆ»، گرفتاریی هزری، DCD، زمانپەشێوی، ماخۆلان و پەرکەم.

ئەوجا پەیجۆرییەکی گشتپۆش پیادە کرا و ئەم خاڵانەی گرتەوە: ژێنەکی، EEG[357]،MRI، پشکنینی پێست، پشکنینی دڵ و گورچیلە و ... هتد. دەرئەنجام گەیشت بە مۆرکردنی جۆردۆزیی «سەختەگرێ» TS. لە تۆماری پەیجۆرییە کۆنەکەی تەمەن چوارساڵی، دەروونناسەکە نووسیبووی: باس لە کوڕێکی پرچڕەشە بە کەزییەکی سپییەوە لە تەوێڵیدا (کە نیشانەیەکی کلاسیکی بۆ «سەختەگرێ») بە گەشکەی ناکاوی کورتەوە.

ئەو ڕەفتارساڕێژییە چڕەی کوڕەکە نێزیکەی دوو ساڵ خەریکی بوو، لە تەمەنی پێنج تا نێزیکەی هەفت ساڵان، هیچ پێشکەوتنێکی لێ نەزا. لەوەیە زەدەبوونی پاش ئەو زانە نەوەکامە یاریدەر بووبێت بۆ زەدەبوونی مێشک و گشت ئەو وێنە ئاڵۆزەی ئێسێنس. دووریش نییە توانرابا ئەو مەیلە ژێنەکییەی لە خێزانەکەدا هەبوو بۆ ئادگاری ئاوتیستانە (هەم لای دایباب و هەم لای خوشکەکە) بکرایە بە ڕوونکەرەوەی بەشێک لە ئاوتیزمی کوڕەکە - گەرچی هەم سەختەگرێ و هەم نەوەکامی «هەر خۆیان» دەیانتوانی ببنە هۆکاری بەشێک یان هەموو ئەو وێنە ئاڵۆزە. دەشکرا ئەم نەخشی کێشەیە ڕێک هاتبا لەگەڵ نۆنەخشەیەکی بەرایی لە بەرژەنگی Landau-Kleffner، بەڵام هێڵکارییەکەی EEG ڕێک نەهات لەتەک ئەو جۆردۆزییە.

**کیژێکی پازدە ساڵان B**

B، پاش ئەوەی ئێوارەی پێشوو، دوای شیوخواردن و سەردانێکی ئاودەست، بووراِبۆوە، لەگەڵ دایکی دەچنە سەردانی بنکەی چاودێریی زارۆکان. ئەم دوێ ئێوارە بەلادا هات و لەسەر زەوی «تۆپەڵ» بوو. بەگوێرەی تۆماری پزیشکەکە، لەشی ئەم کیژە یەکجار لاوازە، هەر دەڵێیت «ئێسکبەند»ە و بۆنی هەناسەی بە ئەسیتۆن دەچێت. پزیشک پێشنیازی خەواندنی نەخۆشخانە دەکات بەڵام نە کیژ و نە دایک نایسەلمێنن. داوایان لێ دەکرێت سبەیرۆژ بێنەوە بۆ بنکەکە بەڵام ئەوان نایەنەوە.

پاش دوو مانگ کیژەکە بە جۆردۆزیی بەرایی «ئانۆرێکسیا نێرڤۆسا و ئادگاری سەربە بولیمیا» دەبرێتە هۆبەی تەنگانە (فریاکەوتنی خێرا) لە ڕەوانسازیی منداڵ و نەوجەوانان. کیژەکە لەو دەمەدا ترپەی دڵی 44 و پەستانی خوێنی 95/55 بوو، ڕەنگپەڕیوو، وشکهەڵاتوو بە کەوانەی ڕەشی گەورەی ژێرچاوەوە. جاروبار بە چرپە وەڵامی پرسیاری دەدایەوە بەڵام زۆرێکی دانوستان لە ڕێی دایکەکەوە دەچەرخا، کیژەکەش جاروبار نیگایەکی دایکی دەکرد و بە ئاماژەیەکی ڕووخسارەوە وەک بڵێت «دەدەی، وەڵام بدەوە!»، لەگەڵ سەرتەکاندنی فرەپات و جووڵەی یەکنەوای دەست.

ڕۆژی پاش خەواندنی نەخۆشخانەکە، ڕەوانسازێکی دەمار هات و 45 خولەک دایکەکەی دواند و نێزیکەی دوو هێندەش کیژەکە. دایکەکە وردەکارانە و کۆمەکخوازانە وەڵامی گشت پرسیارەکانی دایەوە، کیژەکە خۆی تەنها پرسیاری سەربە خووپەشێوی، کارلێکی جڤاکی و توانستی سێرەگیری بە لاوە گرینگ بوو. کیژەکە چەند جار پرسیاری کرد «هەتا کەی ئێوە خەریکی ئەم کارە دەبن؟» و بێوازییەکی ئاشکرای دەنواند.

پاش چەند ڕۆژێکی دیکە ئەم کیژە دەردەدارە توانی بکەوێتە سەر پێ و ئازادانە لە نێو و لە دەوروبەری نەخۆشخانەکە پیاسە بکات. لەوە دەچوو دۆخەکەی لا پەسەند بێت و سەرنجی دابووە ئەوەی فراڤین هەموو ڕۆژێک لە هەمان کاتدا ڕێک لە کاژێر دوازدەدا دابین دەکرێت. پێشنیازی ئەوەش کرابوو کە «ساڕێژیی خێزانی» دابین بکرێت بۆ «چارەی ناکۆکییەکان» و کۆتاهێنان بە «خۆراکدزاندن» (ڕەتکردنەوەی خواردن) و

«خۆڕشاندنەوە». گفتوگۆی لەو بابەتە هاتە دامەزراندن بەڵام کیژەکە گوێی خۆی بەربەست دەکرد و گازەندەی هەبوو لە ئاڵۆسکانی دەنگی ئاخافتنی دایباب لەنێو خۆیاندا. کێشی کیژەکە جێگیر بوو بەڵام هەڵ نەدەکشا. دایباب چەند جارێک پرسیاریان لە سارێژکارانی خێزان دەکرد سارێژیی خێزان سوودی چییە. بە گوتەی باوکەکە، بەرسڤی سارێژکاران چەند جارێک ناجۆر بوو.

### سەرنج

دڵنیام کە جۆردۆزیی ئانۆرێکسیا و بولیمیا نێرڤۆسا لێرەدا دروست بوو. لەوەیە کیژەکە ئاوتیزم و بەرژەنگی Tourette یشی هەبووبێت، ئەم دوو جۆردۆزی و کێشەگەلە هۆکاری باون بۆ گرفتاری لە دۆخی ئانۆرێکسیادا (لە دۆخی بولیمیا نێرڤۆسا ماخۆلان دەبێتە هۆکاری باو). بەگشتی ئەو جۆردۆزییانە مۆر نەدەکران گەرچی تاویان لەسەر پەیدابوونی کێشەی بەرایی فراژکار فرە ڕوونە. دووریش نییە ئەم کیژە کێشەی ماخۆلانیشی هەبووبێت کە زۆرجار هۆکارە بۆ خواردنپەشێوی (بەتایبەتی لە دۆخی بولیمیا و دەردەقەڵەویدا).[358] دیاریکردنی هۆکاری بنەڕەتی گرینگە بۆ دابینکردنی چارەی لەبار.

گەر مەبەست چارەی بنەڕەتی بێت بۆ ئەوەی زوو فراژووتنەکە ڕوو بکاتە لایەنی دروست، ئەوا گرینگە تیماری بە پلەی یەکەم ئێسێنس (نەک خواردنپەشێوی) بێتە دیاریکردن و چەرخاندن. «سارێژیی خێزانی» لە دۆخێکدا ئانۆرێکسیا و ئاوتیزمی تێدا تێکبەستە بێت ئەوا نێزیکەی هەمیشە «دژەتیمار»ە[359] چونکە کەسانی ئاوتیست بەگشتی لایان سەختە هەر خۆجۆشانە پەی بەرن بە هەست و بیری کەسانی دیکە - ئەمەش پێویستە بۆ کارلێکی جڤاکی و بۆ بەشداری لە سارێژیی خێزانیدا. لەبری ئەوە گرینگە ئاڕاستەیەکی بەرهەستی پێداگۆگییانە دابین بکرێت کە تێیدا پزیشکی ئازموودە لەو خواردنپەشێوییەی لەو دۆخەدا پەیدایە، وێکڕا لەتەک نەخۆشەکەدا کەسەکییانە بەرپرسایەتی بگرنە ئەستۆ بۆ گۆڕینی ڕووی فراژووتنەکە و لە ماوەی یەک هەفتەدا بگەن بە دۆخی زیادبوونی کێش و ئەوجا، هەنگاوبەهەنگاو، بەخاوی بکەونە ڕاهێنانی دەربازبوون لەو خواردنپەشێوییە.

دۆخی تاکوتەرا هەن مرۆڤ پێویستی بە دەرمانە بۆ ڕزگاربوون لەو پێچەبەدەورە بەدرەوە.

لە گشت دۆخێکدا هەتا چەند ساڵێک پێویستمان بە دیڤچوونی بەردەوام هەیە بۆ ئەرخەیانبوون لە پاراستنی کێشی ئاسایی. هەموو تۆژینەوەکانی ئەم بوارە جەخت دەکەن لەوەی ئاساییکردنەوەی کێش گرینگترین بناخەیە لە چارەسەرییەکەدا.

بەڵام ئەو کێشەگەلەی ئێسێنسی کە بوونەتە هۆکار و پاشخان وەک خۆیان دەمێنن ئەگەر چارەی تایبەت بۆ داهێزانی ئەو گرفتارییانە دابین نەکرێن کە زادەی کێشەکانی ئێسێنسن. تەنها لە چەند تۆژینەوەیەکی یەکجار کەمدا باسی کێشەگەلی پاشخانی ئێسێنسبار خراونەتە بەرباس.

**ژنێکی چل ساڵە C**

C لە ماوەی ئەم ساڵەی ڕابوردوودا دوو جار سەردانی «نەخۆشخانەی تەنگانە» (فریاکەوتنی خێرا)ی کردووە لەبەر «دڵەکوتە»،[360] بەڵام بەرسقی ئارامبەخشانەی وەرگرتووە. ئێستا هاتۆتە سەردانی پزیشکی گشتی چونکە لە کار هەست بە سترێسێکی سەخت دەکات و پێی وایە «پڕووکاوە».

پاش بیست خولەک ڕاوێژ جۆردۆزیی «خەمۆکیی شەکەتبوون»ی بۆ مۆر کرا و شەش هەفتە «دەردەپشوو»ی پێ درا (بڕیاری پشووی نەخۆشی بۆ ئەوەی نەچێت بۆ کار). سەرەدانی ئایەندەش دیاری کرا بۆ پاش پێنج هەفتەی دیکە. بە «خۆت ماندوو مەکە، ئارام بە» ئامۆژگاری کرا. بەڵام هەر پاش دوو هەفتە هاتەوە بۆ هۆبەی تەنگانە لەبەر بێخەویی لەڕادەبەدەر و داوای دەرمانی کرد. پزیشک، دیدارێکی پێنج خولەکیی بۆ وەرگرتنی ئاگاداری لای پەرستار دیاری کرد و دەرمانی Zolpidem ی بۆ نووسی. C جارێکی دیکەش بەر لە کاتی دیداری تەرخانکراو هاتەوە سەرەدانی نەخۆشخانە بەهۆی میگرێن Migraine یکی بەهێز کە ماوەی بیستوپێنج ساڵێکە دەمدەم دەیگرێت، هاتووە دەپرسێت ئایا ئەم هێرشەی ئەمجارە وابەستەی شەکەتبوونەکەیەتی.

بۆ دیداری دیاریکراو یەک کاژێر درەنگتر هات و لەبەرە ئەوە پزیشک کاتی نەبوو ببینێت. کاتێکی نوێیان بۆ سبەی بۆ تەرخان کرد بەڵام ئەم نەهات.

ئەم ژنە پاش ساڵێک هاتەوە سەرەدانی پزیشکی گشتی و ئەمجارە گازەندەی لە ژانی پشتەمل، شان، بنەپشت (کۆتای پشت)، لوولاک (بەشی خوارەوەی لنگ) و پێ دەکرد. ئەم پزیشکە تازە کۆرسێکی خوێندبوو دەربارەی ژانی درێژخایەن و پاش دە خولەک جۆردۆزیی «ژاندار» و «دڵەڕاوکێی گشتی» بۆ مۆر کرد. جگە لەوە سێ هەفتە «دەردەپشوو»ی دەرایە و ئامۆژگاری کرا بچێت بۆ «لەشساڕێژی»[361] و بۆ زۆرخانە.[362] C خۆی لە زۆرخانەیەک ناونووس کرد بەڵام هەتا چوار هەفتە نەچوو بە لایدا.

دیسان پاش شەش مانگ هاتەوە نەخۆشخانە و داوای ئامۆژگاریی کرد دەربارەی پارێزی خواردن چونکە «زۆر قەڵەو» بووە. ئەم ژنە نیگەرانی «هەموو شتیک» بوو، ئێوارانیش نەی دەتوانی ئارام بێتەوە - ڕادەکشا و بیری لەوە دەکردەوە چەند قەڵەو بووە. بەڵام تۆماری کێشی ئەو ژنە پێشانی دەدات کە ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا هەمان کێشی هەبووە.

پزیشکی ئەمجارە تازە خولێکی دەربارەی ماخۆلان تەواو کردبوو، بۆیە کەوتە پرسیار دەربارەی ئەوە هەژدە نیشانەیەی ماخۆلان کە DSM-V دیاری کردوون. خانمەکەمان چواردەیانی پڕ دەکردەوە. پزیشک تێبینیشی کرد وردەتەکان (لەرە) لە برۆ و دەوری دەمی ئەم خانمەدا دیارە و جارجاریش لەناکاو دەنگێکی سەیر یان دەنگی گەروو خاوێنکردنەوەی سەیری لێوە دێت. بەردەوامیش خەریکی ڕێکخستنەوەی کەلوپەلی سەر مێزەکەیە. ناوەناوەش پەنجەی دەخستە پرچی خۆیەوە بەمەبەستی شێکردنەوە بەڵام بێسوود.

C بۆ ئەم پزیشکە ژیرەی باس کرد کە ئەو دەمەی خۆی 19-27 ساڵان بووە، شەش منداڵی لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا بووە. سێ لەو منداڵانە (کوڕێک و دوو کیژ) جۆردۆزیی ئاوتیزم یان ماخۆلان یان هەردووکیان هەبووە. کوڕەکەی کە ئاوتیزم و ماخۆلانی هەبووە بە شازدە ساڵی دەرمانی «دنەدەری شاکۆئەندامی دەمار»ی وەرگرتووە کە کاریگەریی باشی هەبووە، بەڵام کیژەکان «هیچ چارەسەرێکیان بۆ دابین نەکرا». پزیشکەکە مەبەستی بوو بینێرێتە لای دەماردەروونناس[363] بەڵام لەم نەخۆشخانەیەدا پەیدا نییە و سەرەی بنکەی ڕەوانسازی پتر لە ساڵێکە بۆ دۆخی «نائاڵۆز».

**سەرنج**

شیمانەی یەکجار زۆرە نەخۆشەکەمان ئەم کێشەگەلەی هەبێت: ماخۆلان (هەم نیشانەکانی خۆی نموونەن و هەم منداڵی هەیە بەو جۆردۆزییە)، OCD، بەرژەنگی Tourette، «دڵەڕاوکێ» و خەوپەشێوی. دڵەڕاوکێکە لەوانەیە «تەنها» دەربڕینێک بێت لەو پەرێشانە ناخەکییەوە و/یان فرەبزێوییەی لە ماخۆلاندا نموونەن. پێم وایە ئەم ژنە سوودمەند دەبێت بە بڕی کەمی، وردەوردە کەمێک زیادتری، دەرمانی «دنەدەری شاکۆئەندامی دەمار» (وەک Methylphenidate/Lisdexamfetamine)، یان Atomoxetine/Guanfacine (چونکە ئەزموون پێشانی داوە ئەم دەرمانانە سوودیان هەیە بۆ ئاوێزانی ماخۆلان، بەرژەنگی Tourette و خەمۆکی/دڵەڕاوکی). دووریش نییە C، وەک زۆر نەخۆشی دیکەی ئێسێنسبار، بەرتەکی خراپی هەبێت لە Zolpidem و جۆری دیکەی Benzodiazepine.

لەوەشە ئەم نەخۆشە سوودمەند بێت لە زانستێکی زیادتر دەربارەی ماخۆلان و «ڕەفتارساڕێژیی زانیارەکی» CBT و هەروەها «ئەپ»ی تایبەت بە زانیار دەربارەی «پەشێویی دەمارڕەوانسازانە» neuropsychiatric disorder.[364]

## پاژی شازدەهەم: گوزەرانی پاش منداڵەتی لەتەک ئێسێنس ESSENCE ـدا

زۆربەی کەسانی ئێسێنسبار تەمەنێکی درێژ دەبەنە سەر. بەڵام ماخۆلان و چەندین دەرد و دۆخی دیکەی دەبنە بنەهۆکار بۆ کێشەگەلی ئێسێنسبار، وەک بەرژەنگی Down، پووکانەوەی ماسوولکەیی Duchenne و چەند جۆرێکی پەرکەم، گەر نەخرێتە بەر چارەسەر، دەبنە مایەی تەمەنکورتی.

### هەرزەکارەتی puberty

هەرزەکارەتیی هەم پێشکات و هەم درەنگکەوتە لە ئێسێنسدا برەوی هەیە. کێشەکانی زۆرێک لە کەسانی خاوەن ئاوتیزم لە دەمی هەرزەکاریدا دژوارتر دەبن و «هەڵچوون»ی ماوەماوەی دەروونپەشێویانە، کاتی سترێس و جێگۆڕکێی خوێندن و کار، دیاردەی نامۆ نین. ئەگەر مرۆڤ بەستەری نێوان هەڵکشانی سترێس و داکشانی دۆخی کەسەکە دەرک بکات و «دەرمانی دژەدەروونپەشێوی»[365] نەکاتە دەستپێکی چارەسەری درێژخایەن، ئەوا پێشبینیی دوورمەودا بۆ زۆرێک لەم کەسانە گەشە. کەسانی دیکەی خاوەن ئاوتیزم هەن لە هەرزەکاریدا سەرکەوتنی گەورە وەدەست دەهێنن.

کیژگەلی خاوەن تێکبەستەیەک لە ئاوتیزم، پەرکەم و گرفتاریی هزری، لە دەمی هەرزەکاریدا، دەکەونە بەر گەورەترین مەترسیی داچوون.[366] داکەوتن لای بەشێک لەم کەسانە دەبێتە دیاردەیەکی یەکبین بەڵام لای بەشێکی دیکە گەڕانەوەیەکی خاو پەیدا دەبێت ڕووەو خاڵی سەرشار و لەویشەوە ڕووەو فراژووتنێکی ئاپاو.

لە ماخۆلانیشدا کاتی هەرزەکاری «داکەوتن» بەدی دەکرێت، بۆ نموونە بەدەم ڕەوتی فێرگەوە، لە فراژاندنی نیشانەگەلی زیادتری خەمۆکی و/یان هەڵکشانی ڕەفتاری دژەجڤاکیدا.

### جەوانەتی

پێ دەچێت لە دۆخێکدا ماخۆلان و DCD تێیدا ئاوێزان بن، مەودای پێڤاژۆی هەراشبوون فرە درێژخایەنتر بێت، بەڵام نەک لە دۆخێکدا ماخۆلان تێهەڵکێشی پەشێویی ڕەفتاری جڤاکی بێت. ئەو فراژووتنە دەروونجڤاکییەی وابەستەی هەرزەکارییە و تەنانەت گەشەی لەشەکیش، لە دۆخی ئاوێزانی ماخۆلان و DCD ـدا دەشێت چەندین ساڵ پاش ئەو دەمەی مرۆڤ چاوەڕێیە ماوەی هەراشبوونەکە کۆتا بێت، هەر بەردەوام دەبێت.

ئەوەش هەر باوە کە کێشەی جۆراجۆری دەروونی و لەشەکی - بۆ نموونە خەمۆکی (هەروەها تێهەڵکێشەی بەرژەنگی شەکەتبوون و خەمۆکی)، «دڵەڕاوکێ»، قەڵەوی، دۆخی ژانداری، بەرژەنگی وەستیابوون - دەبنە مایەی ڕاوێژکاری لای پزیشکی گشتی و/یان ڕەوانساز. ئەوجا بەگوێرەی ئاستی زانیار و ئاراستەی ئەو پسپۆڕەی نەخۆشە ماخۆلاندارەکە دەبینێت، جۆردۆزیی وەک پەشێویی کەسایەتی، پەشێویی دووجەمسەری، دڵەڕاوکێی گشتی یان دەردەقەڵەوی و ژانداریی ڕەگاژۆ مۆر دەکرێن. ئەگەر کێشە بنەڕەتییەکەی ماخۆلان دیاری نەکرێت ئەوا مەترسیی مەزن هەیە لە پیادەکردنی چارەسەری هەڵەی وەک نەشتەرگەریی دەردەقەڵەوی بۆ قەڵەویی زێدەڕۆ یان دەرمانی Benzodiazepine بۆ چارەی دڵەڕاوکێ.

درەنگکەوتنی ڕسکانی جڤاکی لەو دۆخەشدا پەیدایە کە ئاوتیزم تێهەڵکێشە بە بەهرەدارییەکی بەرز یان مامناوەند. بەڵام لەم دۆخانەدا باس لە درەنگکەوتنی ڕاستینە نییە، باس لەوەیە کە ئەو پەشێوییە یەکبینەی کارلێکی جڤاکی پتر دیار و بەرسەرنجە لە ژینگەی گەورەساڵاندا کە مەرجی گەورەتری هەیە بۆ دانوستانی دوولایەنەی جڤاکی.

**ناڤسەرە**

ژن و پیاوی ناڤسەرە[367] کەم نین کە بەدەم کاری پەیجۆریی کێشەگەلی ئێسێنسباری منداڵەکانیانەوە، ئاگادار دەکرێن لە دۆخی سەربە ماخۆلان و ئاوتیزمی خۆیان. بەرژەنگی Tourette کە زووتر تەنها وەک سووکە «تیکس» و سووکە ماخۆلان دەر دەکەوت، لەناکاو - بۆ نموونە بەهۆی سترێس یان چڵککردنەوە - خراپتر دەبێت و دەبێتە هۆی یەکەم دیداری ڕاوێژکارانە (سەرەدانی پزیشک).

مرۆڤی خاوەن ئاوتیزم زۆرجار بە لەش گەنجتر دیارن لەچاو تەمەنی کرۆنۆلۆژییانەی خۆیاندا. بەشێکی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کەسانە کەمتر لە کەسانی دیکە دەربڕینی ڕووخسارانە دەنوێنن و کەمتر لەشیان بەکار دەهێنن بۆ ئەرکی ڕەنجبەرانە و بۆیە کەمتر لە کەسانی دیکەی ئاوتیزمبەدەر، چرچولۆچی و نیشانەی دیکەی تەمەنزادەیان پێوە دیارە.

لەم ساڵانەی دواییدا بیردۆزەی وەها پەیدا بوون - کە تاڕادەیەک لەسەر تۆژینەوەی ئەزموونەکیی سنووردار هەڵچنراون - دەڵێن دەشێت نۆنەخشەی ماخۆلان لە ناڤسەرەدا خویا بن. بەڵام بەگشتی بەڵگە زۆرن لەسەر ئەوەی لەو دۆخانەدا کێشەگەلی تەمەنپۆش هەن بەڵام هەتا تەمەنی ناڤسەرە نابنە مایەی گرفتاریی هێند مەزن تا مرۆڤ داوای کۆمەکی پزیشکی بکات. بەتایبەتیش وەها باشە سەرنجگیری خانمانی ناڤسەرە بین کە دەشێت ماخۆلانی تەمەنپۆشیان هەبووبێت بەڵام بە خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، دەردی دوو جەمسەری، خواردنپەشێوی و خۆزەدەکردن پەردەپۆش کرابێت.

**پیری**

لە نێو کەسانی پیرتردا کە کێشەی بیرچوونەوەیان هەیە پاشخانی ئێسێنسبار نامۆ نییە. وەها پێ دەچێت دەگمەن نەبێت هۆکاری ئەم کێشەی بیرچوونەوەیە نەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی دەردی نوێی وەک دیمێنسی[368] سەربە ئالزایمەر،[369] بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشەی یادگەیەی (کە لە زۆربەی دۆخەکانی ماخۆلاندا پەیدایە و لای ئاوتیزمیش کەم نییە) کە هەر لە منداڵییەوە کەسەکەی هەراسان کردووە بەڵام بەدەم پیربوونی ئاساییەوە پتر خویا دەبێت. هیچ دوور نییە کە چارەی نەریتیی ماخۆلان بۆ ئەم دۆخانە سوودبەخش بن.

ڕاستە ڕێژەی ماخۆلان لای کەسانی سەروو 65 ساڵ بەرزە، بەڵام بەشێکی بەرینی ئەم گرووپە زووتر جۆردۆزیی «دروست»ـیان بۆ مۆر نەکراوە، بە پلەی یەکەم چونکە جۆردۆزیی ماخۆلان هەتا ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم هەر بوونی نەبووە (گەرچی کێشەکان هەبوون و ناوی دیکەیان لێ نراوە، وەک ڕەفتارپەشێوی یان دڵەڕاوکێ). بۆ ئەوەی خۆمان لادەین لە پەیجۆریی ناپێویست و چارەسەری نالەبار، دەبێت بزانین کە ماخۆلان لای کەسانی تەمەندار دیاردەیەکی باوە. ئەم زانینە بە تایبەتی دەبێت لە نەخۆشخانەی ناوچە، نەخۆشخانەی تەمەنداران و لە کلینیکی یادگەدا پەیدا بێت.

**زایەندەتی**

چەندین تۆژینەوە هەن پێشانی دەدەن کە نا-«جیاخوازەتی»[370] لای کەسانی سەربە ئاوتیزم باوترە لەچاو ئاپۆرەی گەلدا. بەڵام باسی «نوێنەرایەتی» لەم تۆژینەوانەدا جێی پرسیارە (تا چ ڕادەیەک ڕەنگدانەی گەلن، نوێنەرایەتیی جۆرەکانی مرۆڤی ئەو گەلەن) و ئەو چەند تۆژینەوە کەمەی کاریان لەگەڵ گرووپی نوێنەرایەتیی دروست کردووە، بۆ نموونە دەربارەی بەرژەنگی ئاسپێرگەر، هەڵکشانی وەها پێشان نادەن لە ڕێژەی بۆ نموونە «هاوخوازەتی»[371] کە جێی باس بێت.

تاکوتەرای تۆژینەوە هەن باس لە هەڵکشانی «پارافیلیا»[372] دەکەن لە نێو ئاوتیزمدا. پارافیلیا دەکاتەوە ئارەزووی چڕی زایەندخوازانە بۆ بابەتی وەک پێڵاو، درەخت و بابەتی دیکەی وەها کە بەگشتی لای کەسانی دیکە نابنە مایەی ورووژانی ئارەزووی زایەندەکی.

بەڵام چەندین تۆژینەوە هەن پێشانی دەدەن کە لای کەسانی خاوەن جۆردۆزیی «جەندەرپەرێشانی»[373] ئاوتیزم فرەهاتی بەرزە. ئەمە خاڵێکی گرینگە مرۆڤ بیزانێت بەتایبەتی لە پەیجۆریی وەها کە بۆ هەڵوێستگرتنە لە نەشتەرگەریی زایەندگۆڕین. ئەزموون پێشانی داوە کە پاش نەشتەرگەریی زایەندگۆڕین مەترسیی پەشیمانی لای کەسانی ئاوتیست پەیدا دەبێت.

«پەشێویی زایەندەکیی زێدەڕۆ»،[374] لەچاو ئاپۆرەی گەلدا لای ماخۆلان باوترە. بەڵام «زایەندنەویستی»[375] پاتەوپات (ڕاشکاو) لە نێو دەستەی ئێسێنسباردا تەنها لای بەرژەنگی ئاسپێرگەر و ئاوتیزم بەرزە دەنا لە دۆخی دیکەدا باو نییە.

تۆژینەوە دەربارەی زایەندەتی و ناسنامەی جەندەرانە لە بواری ئێسێنسدا هێشتا خاوە و دەبێت لەم چەند ساڵەی داهاتوودا پێشەمی بدرێتێ.

## پاژی هەڤدەهەم: «بنگەی ئێسێنس»

ئێسێنس دەبێت وەک کێشەیەکی گەلێری (میللی) ساخڵەمی ڕەچاو بگیرێت چونکە نێزیکەی دەیەکی خێزانی زارۆکدار دەگرێتەوە. بۆیە زۆرێک لە خێزانی زارۆکدار پێویستیان هەیە بەوەی منداڵەکانیان لە بەرایی تەمەندا بخرێنە بەر پەیجۆری و گەر پێویست بێت، کۆمەک بکرێن.

### زۆرجار کۆمەکی دروست دابین نییە

لەم سەردەمەدا بەدەگمەن کۆمەک دابین دەکرێت بۆ منداڵ و خێزانیان لە ڕێی بنگەیەکی خاوەن بەرپرسایەتیی سەرلەبەر. ئەگەر جۆردۆزییەکیش بەر لە تەمەنی ساڵانی فێرگە مۆر بکرێت ئەوا بەگشتی تەنها یەک ڕووکاری ئەو کێشەگەلە دەگرێتەوە کە زۆرجار ئاڵۆزە. بۆ نموونە منداڵێک پێوەرەکانی ئاوتیزم پڕ دەکاتەوە، ئەو جۆردۆزی و کۆمەکەی بۆ دابین دەکرێت کە بە ئاراستەی ئاوتیزمە، بێ ئەوەی مرۆڤ وردەکارانە سەرنجگیری کۆگرفتی دیکە بێت، وەک گرفتاریی هزری، زمانپەشێوی و ماخۆلان. ئەم کێشانەی باسیان هات دەشێن لانیکەم بە ئەندازەی ئاوتیزمەکە تاوی ناپاویان لەسەر فراژووتنی دەوامەداری ئەو زارۆکە هەبێت. منداڵێکی دیکەی بەهۆی درەنگکەوتنی زمانگرتنەوە دێتە لای لۆگۆپێد، جۆردۆزیی زمانپەشێوی وەردەگرێت بەڵام کۆگرفتەکانی دیکەی وەک ماخۆلان و DCD هەتا چەندین ساڵ بەر جۆردۆزی ناکەون.

### پسپۆڕیی گردەوار پێویستە - بنگەی ئێسێنس

وەها باشە یەک بنگە هەبێت خێزان ڕووی لێ بنێت کە تێیدا پسپۆڕییەکی بەرینی سەرلەبەری بواری ئێسێنس تێیدا گردەوار (کۆکراوە) بێت. لەو بنگەیەدا دەبێت لانیکەم پزیشک، پەرستار، دەروونناس و مامۆستای تایبەتکار (بە خوێندنی تایبەت) کارا بن. پیشەوەرانی دیکەی وەک لۆگۆپێد، پیشەسارێژ،[376] بیستنناس،[377] ژێنساز و ... هتد دەبێت وابەستەی ئەم بنگەی ئێسێنسە بن. ئاستی زانیار دەربارەی ڕەوانسازیی زارۆک/دەمارناسیی زارۆک، دەروونناسیی فراژووتن، ژێنناسی،[378] بانژێنۆمی،[379] فراژووتنی بەرایی مێشک و هەروەها ئاستی زانیار دەربارەی پزیشکیی خێزان و پێداگۆگی دەبێت لەم بنگەی ئێسێنسەدا بەرز بن.

ڕووپێوییەکی سەرلەبەری کێشە و خاڵی بەهێز دەشێن خێرا ببنە مایەی هەموارکاری لە نێو خێزان و فێرگەدا و لەویشەوە بۆ کەمکردنەوەی سترێس. تۆژینەوەی درێژخایەن هەن وەک ئەنجامی لاوەکی پێشانی دەدەن کە ئەم کارانە دەبنە ڕێبەست لە دروستبوونی کێشەی لابەلای دیکەی وەک لاوازیی خۆباوەڕی، چەپاندن، خۆدزینەوە، خەمۆکی، ئاکاری خۆکوژانە، ئالوودەبوون و تەنانەت فراژاندنی خواردنپەشێوی و دەروونپەشێوی (سیکۆس).

### دۆزینەوە / ڕووماڵکردن

چەندین جۆر ئامرازی ڕووماڵکردن هەن (وەک پرسیارنامە و خشتەی نۆڕین) کە خۆشدەست و سوودبەخشن بۆ هاوکاریی نێوان دایباب و کارمەندانی بنکەی ساخڵەمیی جۆراوجۆردا. بەشێکی ئەم ئامرازگەلە فرە چوستن بۆ شۆپاندنی زارۆکی خاوەن ئێسێنسی جیاواز، بۆ نموونە M-CHAT بۆ ئاوتیزم، ESSENCE-Q بۆ گشت جۆرەکانی

ئێسێنس، SDQ بۆ «کێشەی سەربە ڕەوانسازیی زارۆکان» و ڕووماڵی ساکاری زمان بۆ زمانپەشێوی. بەشێک لەم ئامرازانە لە ئینتەرنێتدا بەخۆڕایی بەردەستن، بەڵام وەها باشە بە یارمەتیی پزیشک یان پەرستاری پسپۆڕ پڕ بکرێنەوە نەک دایباب بە تەنها.

| نیشانە یان نیگەرانی لە فراژووتنی منداڵی تەمەن زارۆخانە کە دەشێن ببنە مایەی پەیجۆریی ئێسێنس |
|---|
| 1. فراژووتنی گشتی |
| 2. بزاوتن |
| 3. زمان/دانوستان |
| 4. کارلێکی جڤاکی |
| 5. سەرنجگیری («پێ دەچێت گوێ نەگرێت») |
| 6. چالاکی (بزۆز/خامۆش، جرپن، پەڕگیر) |
| 7. ڕەفتاری گشتی |
| 8. مەزاج |
| 9. خەو/خواردن |

بۆچوونی جیاواز هەن دەربارەی سوودی زوو ڕووماڵکردنی گشت منداڵان لە بنگەی چاودێریی زارۆکان. لانیکەم، لە دۆخی ئاوتیزم، گرفتاریی هزری و زمانپەشێویدا بەڵگەوبەندی سەلمێنەر هەن دەڵێن زوو دۆزینەوە دەبێتە مایەی پێشبینیی گەشی دوورمەودا. تێناگەم سوودی چییە مرۆڤ چاوەڕێ بکات هەتا چەندین کێشەی لاوەکی پەیدا دەبن. هیچ گومان نییە لەوەی دەکرێت لە ڕێی ڕووماڵی وەها گشتییەوە، بۆ نموونە ئاوتیزم، زووتر بدۆینەوە. زۆر وەڵات (و تەنانەت چەند هەرێمیکی سوێدیش) ئامۆژگارییان هەیە بۆ زوو ڕووماڵکردنی ئاوتیزم. ئامرازی ڕووماڵکردن دەکرێت سوودبەخش بن بۆ یەکلاکردنەوەی بوون و نەبوونی ئاوتیزم یان زمانپەشێوەی.

**پشکنین و جۆردۆزی**

کاتێک گومانی بەهێز لە بوونی ئاوتیزم یان بە نموونە زمانپەشێوی پەیدا دەبێت و پاشان بە یەکەم ڕووماڵکردن (بە نموونە لە بنگەی چاودێریی زارۆکان) دێتە پەژراندن، ئەوا دەبێت ئەو زارۆکە بخرێتە بەر پشکنینی ورد بۆ مۆرکردنی جۆردۆزی و نەخشەڕێژکردنی پێویستیی کۆمەک و چارەسەر. گەر منداڵی هەراشتر و نەوجەوان بۆ

چارەی کێشەی دەروونی، دەروونلەشەکی[380] یان خواردنپەشێوی (دەردەقەڵەوی، ئانۆرێکسیا، بولیمیا) هاتنە سەرەدانی بنگەی جۆراجۆری تایبەت بە خۆیان، ئەوا وردبوونەوە لە ئێسێنس و ڕووماڵکردن گرینگە، گەر گومان هەر بەردەوام ما، ئەوا دەبێت جۆردۆزییەکی لەبار بۆ ئەو مرۆڤە دابین بکرێت.

گەورەسالانی خاوەن کێشەی ئێسێنسبار نێزیکەی هەمیشە جۆردۆزیی دیکەیان لەلایەن پزیشکی گشتی و ڕەوانسازەوە بۆ مۆر کراوە (وەک شەکەتی،[381] وەستیایی،[382] خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، پەشێویی کەسایەتی). لەم دۆخانەشدا هەمیشە گرینگە هەڵسەنگاندنی ئێسێنس بکرێت، هەروەها ڕووماڵکردن و ناردنە بەر جۆردۆزیی لەباریش گرینگن گەر گومان لەئارادا بێت.

جۆردۆزیی لەم بوارەدا دەبێت لەلایەن دەستەیەکی پسپۆڕی پێکهاتە لە ڕەوانساز، پزیشکی تایبەت و پزیشکی زارۆکان بە هاوکاریی دەروونناس بێتە مۆر کردن. لە «دەستەیەکی ئێسێنس»ی خۆشڕەوتدا، جگە لەوانەی ناویان هات، دەبێت پەرستار، پێداگۆگ، پیشەسارێژ، لۆگۆپێد و لەشسارێژ هاوکار بن.[383] لێرەدا هاوکاریی لەتەک بنگەی چاودێریی زارۆکان و ساخڵەمیی فێرگە و تەنانەت چاودێریی جڤاکی بەرخواستن.

مۆرکردنی جۆردۆزیی تەنها پەیجۆری نییە لەوەی ئایا پێوەرەکانی جۆردۆزییەکی دیاریکراو (وەک ئاوتیزم یان ماخۆلان) پێکراون یان نا، بەڵکوو بە پلەی یەکەم ڕاڤەکردنێکی وردە لە کێشە و توانستی ئەو کەسە، کە دەبێتە بناخە بۆ پێشنیازی کۆمەک و چارەسەری هەمەجۆر. جۆردۆزییەکی بنەما (وەک بەرژەنگی Tourette) زۆر باش دەشێت مۆر بکرێت، بەڵام نێزیکەی هەمیشە دەبێت چێوەبەندی جۆردۆزیی دیکەی لاوەکییش بکرێت (وەک DCD و ماخۆلان). هەروەها گرینگیشە گەر پێویست بێت جۆردۆزیی لاوەکیی دیکەی وەک ئانۆڕێکسیا نێرڤۆسا و خەمۆکییش بێتە چەرخاندن. هەرچییەکی مایەی چارەسەر بێت و هەر کۆمەکێکی کەسی داواکار پێویستی پێی هەبێت، لە جۆردۆزییەکەدا دەبێت ناودێر بکرێت.

هەڵبەت جۆر و ڕەوتی پشکنینی پێویست، کە جۆردۆزییەکە ئاماژەی پێ دەدات، لە کەسێکە بۆ کەسێک جیاوازە. بەگشتی بۆ پزیشکی شارەزا، دیاریکردنی جۆردۆزیی لەباری ئێسێنس کارێکی سەخت نییە، لەوەشە وەها باش بێت هەر خۆی بڕیار بدات لەوەی کامە پەیجۆری ڕێک بۆ ئەم دۆخە گونجاوە.

پاش مۆرکردنی جۆردۆزییەکەی ئێسێنس ئەوا کاتی بڕیارە لەوەی چ پشکنینی دیکە گرینگە ئەنجام بدرێت. گشت منداڵێکی خاوەن هەر جۆردۆزییەکی ئێسێنسبار دەبێت بخرێتە بەر هەڵسەنگاندن بۆ دیاریکردنی هەم ئاستی دەرک و هەم پرۆفایەلی دەمارناسانەی ئەو منداڵە (بۆ نموونە بە یەک لە پێوەرەکانی Wechsler)، جگە لەوانەش دەبێت «کارکردی گونجان»یش بێتە هەڵسەنگاندن، بۆ نموونە بە Vineland[384] یان ABAS.[385] تەنانەت منداڵی بچووکیش گەر چەندین پێوەری دوو جۆردۆزیی ئێسێنسبار یان زیادتری پێکا ئەوا دەبێت هەر لە سەرەتاوە کارکردی هەم دەرک و هەم گونجانی بێتە هەڵسەنگاندن. چەندین دیڤچوون پیشانی داوە کە ئەمانە پاشان لە ماڵ، زارۆخانە، فێرگە و لە چالاکیی دیکەشدا پێویستیان بە کۆمەکی فرەوان دەبێت.

پزیشکی پەیجۆر پاش ڕاوێژی دایباب یان نەخۆشەکە خۆی ئەگەر گەورەساڵ بێت، بڕیار دەدات لە ڕادەی پشکنینی کلینیکی (ژێنەکی، دەمارکیمیا،[386] مێتابۆلیانە، EEG، مێشکوێناندن... هتد). پشکنینی بەرین پێویستە بۆ زۆر لە گەورەسالانی خاوەن ئاوتیزم و/یان گرفتاریی هزری بەمەبەستی ئەرخەیانبوون لە بوون و نەبوونی دەردی دیکەی وابەستە یان بنەما، وەک پەرکەم، «بەرژەنگی تورتە X»، سەختەگرێ، ئاوسانی ڕیشاڵدەمار، بەرژەنگی ئاوڵەمەی کوحوولزەدە، کەمیی ڤیتامین D و لاوازیی تیرۆئید.[387] لەم تیمەی پشکنینەدا دەبێت پزیشکێکی پسپۆڕ و ئازموودەی بوارەکە ئامادە بێت.

چەمکی جۆردۆزی واتە «لە ڕێی زانیارەوە» یان «هەڵاواردن». مەبەست لە جۆردۆزی دیاریکردن و هەڵاواردنی دۆخ، کێشە یان دەردە بۆ دابینکردنی چارەی لەباری خاوەن بەڵگەوبەند. گەر پێویستیی کۆمەککردن لەئارادا نەبێت ئەوا بەگشتی هۆکارێک نییە بۆ جۆردۆزی.

جگە لەوە، پشکنین و جۆردۆزی دەبێت لایەنی بەهێزی ئەو مرۆڤەش ڕووپێو بکات. جار هەیە ئەمیان دەبێتە گرینگترین بەشی جۆردۆزییەکە بۆ پێشنیازکردنی ڕێگەی لەبار بۆ دەستتێوەردانی جۆراوجۆر.

**کۆشان، دەستتێوەردان و تیمارکاری**

لەژێر چەتری ئێسێنسدا چەندین جۆر نیشانە و کێشە هەن کە پێویستیان بە کۆشان و چارە هەیە بەمەبەستی سنووردارکردنی داهێزانی کارکردی گونجان.

لێرەدا گرینگە بزانین کە «تیمارکاری» بە واتای جیاواز دێتە بەکارهێنان. زۆرجار ئەم سێ چەمکە جودا دەکرێنەوە لەیەک: کۆشان، دەستتێوەردان و تیمارکاری.

- «کۆشان» نێزیکە لە دەستتێوەردانەوە بەڵام مەبەست لە ئەرکی پتر گشتی و هەمەپۆشە کە دەشێت ئاڕاستەی گرووپی گەورەی منداڵ بێت (بۆ نموونە گشت منداڵان، گشت منداڵانی خاوەن گرفتێکی تایبەتی وەک سەختەسەواد، زمانپەشێوی یان خەوپەشێوی).
- «دەستتێوەردان» بۆ جۆرێکە لە ئەرکی پلانرێژ بۆ یارمەتیدانی منداڵ یان گرووپێکی بچووکی منداڵ. بنەمای ئەم ئەرکە بریتییە لە زانیار دەربارەی کێشەیەکی دیاریکراو کە مرۆڤ پێی وەهایە بناخەیەکی باشی هەیە بۆ بڕواهێنان بەوەی دەشێت کاریگەریی ئاپاوی لەسەر کێشەکە هەبێت (بۆ نموونە لە دۆخی زمانپەشێویدا: ڕاهێنانی زمان، یان لە دۆخی ئاوتیزمدا: زیادکردنێکی خاوی بەرکەوت لەگەڵ دنەدەری وەها کە پێ دەچێت پەشێوی لای منداڵەکە پەیدا بکات).
- «تیمارکاری» زۆرجار مەبەست لێی کارێکە (وەک دەرمانکاری یان ڕەفتارسازیڕێژیی زانیارەکی CBT) کە مرۆڤ پێی وەهایە لە ماوەیەکی دیاریکراودا (چەند هەفتە، مانگ یان ساڵ) دەبێتە مایەی دەربازبوون یان لانیکەم داهێزانێکی بەرچاو لە کێشە و نیشانەکاندا.

چەمکی «تیمارکاری» وابەستەی چەمکی نەخۆشی و نیشانەگەلی نەخۆشییە، بەڵام کۆشان و دەستتێوەردان کاری وا هاوئامێز دەکەن کە مەبەست لێیان کەمکردنەوەی کاریگەریی ناپاوی گرفتارییە، جا ئەو کاریگەرییانە زادەی نەخۆشی بن یان نا.

لای زۆر کەسی ئێسێنسبار، کەمکردنەوەی تاوی ناپاوی گرفتارییەکە گرینگترە لە تیمارکردنی دۆخەکەی. بەڵام چارەی نیشانگەل باسێکی نامۆ نییە. بۆ نموونە لە دۆخی ماخۆلاندا پەیدایە (دەرمانکاری دژ بە سەرنجپەرتی و/فرەبزێوی/جرپنی)، OCD (ڕەفتارسازیڕێژیی زانیارەکی CBT دژ بە کرداری زۆرەکی) و DCD (بەتایبەت بە ئاڕاستەی ڕاهێنانی جووڵە).

**ئاگاداری بۆ خێزان/خول بۆ دایباب**

لە دۆخی ئێسێنسباردا، زۆرجار ئاگاداری بۆ خێزان و خول بۆ دایباب گرینگترین بەشە لە بەرنامەی کۆشانەکەدا. ڕاڤە و ڕاپۆرتی وردی هەموارکراو لەگەڵ دۆخی کەسەکە و خێزانەکەی کە پاش پشکنین و پەیجۆری ئامادە دەکرێت و لایەنی بەهێز و لاواز ڕوون دەکاتەوە، فرە پێویستە لە گشت دۆخەکاندا و دەشبێتە بەردی بناخە لە کاری ئەو دیڤچوونە فرەساڵییەدا کە نێزیکەی هەمیشە کارێکی پێویستە. بەگشتی دەبێت ئەو جۆرە ئاگادارییە دوو جار بدرێت و ماوەی چەند هەفتە یان مانگیان نێوان بێت بۆ ئەوەی خێزان/کەسی بەرباس کاتی هەبێت بۆ پەیبردن بەو ئاگادارییانە و لە دیداری دووهەمدا زانینی نوێی خۆی بکاتە بنەما بۆ پرسوڕا.

خولی ئێسێنس بۆ دایباب کارێکی فرە سەنگینە گەر هەموار کرابێت لەگەڵ دۆخ و کێشەی خێزانەکە، بەڵام بێسوودە گەر تەنها ئاگاداریی گشتی بێت بۆ خێزان. تەرخانکردنی کاتی وەک «کۆتای هەفتە بۆ خێزان» یان «هەفتە بۆ خێزان» کە تێیدا خێزانی خاوەن منداڵی ئێسێنسبار کۆ ببنەوە (بەمانەوەی شەوانەشەوە) بۆ بیستنی وانەی تایبەت و ڕاوێژ لەتەک پسپۆڕاندا دەربارەی کێشەکانی خۆیان، وەک لە تۆژینەوەی دیڤچوونەکاندا خویا دەبێت، سەنگی بەرچاویان هەیە بۆ سەرخستنی جۆرایەتیی گوزەران.

گرینگیشە بزانین کە بەشێکی بەرین لە ئەندامانی دیکەی نێو خێزانی خاوەن منداڵی ئێسێنسبار دەشێت ئەسێنسبار بن و دوور نییە ئەوانیش پێویستیان بە پشکنین و کۆمەک هەبێت، نە تەنها ئەو منداڵەی بەرباسە.

**ئاگاداری بۆ کەسی خاوەن ئێسێنس**

بڕیاردان لەوەی کامە تەمەن وکامە کات باشە بۆ پێدانی ئاگاداریی ورد لە کرۆکی جۆردۆزییەکە بە منداڵ، کارێکی ئاسان نییە. بەڵام بەگشتی ئامۆژگارییەکە دەڵێت «هەتا زوو بێت باشترە». نێزیکەی هەمیشە وەها باشترە مرۆڤ بتوانێت لە نێو خێزاندا بە ڕاشکاوی، بێ ترس و بێ هەڵوێستی داوەرانە گفتوگۆ دەربارەی جۆردۆزییە مۆرکراوەکە، کێشەکە و لایەنە بەهێزەکانی مرۆڤەکە (کە جار هەیە گەلێک سوودبەخشن) بکرێت.

